سروە

ئەدەبی - فەرھەنگی



١٦

ئاوەندی بڵاوکردنەوەی فەرھەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

گۆواری ئەدەبی - فەرھەنگی سروە - ساڵی سێهەم - ژمارە ١٦ - خەزەڵوەری ١٣٦٦ - [redacted]

مناجات

ئەسیر وبەند ودیلی نەفسی زالم
بەزەی نایە بەحالم نەفسی زالم

خودایە! رۆژی رەشی چارەڕەشی وشەوی تەنیایی و بێ بەشی سەرتاپای تەمەنی دوور و درێژی داگرتووم و رەوڕەوەی بەختەوەری راگرتووم.

وەرە هانای دڵی گڕگرتووم. کە کەسم نیە وبەرجی تۆ فەریادڕەسم نیە.

خودایە! سەرەرۆیی دەورەی خاویم وتاوانی لاویم و نافەرمانی پیاویم بەگەورەیی خۆت ببوورە ، چاوم لە بەرگرین سوورە و هەورازی بە تۆ گەیشتنم لەلا دوورە. وەرە هانام با قەرەبوو کەمەوە هەلی لە دەستچووم و ئاخ هەڵنەکێشم بۆ تەمەنی بابردووم.


خودایە! باری تاوان و هەڵەم ئەوەندە قورس و گرانە شانی چەماندوومەوە. بەم هەموو ئاکارە شوومەوە هاوارم هێناوەتە بەر دەرگات ،ناهومێد وبێ هومێد لە دەرگات شەیتانە و بەس . هومێدم زۆرە چون ئەوەندەی دەفتەری کردەوەم رەش وبۆ رە رەحم وبەزەیی تۆ هەزار بەرامبەری گوناهی منە و چاوپۆشیت دەریایەکی بێ بنە.

خودایە! بۆ خاتری ئەوانەکەم لە دارەتی دە دنیایە قەتیان بێ ئەمری نەکردووی ،قەتیان ناو لەبیر نەبردووی، بۆ خاتری ئەوانەکەم شەو بەیادی تۆ تا بەیان ناخەون و بێخەون و بەیانی بەناوی تۆ رۆژی نوێ دەست پێدەکەنەوە لە هەموو تاوان و سووچی تاوانباران خۆش بە. دنیا بۆ هەموو لایەک پڕ لە خێر و خۆشی و بەرەکەت بکە! هەموان لە بەڵای زالم و شەڕی شەیتان بەدوور بکە. هەموان بەرەو سەلاح و خێر و چاکە رێنوێنی بکە منی هەژار و بێ هانا و چارەڕەش و بێ بەشیش لە پەنای ئەوان!

ئامین یارب العالمین

نێوەرۆک





به ناوی خودا

سەروتار

سڵاو لەخوێنەرانی بەرێز

گوتمان کە رەخسانی دەرفەتی بەوەج بۆ ژیانی خاوێن وبەشەرەف تەنیا بە خەباتی راستەوخۆ دژی زوڵم و دامودەزگای سەرەرۆی چەوسێنەران مەیسەر* دەبێ.

بەخۆت نیە، ئەگەر بتەوێ رزگار وسەربەخۆ و بێ دەربەستی بژی وبەکورتی ئینسان بی وتەنیا پاڵ وەسرشت وخوڵقانی ئازادی خۆت بدەی لەگەڵ زوڵم و حاکمەتی زوڵم وچەوساندنەوە تێک هەڵدەچی، کە لە وتارەکانی پێشوودا بەوردی لەسەری دواوین بەڵام ئەوی گرینگ شێوەی خەباتە کە دەبێ چۆن خەبات بکەین.

" **روونە کە خەبات دژی چەوسێنەرانی جیهانی بەسەرکردایەتی ئامریکا کردەوەی دەوێ وگاڵتە نیە. هەروەک بەداخەوە لەئێرانی دەوری تاغووت وحوکمەتە سەرسپێراوەکانی ئێستای ناوچە ««چەوسێنەری» وەها**

تان وپۆی ئابووری وسنعەتی و سیاسی وفەرهەنگی وکۆمەڵایەتی یان تان و پۆی چەوسێنەری وەها ئابووری و سیاسەت وفەرهەنگ و باری کۆمەڵایەتی تەنیون کە بەراستی وەلابردن وچاوپۆشی لە سەرسپێراوی ئەوان زۆر ئەستەمە وسانی نیە"

ئەنکوست لەسەر ڕواڵەت دانانی ئەم خەباتە چ بە قسە وچ بەنووسین خۆفریو دانی نەزانانە و کەم برستی منداڵانەیە و هیچی دی !

بناخە، مەرجی سەرکەوتنی هەر شەڕ و خەباتێکە. بناخەیەک کە بتوانێ هانەی پێویست بۆخەباتی درێژخایەن و بە تاووتین لە ورەی گەلدا پێک بێنی و ڕوحی بەرگری و خۆڕاگری وئیمان بە نەفس وبە سەرکەوتنی یەکجاری لەدڵ باوێ. لە پێوەندی لەگەڵ بناخەدا لە سایەی حەمدی خوداوە هێز و ورەیەکی زۆر دەبیندرێ کە وەبیرهێنانەوەی هێندیکان لێرەدا بەپێویست دەزانین.

١- دژایەتی زاتی :

وەک پێشان گوتمان باسی نێوان ئێمەوچەوسێنەر بەهۆی زێدەویستی وانیەکە بتوانین بڵێین لە جێیەک دەستەودەیارەی چەوسێنەران وگەلانی رزگار و سەربەخۆ یەک دەگرنەوە. هەرکات

● با ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە قسەمان لەگەڵ خۆفرۆشان وسەرسپێراوانی بێگانە و ئەوانە کە ڕوحی تەسلیم وسووکایەتی وژێرچەپۆکەیی لە دڵ خەڵک داوێن نیە.چون ئەوانە بۆخۆیان کایەی دەستی، کوڵەدارن وملۆزمی ڕێگەی گەلانن و بوونە ئاوبەندی ڕێبازی ئەوان. جا ئەم ئاوبەندەش دەبێ لەسەر ڕێ هەڵگیرێ ●

ئەم مەبەستەش پێک بۆ قەت چەوسێنەر دانی پێدا نایەنێ.

جائەگەر قەرارە بژین و سەرەتایی ترین مافی ئینسانیمان ببێ دەبێ لەگەڵ کفر وشیرک وزوڵم خەبات بکەین.

با ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە قسەمان لەگەڵ خۆفرۆشان و سەرسپێراوانی بێگانە و ئەوانە کە ڕوحی تەسلیمو سووکایەتی وژێرچەپۆکەیی لە دڵی خەڵک داوێن نیە.چۆن ئەوانە بۆخۆیان کایەی دەستی کوڵەدارن وملۆزمی ڕێگەی گەلانن و بوونە ئاوبەندی ڕێبازی ئەوان. جا ئەم ئاوبەندەش دەبێ لەسەر ڕێ هەڵگیرێ.

بەکوردی هەستی رزگاریخوازی وسەربەستی و ڕێز بۆ مافی تاک وگەل دانان لەگەڵ بیروبڕوای دڕندانە و ملهوڕانەی چەوسێنەران یەک ناگرێتەوە و یەک بوونی ئەم دووە مەحاڵە و بەربەرەکانی ودژایەتیان بەردەوام درێژەی هەیە.

" ئەگەر سپی پۆشانی ئازادە خۆیان بۆ خەباتی چارەنووس ساز تەیار نەکەن دەبێ چاوەڕوانی دەستەڵاتداری ڕۆژ لە ڕۆژ پتری بەڵەک پۆشان وتاریکان پەرستان بن و فەوتانی گەلی خۆیان بە چاوی خۆیان ببینن "

جا ئەوە دەتوانێ بۆ خۆی بناخەی قایم و پتەو و هانەی گەل بێ بۆخەبات دژی ویست وقازانجی، نابەجێی کوڵەدار و چەوسێنەران.

بایەخی گەل ونەتەوە :

بێ شک هەر نەتەوەیەک بەزمان ورەنگ و ڕەگەزی تایبەتی خۆیەوە لە چوار چێوەیەکی دیاری کراوی جیهان دەژین وخوویان بەبەشێک لە گۆشی زەوی گرتووە و بەدرێژایی ژیانی پڕهەڵس وکەوتیان فەرهەنگیان لەگەڵ باری جوغرافیایی ونژادی و ...ڕێک کەوتووە و ئەم مەبەستە بۆتە هۆی ئەوە

تا هێندێک لەباری هەست و روحەوە دڵبەندی پێ پەیدا بکا وبەم پێیە بە زۆر شت دڵبەند دەبێ و لە زۆر شت دڵمەند دەبێ. ئەم بەرزینەهەستد بەراستی چەشنە هەڵوێست گرتنێکە و دەتوانێ لەزۆر دەرفەتدا هانەی بەربەرەکانێ لەگەڵ هێرش گەلێک بێ کەبەمەبەستی فەوتاندنی فەرهەنگ و دڵبەندی گەلی ونەتەوەیی و رەگەزی گەلانی جۆربەجۆر دەکرێ.

ئیمڕۆ چەوسێنەری، جیهانی وێرای ئەو جووڵانەوە رواڵەت هەڵخەڵەتێنە وچاووڕاوە درۆ بۆ بناخەیە کە بە قسەی خۆی پارێزگاری لە مافی گەلان دەکا بەڵام بەپێچەوانە تەنیا لە موعادلەی سیاسیدا کەڵک لە مافی نەتەوەکان وەردەگرێ، حەول دەدا خەڵک لە فەرهەنگی ریشەدار و رەسەنی خۆی دەست هەڵبگرێ وفەرهەنگی خۆ دوڕاندن و کشانەوە وەربگرێ.

بەم شێوەیە پارێزگاری لە هەموو فەرهەنگ و داب و رەسم و نەریتی گەلی و نەتەوەیی و دڵبەندی بە ئاوو گڵ و نیشتمان لەجێی خۆی هانەیەکی بەوەج و بەرچاوە کە گەل لە بەرامبەر شەپۆلی هەراوی تەیار دەکا و لێبراویان دەکا خۆراگر بن. ئەم خۆ راگری یە شەرێکی بەربڵاوو هەمەلایەنەی بەدواوە



با سلام بەخوانندگان محترم

گفتیم که دستیابی به شرایط مناسب برای حیاتی طیبه و شرافتمندانه راهی جز مقابلەای جدی با اساس ظلم ودستگاه خودکامه استکبار ندارد. این مبارزه امری اختیاری نیست و چنانچه بخواهیم آزاد، مستقل خودکفا و خلاصه انسان بمانیم و بر آزادگی خود در خلقت تکیه و تاکید داشته باشیم، لاجرم با عاملین جور و حاکمیت ظلمت و استثمار درگیری جدی خواهیم داشت و این مطلبی است که در بحث گذشته تاحدودی تعیین گردیده است.

نکته مهمی کەمطرح میشود اینست که این مبارزه چگونه صورت میگیرد ؟

"روشن است که مبارزه با استکبار جهانی بسرکردگی آمریکا درعین عملی بودن بهیچ وجه شوخی بردار نیست، چه با نهایت تاسف در زمان حاکمیت طاغوت درایران وحکومتهای وابسته فعلی منطقه تسلط عینی وذهنی استکبار در تاروپود بافت اقتصادی، صنعتی واز آنها مهمتر اجتماعی، سیاسی وفرهنگی ملتهای تحت ستم بگونەای جا باز کرده است که بطور حتم نمیتوان حذف پارامترهای وابستگی را امری ساده وآسان تلقی کرد.

تکیه بر ظواهر امر و محدودیت دراین مقابله در نوشتار و گفتار نیز جز سادەاندیشی کودکانه وخود فریبی جاهلانه چیز دیگری نخواهد بود، هر مبارزه و جنگ پیروزی، نخست نیازمند مبنا است مبنایی که قادر باشد انگیزەهای لازم را برای یک مبارزه دراز مدت وداغ در آحاد یک ملت ایجادوروح سلحشوری و استقامت واعتماد بنفس وایمان بەپیروزی نهائی را درآنان بدمد. در رابطه با مبنا بحمدا... قوت و استواری بسیار دیده میشود کەبرخی از ابعاد آنرا یادآور میشویم.

۱- تزاحم ذاتی

چنانکه پیشتر یادآور شدیم بحث ما بااستکبار (بدلیل زیادەطلبیش)

بگونه‌ای نیست که بتوان مرحله‌ای را که در آن عوامل استکبار و ملتهای
تزاحم ذاتی دارد وجمع این دومحال وتقابل وستیزشان اجتناب ناپذیر است .

● " البته روشن است که خودفروختگان و وابستگان به اجانب و آنانکه آگاهانه روح تسلیم و ذلت را در مردم میدمند موردنظر و خطاب نیستند چه اینان خود به‌عنوان ملعبه‌های استعمار از آنجا که سدراه ملتها هستند باید از سدراه برداشته شوند ." ●

آزاد ومستقل باشند ،متصور شد. و چنانچه این تصور بوجود آید هرگز مورد تصدیق او واقع نخواهد شد...

بنابراین اگر قرار است زنده واز حداقل حقوق انسانی بهره‌مند باشیم هیچ راهی جز مصاف با قوای کفر وشرک و ستم نخواهیم داشت .

"البته روشن است که خودفروختگان و وابستگان به اجانب و آنانکه آگاهانه روح تسلیم و ذلت را درمردم میدمند مورد نظر و خطاب نیستند چه اینان خود به عنوان ملعبه‌های استعمار ازآنجا که سد راه ملتها هستند باید از سرراه برداشته شوند."

بطورخلاصه روح استقلال طلبی و آزادگی و احترام به حقوق فردی و اجتماعی انسانها باتفکر ددمنشانه و قلدرانه مستکبرین **"اگر سفیدپوشان آزاده خود را برای نبردی سرنوشت ساز وجدی مهیا نسازند باید در انتظار تسلط روزافزون سیاهپوشان وظلمت پرستان و نابودی مردم خود باشند"** واین خود میتواند مبنایی استوار و انگیزه‌ای قوی برای تهاجم به منافع نامشروع استعمار واستکبار باشد.

۲- ارزشهای قومی وملی

بی شک هر ملتی با هر زبان ورنگ ونژادی که دارد در محدوده معینی ازجهان می زید وبابخشی ازاین کره خاکی انس گرفته ودر طول زندگی پر فراز ونشیبش فرهنگی متناسب با مختصات جغرافیایی ، نژادی و.... پیدا کرده ، همین امر موجب میگردد تا برخی وابستگی های روحی وعاطفی در وی پدیدار گشته وبر آن اساس به برخی

مسائل دل بسته وازبرخی دیگر احساس تنفر کند.این احساس ولاء یا برائت که درحقیقت خود نوعی موضع ـ گیری است نیز میتواند دربعضی ازشرائط انگیزه مقابله با تهاجماتی شود که به قصدنابودی فرهنگ ووابستگیهای قومی ونژادی ملتهای مختلف تدارک میابند

امروزه استکبار جهانی در کنار حرکتهای ظاهر فریب وتبلیغات بی اساس وکاذب خود مبنیی بر دفاع ازحقوق ملتها که صرفا " جهت واروساختن هدفدار اقوام درمعادلات سیاسی وبهره‌برداری ازآنها صورت میگیرد،سعی مینماید تا با تهی ساختن مردم از فرهنگ ریشه‌داروا‌طلیشان زمینه‌های پذیرش فرهنگ خودباختگی وانفعال را در آنها ایجاد نماید.

"بدین ترتیب دفاع از مجموعه فرهنگ ،آداب ،سنن و مرسومات قومی و ملی علاقه به‌آب وخاک ومیهن نیز بنوبه خود انگیزه قابل توجهی است که مردم را در برابر موج فزاینده حضور توسعه طلبانه قدرتهای جهانی به‌مقابله استقامت وجنگی تمام‌عیار بکشاند."

ادامه دارد

مەزهەبی

ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە



مامۆستا محەممەد ساحێب یۆسفی

" ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە "

خودای مەزن فەرموویەتی : **ولتكن منكم امة يدعون الى الخير و يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و اولئك هم المفلحون .**

واتە: پێویستە دەستەیەک لە ئێوە هەبێ تا خەڵک بۆ لای ئیسلاح و چاکە بانگ بکەن. ئەمر بە چاکە بکەن و مەنع لە خراپە ، و ئەو دەستەیە بە راستی رزگار و خۆشبەختن. ئایاتی پیرۆز لە بارەی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە زۆرن، وەکوو: ئایەی ۱۱۳ و ۱۱۴ لە سورەی آل عمران، ئایەی ۷۱ لە سورەی تۆبە ، ئایەی ۲ و ۷۸ و ۷۹ لە سورەی مائدە ، ئایەی ۴۱ لە سورەی حج ، ئایەی ۱،۱۴ سورەی نساء ، ئایەی ۹ سورەی حُجُرات .

هیوادارین خۆتان ئەو ئایەتانە بخوێننەوە و پەندیان لێوەر بگرن .

ئەمر بە واجب و نەهی لە حەرام لە سەر هەموو کەس واجبە ، ئەگەر کەسێک ببێ هەر ئەو بیزانێ،یان هەر ئەو دەسەڵاتی ببێ فەرزی عەینە لە سەری ، ئەگینا فەرزی کیفایەیە، و ئەگەر کەسێک بیکا لە سەر باقی لادەچێ ،وئەگەرکەس نەیکا هەموویان گوناهبار دەبن .

حەزرەتی رەسوول (د خ)فەرموویەتی : ئەگەر کەسێک لە ئێوە بۆ شەرعێکی دیت دەبێ مانیعی بێ بە دەست، ئەگەر دەسەڵاتی نەبوو بە زمان و ئەگەر هەر نەبێ بە دڵ بی بوغزێنێ و پێی ناخۆش بێ ، ئەوەش کە هەر بە دڵ پێی خراپە ئیمانی زەعیفە ،کەسێک ئیمانی بە قەوەت بێ سەر داناخا و حەق و ناحەق دەڵێ ، لە حەدیسی شەریفدا دەفەرموێ : **افضل الجهاد كلمة حق عند**

سلطان جائر. واته گەورەترین خەبات و فیداکاری گوتنی قسەی راست ودروسته لە لای حاکم و فەرمانڕەوای زاڵم وستەمکار. لە حەدیسێکی دیکەدا دەفەرموێ: تەواوی کاری چاک و خەبات لە ڕێگەی خودا لە بەرانبەر ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە وەک دڵۆپێکە لەحاست بەحرێک.

ئەبوو عوبەید بنی جەراح دەڵێ عەرزی حەزرەتی رەسوولم کرد کام شەهید لە لای خودا مەقام و پایەی بڵیندترە، لە جوابدا فەرمووی: **رجل قام الی وال جائر فامره بالمعروف و نهاه عن المنکر فقتله فان لم یقتله فان القلم لایجری علیه بعد ذالک و ان عاش ماعاش.**

واته: پیاوێک کە بەرهەڵست بکا لە رووی فەرمانڕەوایەکی ستەمکار دەستووری بداتێ بە چاکە و پێشگیری لێ بکا لە خراپە ئەویش بیکوژێ، و ئەگەر نەیکوشت تازە قەڵەمی مەلائیکەی خێروشەر لە حاستی ئەو هیچ نانووسێ هەر چەند بژی و بمێنێ.

ئاگادار کردنەوەی فەرمانڕەوایان بۆلای عەدالەت و دادگەری سەوابی زۆرە کە لەو وتارە کورتە دا بەیان ناکرێ.

"حسن بصری" دەڵێ حەزرەتی موحەممەد (د ـ خ) فەرموویەتی: **افضل شهداء امتی رجل قام الی امام جائر فامره بالمعروف و نهاه عن المنکر فقتله علی ذالک، فذالک الشهید منزلته فی الجنة بین حمزه وجعفر.**

واته: گەورەترین شەهیدانی ئۆمەتی من پیاوێکە بەرهەڵست بکا لە رووی پێشەوای زاڵم و ستەمکار، دەستووری بداتێ بە چاکە مەنعی بکا لە خراپە، جا ئەویش لە سەر ئەو فەرمانە بیکوژێ، مەقام و پایەی ئەو شەهیدە لە بەهەشتێ دا لە بەینی "حەمزە" و "جەعفەر".

"عمر بن خطاب" خوای لێ رازی بێ دەفەرموێ لە پێغەمبەری خوام بیست کە فەرمووی: **بئس القوم قوم لایأمرون بالقسط و بئس القوم قوم لا یأمرون بالمعروف و لاینهون عن المنکر.**

واته: چە خراپ قەوم و هۆزێکن ئەوە گەلە کە دەستوور بە عەدالەت نادەن، و چە خراپ گەلێکن ئەو قەوم و هۆزە کە ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە خراپە ناکەن.

لە رۆژی قیامەت دا پیاو خۆی هەڵدا وەسێ بە پیاوێکی دیکەوە، ئەویش نایناسێ لێی دەپرسێ بۆ وادەکەی خۆ من و تۆ یەکترمان نەدیوە و نەناسیوە، جواب دەداتەوە و دەڵێ تۆ منت لە سەر گوناەدی و مەنعت نەکردم.

بە کورتی ئەمر بە چاکە و مەنعی خراپە هۆی خۆشبەختی وڵات و میللەتە، بناغەی ئەمن و ئاساییشە، خوو ورەوویشی خراپ بەوئەمرە پاک دەبێتەوە و سیفاتی باش جێگەی دەگرێ. بە تایبەت لەو زەمانە دا کە ئەمانەت و راستی، حەیا و پیاوەتی کەم بووە، زوڵم و زۆری، فیتنە و خەیانەت، فێڵ کردن و کەم پێوان، بۆ ئیحترامی بە زانایانی بەرزی دینی بەو کارە گرینگە پێویستی زۆرە.

خودای تەبارەک و تەعالا لە قورئانی پیرۆزدا گەورەیی ئۆمەتی حەزرەتی محەممەدی بە سەر ئۆمەتەکانی دیکەدا سەبارەت بە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بەیان کردوە:

کنتم خیر امة اخرجت للناس تامرون بالمعروف و تنهون عن المنکر.

(ئایەی ١١٠ سوورەی آل عمران)

واته: چاکترین ئۆمەتێکن کە لە نێو خەڵک دا ئاشکرا بوونە، چون ئەمر دەکەن بە چاکە و مەنع دەکەن لە خراپە جا ئەگەر موسڵمانان ئەو دوو سفەتەیان نەبێ چاکەکەیان لە کوێدا؟

بەراستی موسڵمانان لە زەمانی پێشوودا شایانی مەدح و تاریف بوون لە بەر ئەوەکە

عەمەلیان بە قورئان و بە سونەت و یاسای بەرزی ئیسلام بووە، بۆ وێنە دەگێڕنەوە کە حەزرەتی ئەبووبەکر (رضی..) لە زەمانی خەلافەتیدا ئیمامی عومەری کردە قازی مەدینە و لە ماوەی سالێک کە لەوەقامەدا ماوە کەسێک بۆ ئیش و کارێک نەچوو لای، ناچار بوو ئیستیعفای دا، حەزرەتی ئەبووبەکر (رضی) هۆی ئیستیعفا ونەچوونی خەڵک بۆ لای پرسی . ئەویش فەرمووی یا ئەبابەکر: قەومێک رێز لە گەورە بگرێ و گەورەش لە گەڵ چکۆلە بە رەحم وشەفەقەت رەفتار بکا، ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بکا، ئینسافیان هەبێ و حەقی دوژمن لە نەفسی خۆیان بستێنن، بە دەسەڵات لە نێویاندا زەعیف بێ تا حەقی لێ بستێنرێ و زەعیف و بێ دەسەڵات لە نێویاندا بە دەسەڵات بێ تا حەقی بۆ وەردەگیرێ، ئەگەر کەسێک نەخۆش کەوت عەیادەتی لێ بکەن و ئەگەر مرد لە گەڵی بچنە سەر قەبران و قانوونی ئیسلام بەجێ بێنن. ئەو قەومە نیازیان بە حوکمی عومەری خەتاب نییە.

جا کە وا بوو موسڵمان دەبێ لە خودا بترسێ، بۆ عیزەت و سەعادەت تێبکوشێ،بۆ بە دوور بوون لە بەڵا، بۆ رزگار بوون لە زوڵمی زاڵمان و خوێن رشتن و خوێن رژان و هەر وەها رو بە روو نەبوون لە گەڵ گرانی و قاتی و کەم بارانی.

عەبدوڵلا کوڕی عومەر خودای لێ رازی بێ دەڵێ حەزرەتی رەسوول (د خ) رووی تێکردین و فەرمووی: ئەی جەماعەتی موهاجرین، پێنج خسڵەت و سفەت هەن ئەگەر تووشی وان بن لە هیلاکەت نیزیکە :

١ـ بڵاو بوونەوەی زنا و فەحشا لە نێو خەڵک دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی تاعوون و دەردی گران.

٢ـ کەم فرۆشی و سووک پێوان دەبێتە هۆی گرانی و قات و قڕی و سەخت بەڕێچوون و زۆر بوونی زوڵمی کاربەدەستان.

٣ـ نەدانی زەکات دەبێتە هۆی وشک ساڵی و کەم بارانی.

٤ـ شکاندنی عەهد و پەیمان لە گەڵ خودا و رەسوول و ئۆمەتی دەبێتە هۆی زاڵ بوونی دوژمنێک لە غەیری خۆیان بە سەر ئەواندا.

٥ ـ ئەگەر پێشەوا و کاربەدەستیان بە فەرمان و کتێبی خودا عەمەل نەکەن خودای گەورە شەڕ و نزاعیان دەخاتە بەینی وهەر بۆ خۆیان یەکتر زەبوون و بێدەسەڵات و هیلاک دەکەن.

دیسان لازمە بڵێین کە لە تەرکی نەسیحەت و تەرکی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بەڵایەکی دیکەش پەیدا دەبێ و ئەو بەڵایەش ئەوەیە کە دوعا لەو قەومە قبووڵ ناکرێ.

هەر وەها پێویستە لە سەر ئەوکەسەش کە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە دەکا بۆ خۆی لە پێشدا عەمەلی پێ بکا، چوون قەول و گوتنی بێ عەمەل کاریگەر نیسە. بۆیەش خودای تەبارەک و تەعالا دەفەرموێ:

یا ایها الذین آمنوا لم تقولون ما لا تفعلون کبر مقتا " عندالله ان تقولوا ما لا تفعلون .

واتە: ای ئیمانداران بۆ دەیڵێن ئەو شتەی کە عەمەلیان پێناکەن، ڕق و غەزەبی خودا زۆرە لە حاستی ئەوانەی کە دەڵێن و عەمەل ناکەن . ئەوە بوو کورتەیەک لە بارەی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە وئەمو کارە گرینگەش واجبی سەرشانی هەمووبرایانی موسڵمانە بە تایبەت مامۆستاکانی ئائین و ئیمام جومعەکانی بەرێز.

داوا دەکەین لە خودای عظیم الشأن تۆفیق مان بدا لە سەر قەول و فێعلی چاک و لە سەر گوتن و بیستنی قسەی حەق و لە غەزەب و عەزابی خۆی بمانپارێزێ ـ ئامین.



ئەدەبی فەلەستین

رەحیم لوقمانی

ساڵی (١٩٤٨)کە ئیسرائیل فەلەستینی داگیر کرد گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای فەلەستیندا پێک هات. زۆربەی خەڵکی شارەکان بەرەوولاتانی دیکەکۆچیان کرد ئەوەی مابوونەوەخەڵکی گوندەکان بوون کە دوژمن تەنگی پێ هەڵچنین ودەرەتانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئەدەبی لێ بڕین. پاش ئەم کارەساتەئەدەبیاتیش لەهەموو بارێکەوە گۆڕانی بەسەردا هات.

نووسەروشاعیری ولاتانی میسرولوبنان وسووریەکەلەو دەمەدا پێشەنگی گۆڕانی تازەوشۆڕش بوون تەئسیریان کردەسەرئەدەبیاتی فەلەستین بەم جۆرە رووناکبیران لە دەرەوەی ولات بناغەی ئەدەبێکی تازەیان بەناوی ئەدەبی ئاوارەکان یان ئەدەبی غوربەت داڕشت.

هەرلەودەمەیداکەتاریکی وبێ دەنگی باڵی کێشابووە سەرئەدەبی فەلەستین، شیعر وەک هەورەتریشقە بروسکەی ئەستاند وشەقڵی شکاند.

شیعری فەلەستین لەژێر تەئسیری ئەدەبیاتی عەڕەب وئورووپادا قالبی کۆن و سونەتی باوی خۆی شکاندو کەوتەسەرشێوەورێبازی تازە ئەم شێوەتازەلەگەڵ غەمی لە دەستچوونی فەلەستین ئامێتەببوو*. باوەریان بە رووداوە دڵتەزێنەکەبوو. شکەستیان قەبووڵ نەدەکرد و هەرلەبیری گەرانەوە دابوون.

بەلام ئەوەی مابوونەوە ئەوگوندیانە بوون کە دەسەلاتی داگیرکەران بە تەواوی بەسەریانداتەنەوەی کردبوو. دوژمن دیواری سیاسی وفەرهەنگی خۆی بەدەوریاندا هەڵچنیبوو. خەڵک لەبارێکی تاریک وتەنگەبەردا دەژیان هیچ پێوەندیان لەگەڵ دەرەوەنەبوو دەرەتانێکی وانەبووشاعیرونووسەریان تێدا پەروەردەببێ. دەرەتانی هەرچەشنەشوێنەوار وکاری ئەدەبی یان لێ گیرابوو دەزگای چاپ وبلاوکردنەوە بۆ خەڵک نەبوو... داگیرکەر هەمووشتێکی خۆی بە زۆری دادەسەپاند.

لەم بارو دۆخەتاریکەدابوو کە شیعر دەیتوانی لەهاندان وبەرگریدا بەبڕشت وکاریگەر بێ وپێوەندی مەعنەوی لە نێوان کۆمەڵدا پێک بێنێ. لە پێشدا شیعرەکان شێوەی کۆنیان تێدا ڕەچاودەکرا، کەبەهاسانی لەبەردەکران و هەستی خەڵکیشیان چاکتر دەبزاوت. هەرئەمەش هۆی سەرەکی بووبۆوەی شاعیری عەڕەب تەکتیکی شیعری کلاسیک ڕەچاوبکەن. بەلاملەپەنای ئەمەشدا شیعری تازە ونەمر سەری هەڵداو پەرەی ئەستاند کە بناغەی قەلایەکی سەخت و پۆلاینی لەخەبات وهاندان داڕشت.

شیعری میللی زمانی ئاوات وئارەزووی خەڵک بووشاعیران لەهەموکۆڕوشوێنێکدا، گوللەی وشەیان بەلوولەی تفەنگی داگیرکەرانەوە. دەنا هەر بۆیەش زۆربەیان کەوتنە زیندان، یان ئیعدامکران.

هەرئەموەزعەناڵبارەبووکە شاعیرانی پایەبەرزومقاومی

وەک ،مەحموود دەروێش
سەمیحەلقاسم- سالم جەبران
توفیق زیادو....پەروەردەکرد
کەلەمەیدانی خەبات و،
بەرگریدا وەک نموونەی بێوێنە
دەدرەوشێنەوە .ئەمشاعیرانە
سەرەڕای ئەوشاریزۆرولێدان
وزیندان ودوورخستنەوە ،لە
بەرانبەر داگیرکەرڕاوەستان
وگەل ونشتیمانی خۆیان
بەجێ نەهێشت .

شیعری نەتەوەیی یا
فۆلکلۆڕی حەماسی لە
ماوەی(٢٥) ساڵدا دەورێکی
گرینگی لەژیانی خەڵکدا هەبوو
ئەمشیعرانە زۆرترلەزاری ئەو
کەسانەوەدەهاتەدەرکە لە
ئۆردوگای ئیجباری دابوون
کەم کەسی فەلەستینی هەن
ئەمشیعرە میللی وپرسۆزەیان
نەبیستبێ کە شۆڕشگێڕێک لە
ساڵی١٩٣٦ چەن سەعات پێش
ئێعدامکردنی لەزیندان
کوتوویەتی .

زیندانی یەکان ئەم
شیعرەیان لەدیواری زیندانەکە
نووسی یەوەکەپاشان وەک
سروودی میللی فەلەستینی
دەنگی داوە .

ئاخرین شەو :

ئەی شەومەڕۆ !
مەودا بدەبەئەسیرێ
با تەواوی کاسۆزەکەی،
هێدی بڕۆ
چون بەیانی بەشنەی با
رادەهەژێ بەدارەوە .

* * *

ئەی شەومەڕۆ!
دەمەوبەیان
گڕی ئەوینی ئەمدیلە دەکوژێتەوە
بالای بەندی وەک پیرەدار
بەدەستی خوێڕێ ونا پاکان دەشکێتەوە

* * *

ئەی شەوتۆزێ هێدی بڕۆ
تا هەلڕێژم گشت حەسرەت وخەمەکانم
ڕەنگە لەیادت نەمابێ
کەمن کێ بووم؟
هیوام چ بوو؟
چما لەبیرت نەماوە
پەژارەومەینەت وژانم ؟
داخم ئەی شەو
لەگەڵ تۆدا دەبڕێتەوە
دواین هەناسەی ژیانم !

* *

وامەزانە فرمێسکی من لەترسانە !
گریانم بۆنیشتمانە !
بۆکۆشێ منداڵەبرسی یە
کەچاوەڕێن لەماڵەوە
پاش من کێ بێ نان ئاوەریان؟
بۆدووبرای گەنجمدەگریم
کەبەرلەمن
وێکرا دران لەسێدارە

* * * *

سۆزی ژیان
چۆن ڕادەبرێ لەهاوسەرم
کەسەرو ئاخی بۆمنەوزاڕۆکانم



پاشنەمانم .
ئەوکاتەی شەڕ بانگی کردم
گوارە وخرخاڵم نەهێشتن
چونکە داوای چەکی دەکرد
نیشتمانم

* * *

ئەگەربژیوم نەمێنێ
ئەگەرنوێن وجل وبەرگەکەمبفرۆشم
ئەگەر ببم بەسەنگتراش
یان بارەبەر
یان گسک دەر
ئەگەر ببمە خزمەتکاری کارخانەکان
ئەگەر بۆدانەوێڵەیەک سەرانگوێلکان وەردەدەمەوە
ئەگەر لەبەر رووتی وبرسێتی نەتوانمدەنگ هەڵبڕم
بەڵام ئەی دوژمنی هەتاو!
لە گەڵ تۆدا پێک نایەمـن
هەتا دواین ترپەی دڵم
خۆرا دەگرم

* * *

ئەگەردوابستی خاکیشم داگیر بکەی
ئەگەر جوانیم بکەیتەپێخۆری زیندان
ئەگەر میراتی باوکانم
کەل وپەل ودەفروکووپەم ،
داگیربکەی بیفەوتێنی
ئەگەر شیعروکتێبەکانم
لێ بکەیتەدەستە چیلە ، بیسووتێنی
ئەگەر گۆشتم باوێیتەبەرسەگی برسی
ئەگەر وەک مۆتەکەی بەسام
لەسەرسینگی گوندەکەمان
چۆک دابدەی بۆ مەترسی
بەڵام ئەی دوژمنی هەتاو!
لەگەڵ تۆدا پێک نایەم مـن
هەتادواین ترپەی دڵم
خۆرا دەگرم .

* * *

ئەگەر گڕی شەوی تاریم دابمرێنی
ئەگەر لەماچێکی دایکم بێ بەری بم
یان منداڵێ
جنێوبدا بەمیللەت وباب وکاکم
ئەگەرگێلە ونەزانێکی کۆنەپەرەست
مێژووی درۆم بۆبنووسێ
ئەگەر لەرۆژی جەژنێکدا
رووت وقووت بن منداڵانم
ئەگەر رەنگی خۆت بگۆڕی و
فریوبدەی هاورێکانم
ئەگەر لەچوار دەوری مندا
هەزار دیواران هەڵچنی
ئەگەر رۆژگارم لەخاچی پەستی بدەی
بەڵام ئەی دوژمنی هەتاو!
لەگەڵ تۆدا پێک نایەم مـن
هەتادواین ترپەی دڵم
خـۆرا دەگـرم .

* * *

دوژمنـی خـۆر
بڕوانە دیمەنی بەندەر
مۆژدە دەری ئازادی یە
بەزم وهـەراو
گوڕەی سروودی شادی یە
لـەئاسـۆدا ،
بادەوانەکان دەبینم ڕادەهەژێن
سینگیان ناوە بـەدەم باوە
ئەوەگەمی یەکەی (ئۆلیسم)
لەدەریای ون بوون دێتەوە
ئەوەتاوی منە هـەڵدێ،
ئینسانی پەڕیوەیە دەگەڕێتەوە
سوێندم بەچاوی ئـەودوانە
هەرگیز لەگەڵتان پێک نایەم،
هـەتادواین ترپەی دڵم
خۆرادەگـرم .





سەیدی ئەورامی

محەمەد عارف پەناه

"سەیدی" ناوی "مەلا محەممەدسولەیمان" کوڕی "حاجی سەیدمەحموود"ە و لەگوندی "خانەگا" لەدایک بووە .

ساڵی لەدایک بوون و وەفاتی سەیدی ئەورامی زۆر روون نیە . بە پێی لێکۆڵینەوەی زانایان بەتایبەتی "محەمەدەمین کاردۆخی"کەدیوانی سەیدی بڵاو کردۆتەوە سەیدی لە نێوان ساڵانی ١٢٠٠ تا ١٢٦٥ی کۆچی دا ژیاوە ومالی لە هەورامانی تەخت بووە وخانووبەرەکەی ئێستاش هەر ماوە. سەیدی لە هەورامانی تەختدا مەلایەتی کردووە و بە ئیش و کاری فەلاحەت و باخەوانی ژیانی بردۆتە سەر. لەو ماوەدا دەرسی بەشێخ عوسمانی تەوێڵەش گوتووە و لەتەمەنی ٦٠ ساڵیدا دەبێتە خەلیفەی شێخ. لە وەرامی شێخدا کە داوای لێکردووە ببێتە خەلیفە ، نامەیەکی بە شیعر بۆناردووە وشیعرێکی بەناوی "یا شێخ سەنعانم" گوتووە:

ئەو رووداوە پاش ئەوە بووە کە مرید و سۆفیەکانی شێخ لە هەورامانەوە دێن بۆ تەوێڵە و بە شێخ دەڵێن " قوربان سەیدی بۆ خەلیفە نابێ و هەر بە بەژناندا هەڵدەدا ".

سەیدی لە هەڵبەستی "یاشێخ سەنعان"م دا دەڵێ :

گشت جەمەن فیشتەر حاڵشان فەنان
داخم هەر ئیدەن هەر پەی من مەنان
ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلاوشێخ
فتوا بۆ سەیدی سەربڕان بەتێخ

یانی: هەموو لەمن زیاتر حاڵیان خەراپە.

بەداخەوە هەر دەزانن لۆمەی من بکەن.

ئەگەر مەلا وشێخەکان هەموو عاشق نەبان سەیدی فتوای دەدا کە سەری ببڕن .

سەیدی وەک گوتمان ناوی"مەلا محەممەد سولەیمان"ە و نازناوی "سەیدی"یە کە مەبەست نێچیرە و ریشەی عەرەبی هەیە لە شیعرێکدا دەڵێ :

عەرزەداشت بەندەی دڵ مەندو
رەنجوور

"صیدی دامی عیشق به (صیدی)
مەشهوور

یانی:

ئەم بەندە دڵ شکاوە عەرز وحالی هەیە لە خزمەتت

ئەو بەندەش بەداوی ئەوینەوە بووەو بە سەیدی مەشهوورە .

لە شیعرێکی فارسیدا دەڵێ :

الهی صیدیم کن صید جنت
اگرچه باد عصیان صد هزارم

لە هۆنراوەکانی سەیدیدا باسی خەت و خاڵ وئەگریجە وپەرچەم زۆرە و زۆریشی باسی خودا وپێغەمبەر کردووە .. دیارە باس کردنی خەت وخاڵ لە لایەن سەیدییەوە باسی عیرفانە و مەبەستی

سەیدی بە "هاڕە" دەڵێ لە کاتێکدا دەستت لە دەستی شیرین دایە هاوارت لە چیە. پاشان نسحەتی دەکا کە دڵ نەدا بە شیرین چونکە پەیمان شکێنە. "هاڕە" لە وەڵامدا دەڵێ‌هاواری منیش هەر لەبەر بێوەفایی وپەیمان شکێنی شیرینە. لە کۆتایی شیعرەکەدا سەیدی بە خوێنەر دەڵێ کاتێک بەردی هاڕە بە ئەوینی شیرین دەسووتێ من کە لە گۆشت وخوێن داڕێژراوم چۆن نەبم بە ئاو !

"هاڕە" سەختەنی، "هاڕە" سەختەنی
تۆ خۆ کەمقیمەت سەنگی سەختەنی
جای بڵێند ئیقباڵ،ساحێب بەختەنی
یار ئامان وەڵات ،جەهد و جەختەنی!



دنیایی نەبووە. لەزۆر جێگەش باسی دیمەنە جوانەکانی کوردستان دەکا.

"سەیدی" هەورامی پارچە شیعرێکی بەناوی "هاڕەسەختەنی" هەیە. لەم شیعرەدا وت وویژی "سەیدی" لەگەڵ "هاڕە"(دەستاڕ) کە "شیرن" لەپای دانیشتووە ودەیگێڕێ باس کراوە. ناوەرۆکی عاریفانە وبەرزە.

تراشیدەی دەس، سەر ئۆستایی باش
جەستەی پڕزەخم قوڵنگەی سەنگتاش
یادگاری ئۆستای قەدیم زەمانە
دەس‌ئاسی دەس‌کێش‌خەیاتی خامە
چمان تاشیان تێشەی فەرهادی
دەستش جە نەمام داری شمشادی

ئارۆ قیبلەی من بە لەنجەولارە
تەشریفش وەلای تۆ ئامان "هاڕە"

ئاگات بۆ دەستش یە پەنجەی یارەن
پەنجەش ریش نەبۆ هاڕە هاوارەن!

دیم شیرین نیشتەن دانەمەدوپێش
هاڕەش هارکەردەن دەورمەدونەوێش

مەگیلۆ بەدەور چون چەرخ چەپگەرد
هەیاهووش گەرمەن مەنالۆ جەدەرد

شیرن بە سەت ناز مەکێشو دەستە
دانە مەدوپێش چون ئاوات وەستە
دانەش مستانی چون ستەمکاران
مەکەریش وەگەرد تۆتیای شاران

تاقەت شی جەلام واتم ئەی "هارە"
بە مەودای ئەڵماس پارە بای پارە

تۆ دەست شیرن دەستە کێشتەن
ئاوات بڕیا نالەی چێشتەن

با من بنالۆ رۆژان تا شەوان
زەدەی هیجرانم دەردم بێ دەوان

هاڕەی هەراسان هەرزەی هەرزە گێل
وەس دەور دەر نەوێت چون دێوانەی وێڵ

ئانە شیرینەن دڵبەر، دڵستان
دڵ جێت مەسانۆ مەکەرۆت داستان

چەنی کەس تا سەر هەرگیز یارنیەن
یاری ساحێب شەرت وەفادار نیەن

هەر کاتێت زانا هۆریزا بەقەست
چون بێ بەینەتان جە تۆش کێشا دەست

شی بەماوای ویش تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی بەلای داخ ودەردەوە

کۆتا بێ سەداو نەعرەتەو دەنگت
بێ قیمەت گنای کەساس بێ سەنگت

بەو دڵەی پڕسۆز مەینەت بارەوە
پێچیای بە دەرد دووری یارەوە

ئەوسا چەنێ زام بێدەوای خەتەر
مات مەبی بێدەنگ جە سەیدی بەتەر

* * *

وەڵامی هارە: سەیدی عارنیەن سەیدی عارنیەن
هەرکەس عاشقەن نالەش عار نیەن

ئێمەیچ نالەمان خۆ بێکار نیەن
کەس جەدەردی کەس خەوەردار نیەن

منیچ دێوانەی خاڵی شیرینم
پابەندی تای زولف بۆعەنبەرینم

بەڵام ئێد شیرین ئەیامان نیەن
چون خواجەی غەمخوار غولامان نیەن

هەرگیز جەنی کەس تا سەرنەشاتەن
شەرتش ،ئیقرارش،وەفاش یەک ساتەن

ئەوسا کە شیرین مەکێشو دەستم
ماوە رۆ بەسۆز زامانی خەستم

جە خەوفی لواش جەستەم نەلەرزەن
هەی هاوار ،هەی داد ،هەی هانام بەرزەن


* * *

یاران یە سەنگەن جەستەش حاشاکەن
جەستەی مەینەت بار من تەماشاکەن

سەنگی یە تەورە مەسوچۆ بەتاو
دڵ قەترەی هوونەن چۆن مەبۆ بە ئاو

"سەیدی" جە هیجران شرحی جەمین لال
ساپەی چێش نەبۆ بەکۆگای زووخاڵ ؟

مێژوونووسین



عومەر فارووقی

مێژوو وێنەی ئاوێنەیەکی روون وخاوێن وبێ گەرد پێویستی هەر گەلێکە، ئەوەش بەویستی مرۆڤ نیە بەڵکوو هەر گەلێک چ بیەوێ چ نەیەوێ خاوەنی مێژوو، فەرهەنگ ،ئەدەب فۆلکلۆر و قانوونە. جا بەختەوەر گەلێکە کە ئەرک و رێزی مێژووی بۆ روو ن بۆتەوە. پیاوانە دەستی داوەتە قەڵەموڕابردووی، خۆی نووسیوە وبۆداهاتووش پرۆگرام وگەڵاڵەی داڕشتووە وکۆڕی تایبەتی بۆتەرخان کردووە.

دیارە مێژوو نووسین بۆ ئەمسەردەم و داهاتوو کارێکی گران نیە چون مێژوونووس بە چاوی خۆی کارەسات و بارو دۆخی دونیا دەبینێ وبەیارمەتی وێنە وفیلم دەیان شت وەکی راست دەخاتە سەر کاغەز. ئەگەرچی بەداخەوە هۆی ئاڵ وگۆڕی بیروڕەوشت ئاکار و ئاکامێکی وای هێناوەتەگۆڕ کە مێژوونووسیش لەنەخشاند- نی ئەو تووشی هەڵە بێ و بە ئەنقەست مێژووی هاوچەرخ وداهاتوو بە پێچەوانە بنووسێ. ئەم جۆرە مێژوونووسانە روو رەش دەبن وباریان ناگاتە جێ .

بەڵام سەبارەت بە رابردوو بە تایبەتی لە کوردستاندا خەڵکی کورد هێشتا خاوەنی مێژوویەک نین کە حیسێبی لەسەر بکرێ و هەموو شتێکی بەراستی و دروستی نووسیبێ. سەدان یا باشترە بڵێین هەزاران ساڵ مێژووی گەلەکەمان لە تارمایی مێژووی دونیادا ون بووە وئێستا جگە لە سەدان قەڵا و تەپۆڵکە و شوێنەواری ئەوتۆ هیچ بەڵگەو نووسراوەی وامان نیە کە بۆمان دەربخا بە دروستی ئێمە کێین. رابردووی ئێمە چۆن بووە؟ یەک دەنووسێ کوردەکان لەنژادی مادن یەکی دیکە دەنووسێ نا وانەبووە. هێندێک ناوی کاردۆخ و لۆلۆ تەنانەت جندۆکەشی بۆرێک دەخەن و شتی لێ دروست دەکەن بە ناوی کورد .فیردەوسی دەنوو- سێ کوردەکان لەدەست زوحاکی هەڵاتوون، یەکێکی دیکە دەنووسێ نا وانیە باپیرە گەورەی کوردان کوڕی حەزرەتی نووحی نەبی (د.خ) بووە وکورد لە تۆرەی* ئەون، ئەوانەی کتێبە مێژوویی یەکانیان خوێندۆتەوە چاکی تێدەگەن.

ئێستا تا ئەو جێگایەی من دەزانم ئەو کتێبانەی بەناوی مێژووی خەڵکی کورد ناسراون بریتین لە:

١- شەڕەفنامەی شەرە- فخانی بدلیسی .

٢- کورد وکوردستانی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ

٣- کورد وکوردستانی خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا مەردووخ .

٤- حەدیقەی ناسریەی میرزا عەلی ئەکبەری وەقایع نیگار.

٥- کورد و نیژادی ئەو لەنووسینی رەشید یاسەمی .

٦- کورد وکوردستانی واسیلی نیکتین .

٧- مێژووی ماد نووسراوەی دیاکۆنۆف رۆژ هەلاّت ناسی سۆڤیەت .

٨- کورد وکوردستانی دوکتۆر کەمالّ مەزهەر ئەحمەد بەزمانی عەرەبی

٩- کورد وکوردستانی بەدرخان (بلەچ شێرکۆ)

١٠- مێژووی ئەردەلانی مەستوورە .

١١- کوردستانی حەبیبولّلا تابانی .

١٢- مێژووی سۆفی گەری لە کوردستان .

١٣- مێژووو جوغرافیای بانە ماموّستا رئوفی تەوەکولی

١٤- کوردستانی ماموّستا کەریم زەند .

١٥- سەرنجێکی مێژوو و فەرهەنگی کوردستان بەقەلّەمی نووسەری ئەم وتارە .

١٦- کوردستان و ئیمپریالیزم نووسراوی عەزیز ژیان .

١٧- تالاّنی زێویەی سەقز نووسەر رەشید کەیخوسرەوی .

١٨- کوردەکانی خۆراسان لە دوو بەرگدا بەقەلّەمی کەلیمولّلا تەوەحودی .

١٩- کۆماری کورد وەرگێر سەیدمحەممەدسەمەدی

یەکەم سەرنجێکی شەرەفنامە دەدەین کە تا ئێستا بەزمانی فارسی ، عەرەبی، رووسی ،فەرانسە، کوردی و... چاپ کراوە . بەراستی ماموّستا هەژار بە وەرگێرانی ئەم کتێبە بەنرخە خزمەتێکی گەورەی بە گەلی کورد کردووە.

ماموّستای نەمر (هێمن) وتارێکی لە پێشەکی کتێبەکە نووسیوە کەسەبارەت بەوە دوکتۆرکەمالّ مەزهەر ئەحمەد لەکتێبی مێژوویی خۆیدا نووسیویە ئەم وتارەی ماموّستا (هێمن) دەبێ لە داهاتوودا ببێ بەپێشەکی مێژووی گەورەی کوردستان

دیارە پیاوێکی گەورەی وەکوو شەرەفخان لەسەردەمی خۆیدا هەنگاوێکی هەرەبەرز و جوان وبەکەلّکی هەلّێناوەتەوە ئەگەر کەموکووریشی هەبێ، کە هەیەتی، جێگای ئیراد نیە چون لەو بارو دۆخ و سەردەمەدا تەرخان کردنی دەفتەرێکی گەورە بۆ کوردستان هەر ئەوەی لێ پەیدا دەبوو. دیارە بەر لە شەرەف خان زانا و بلّیمەتی گەورە لەنێو کوردانا ندا هەلّکەوتوونە بە تایبەتی دوو مێژوونووسی گەورەی ئیسلام وەکوو ئیبنی ئەسیر وئیبنی خەللکان و هەر وەها جوغرافیا زانی گەورە یاقووتی حەمەوی، خاوەنی معجم البلدان،دەیانتوانی بە نووسینەوەی مێژووی گەلی خۆیان خزمەتێکی باش بە گەل وولاّت بکەن . بەلاّم بەداخەوە کەمتەرخەمیان کردووە و توانای خۆیان لەخزمەت فەرهەنگی بێگانە ناوە .بەلاّم هەستی نەتەوا — یەتی هەر نەفەوتاوە و لەنێو کورد دا شێرەژنی وەک رەئیسەی کورد دایکی نیزامی گەنجەوی هەلّکەوت . پاشان میرشەرەفخان قەلّەمی خۆی بۆ مێژووی کوردتەرخان کرد وئەرکی خۆی بەجێ هێنا .

بەلاّم ئەمە جێگای باسە کە بۆچی لە سەردەمی شەرەفخانەوە تا زەمانی ماموّستا ئەمین زەکی کەسێکی دیکە لەخەلّکی کورد هەلّنەکەوت کە کتێبی مێژوویی بنووسێ ؟چووزانم رەنگە کەسانێک هەبووبن بەلاّم دەفتەر ونووسراوەیان کەوتۆتە بەرهێرش وپەلاماری داگیرکەرانی کوردستان و دەسەلاّتداران وتێدا چوون.... وئێستا ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە شەرەفنامە تا سەردەمی ئەمین زەکی تاقانەیە .

ماموّستا بە قەلّەمی جوانی خۆی وبەیارمەتی وەرگرتن لە هەستی خاوێنی کوردایەتی وپیاوەتی مێژوویەکی جوانی بۆ نووسیوین کە دەتوانین بنووسین تا رادەیەک چاکە یا ئەو مێژووانەی دیکە



هەموو لەمێژووی ئەمین زەکی خەراپترن کەوابوو ئەمە چاکەکەیانەدیاکۆنۆف مێژووی مادی نووسیوە و کەریم کەشاوەرز کردوویە بە فارسی وبورهان قانع بەکوردی وەریگێڕاوەتەوە.


کوردستانی واسیلی نیکتین وەک محەممەدی قازی لە سروەدا گوتبووی بووە بە فارسی، جێگای ڕێزە بەڵام ئێستا پرسیارێکی دیکە دێتە پێش ؛ بۆ مێژووی کوردستان تەلیسم کراوە کەلە شەرەفخانەوە دوای چەند سەدە بگا بە ئەمین زەکی بەگ وهیچکەسی دی ؟ خۆ پاش ئەمین زەکی مێژووی دیکە ش نووسراوە.. ئەوەش بڵێین من نەعەرەبی دەزانم ،نەمێژووە عەرەبی — یەکەی دوکتور کەماڵ مەزهەرم خوێندۆتەوە. بەڵام بەین و بەینەڵڵا ئەوانەی عەلی ئەکبەری وەقایع نیگار و ڕەشید یاسەمی بە ناوی مێژوو نووسیویانە هەڵە و پەڵەیان زۆر تێدایە و وێ ناچن .

بۆ وێنە ڕەشید یاسەمی بە پووڵ وەرگرتن لە ڕەزاخانی پاڵانی بە بەرتیل ئەو کتێبەی نووسیوە کە بسەلمێنێ کوردەکان ئاریایین لەگەڵ ئەوانی دیکە بران و هەوای ئەولاو ئەملا لە کەللە وەدەر بخەن، جل و بەرگ ودەفتەری خۆیان لابەن، وەک ئورووپایی شەپکە لەسەر نێن وهەوسار ببەستن .

خوالێ خۆشبوو مەردووخ مێژووی ئاغاوەت ودەرەبەگ ودەسەڵاتدارە خاوەن سامانەکانی بە چەشنێکی زۆر هەڵوەشاوە ونالەبار نووسیوە. تازە دەردەکەوێ کە زۆرتری لە رووی ، حەدیقەی ناسری یەوە نووسیوە و سەیر لەوەدایە ناوی کورد وکوردستانی لێ ناوە بەڵام هەموو ئی شاری سنەیە، سەبارەت بەسەقز نووسیویە ئەوشارە پێنسەت ماڵە و پێنج هەزار کەس نفووسی هەیە هەر لەقەبێکی لە سنە هەیە، لەسەقزیش هەیە !

نازانم ئەو لەقەب و شتە چ نان وئاوێکی تێدا بووە کە بە گوتەی خۆی کاتێک دەگاتە محەممەد عەلی شا ولێی دەپرسێ چ شتێک بۆ خەڵکی کورد داوا دەکەی حەزرەتی مەردووخ دەفەرموێ قوربان فەرمانی مزگەوتی والیم پێ بدە بۆ نەسیرول ئیسلام چەند تۆپ عەبا و دوازدە

لەقەبیشم بدەیە بۆ
باقی یەکەی ؟!!
خوێنەری بەڕێز خوا نەخواستە من رقم لە مەردووخ نیە .بەڵام مێژوو، نووس چۆن وادەبێ ؟ ئێوە دووبارە سەرنجێکی مێژووی مەردووخ بدەن، دەبینن کە ئەم حەزرەتە لە سەردەمی حکوومەتی شەریفوددەولەدا کە بە یارمەتی هێزی قەزاق وفرۆکەی بریتانیای داگیرکەر حکوومەتی هۆزی گەڵباخی تێک رووخاند و یازدە کەس لە سەرۆک هۆزەکانی گەڵباخی و مەندەمی وشێخ ئیسماعیلی لە دەروازەی شاری سنە لە قەنارە دران، هەر ئەو شەوە مەردووخ بە پێی نووسراوەی خۆی لە مێژووەکەیدا شەریفوددەولە و ئینگلیسەکان وقەزاقەکان بانگ هێشتن دەکا جێژن دەگرێ کە حکوومەتی ئەشراڕ تێک رووخا وبەسزای خۆیان گەیشتن ....؟! پیاوی وا دەتوانێ مێژوو نووس بێ ؟ ئەوجۆرە مێژوویە بەکاری چ دێ ؟
کەی ئەوە ئینسافە. کەی گەلباخی ئەشراڕبوون ؟ لە حاڵێکدا لە شەرەفنامەدا نووسراوە حکوومەتی گەڵباخ تا سەردەمی قاجار پترلە ٣٠٠ ساڵ پێشینەی بووە...
حەدیقەی ناسریە ساڵی رابردوو لەلایەن مامۆستا رەئوفی تەوەکولی لە کتێبخانە کۆنەکەی مەلیکی تاران هاتەدەر و چاپ کراوە هەر لەو تاریخەدا مێژوونووس بۆ ئەوەی ناسرەدین شای قاجار خەڵاتی بکا خەڵکی بانە، گەڕووس تیلەکۆ وگەڵباخی بە وەحشی و بێ تەربیەت ناو دەبا جابۆیە نووسەری ئەو وتارە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە، کە بە هەموو کوردێکی خاوەن بیروزاناوبە هەموو دەزگایەکی کە هەست بە بەرپرسیدەکەن را بگەیەنێت.
کە براگیان، ئاغا ،مامۆستا وەرن ومەحزی رەزای خودا باسک هەڵماڵن و بە یارمەتی وەرگرتن لە سەرچاوە مێژوویی یەکانو نووسراوەکان وئەو کتێب و بەڵگە و کەرەسانەی هەت
مێژوویەکی موعتەبەر بۆ خەڵکەکەتان بنووسن تا ئێمەش شەرمەزاری خاک و وڵاتی خۆمان نەبین وداهاتوان لەجیاتی لەعنەت، رەحمە- تمان بۆ بنێرن!.
تاکەی ئەم هەموو نووسەر وشاعیرو لێکۆڵەرو مەلا وعالم وزانای کورد بۆی دانیشن و مینۆڕسکی و دیاکۆنۆف وفلان رووسی و فەڕانسەوی وبریتانیایی و ئەمریکایی مێژوومان بۆ بنووسن ؟! خۆمان شەگەمانە یا هیچ نازانین ؟ ئەگەر نازانین بە چ روویەک خۆمان بەنووسەر و شاعیرو زانا وپسپۆر داناوە؟ چۆن ئەو جوربزەمان نوانـدووە کتێب بنووسین و شیعر دابنێین و داوای مافی فەرهەنگی خەڵک بکەین ؟
ئەگەر دەزانین زۆر عەیبە کە ئێمە بەو شان وباهۆ وئیمکانات وکەرەسەو شت ومەکە هەر مووچەخۆری میرشەرەفخانی پێنج سەدە لەمەوبەر و چەند بێگانە بین . یا دڵمان خۆش بێ ئەم زێرە قەڵبانەمان لە سەر تاقە داناوە وشانازی پێوە بکەین !
دەهەستن ئەی پیاوە زاناکان و هەستیارانی کوردستان مێژوویەک بنووسن بۆ وڵاتەکەتان لەسەرخەتێکی راست ودوروست وئەمانەت . بە خەڵکی ئێستا و بە منداڵەکانتان وبەداهاتووان؛ بە نەوە ونەبیرەونەتیجە - تان بفەرموون ئێمە کێین ؟ کاردۆخین ؟ لۆلۆین ؟ کاسین ؟ کوڕی نووحین ؟ جندۆکەین ؟ ئادەمیزادین ؟ یاکێ ین ؟



عیرفان ٢

ع. سەمەدی

عیرفان مەکتەبی هەرە پێویستی مرۆڤ ، بەتایبەتی مرۆی ئەم سەردەمەیە .عیرفان بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری مەکتەبەکانی دیکە "خۆبە زۆر زانی،هەوا ،فەرمانڕەوایی بەسەر یەکداکردن، درۆ ،فێڵ ، ئیشتیای سەرۆکایەتی وخەڵک لەژێر چۆک نان و ..."نەبووەو نابێ .

ئەگەر بێتوو تاریفێک بۆ ئەو مەکتەبە بدۆزینەوە دەبێ لەنێو قسەکانی ڕێبەوانی عیرفان (یانی"عارف"ەکان) دا بگەڕێین ،چونکە جوانترین و باشترین ونزیکترین تاریف بەو مەکتەبە هەر لە لایەن ئەوانەوە گوتمراوە،چون ، چ کەسێک وەکی ئەوان لە نێوەرۆکی عیرفان گەیشتووە ؟!

"شێخ ئەبولقاسمی قوشەیری" دەڵێ:" الدخول فی کل خلق سنی والخروج من کل خلق دنی".

هەڵبەت تاریف لە عیرفان زۆرە ،بەڵام ئەگەر هەزاریش بێ هەر یەکە بەچەشنێک دێتەوە سەر ئەو تاریفەی"قوشەیری " عارفەکان پیاوی مەعمەل بوون نەک قسە .ئەوەی ویستوو‌یانە بە خەڵکی بڵێن بەکردەوە گوتوویانە .هەر بۆیە کەسێکی وەک شەمسی تەورێزی تەنانەت لاپەرەیەکیشی لەدوا بەجێ نەما . ئەوانەش کەدواون و نووسیویانە ،کورت دواون و کەمیان نووسیوە . بەڵام بەم کەمی یە هێشتا ماسی بیر و خەیاڵ شەکەت دەبێ وەمەلەوانی ئەندیشە لەپێ دەکەوێ و هیچیان ناگەنە بنی .

عارف حوکمی تەکفیروخراپە لەسەر کەس دەرناکا ، بەڵکوو دەگەرێتەوەسەرخۆ و هۆی ئەم خراپە لە خۆیدا دەدۆزێتەوەو لەنێوی دەبا . بەڵێ بێ شک ئەگەر بێتوو هەرکەسە لەجیاتی چاو بەخەڵک هەڵێنان و لە مەردم خورت بوونەوە ،لەئاکاری خۆی بڕوانێ وبۆ چاک کردنی کۆمەڵ لەخۆیەوە دەست پێ بکا هەرچی پیس وناحەزی یە ریشەی وشک دەبێ . وەک مەولانا دەفەرموێ :

ای بسا ظلمی کە بینی در کسان
خوی توباشد در ایشان ای فلان
اندر ایشان تافتەهستی تو
ازنفاق وظلم وبدمستی تو

گرینگترین سەرچاوەی بیرو رای عیرفانی کتێبی "مەسنەوی مەعنەوی"یە کە مەولانا جەلالەددینی مەولەوی" عارفی گەورەی ئێرانی لەساڵی ٦٥٧ی کۆچی مانگیڕا تا کۆتایی تەمەنی لە شەش بەرگدا کە نزیکەی ٢٥٦٣٢ بەیتە داینا وە

چرای عیرفان "ئەوین"ە و لەم مەکتەبەدا گەورەترین بایەخی پێ دەدرێ . لێرەدا پەنجاو دوو کەلام لە سی و یەک عارفی گەورە هەڵبژێراوە کە هەریەکە بەتەنێ دەتوانێ ببێتە هۆی خێر و خۆشی و بەختەوەری .

مەحموود ئیبنو عوسمان

مرۆ سێ دەستەن :
یەک ، پیاو
دوو ، نیمچە پیاو
سێ ، ناپیاو
وەبەڵام :
پیاو ئەوەیە کە ببەخشێ ووەر نەگرێ !
نیمچە پیاو ئەوەیە کە ببەخشێ و وەرگرێ !
ناپیاو ئەوەیە کە نەبەخشێ و وەرگرێ !

ڕەسووڵی خوا فەرمووی :
ـ لە هاونشینی مردووەکان خۆ بپارێزن !
پرسیاریان کرد :
ـ یا رسولەللا مردوو کامەن ؟

فەرمووی :
ـ دەوڵەمەندەکان .

ئیبراهیم ئیبنو موستەمەلی
"سری سقطی" (خواناسی گەورە)
گوتی :
ڕۆژێ چەندجار سەیری ئاوێنە
دەکەم ، دەترسێم
رووم ڕەش بووبێ !

● ● ●

شێخ قوشەمیری
ئەوەی بمرێ ولەجیهان دەرچێ
مردوو نیە .
مردوو ئەوەیە لەژیاندا بمرێ

● ● ●

ئەفلاکی :
کە ..مەولانا شەمسەدین ،دڵی
لە کەسێک دەیەشا ،
ئاوای تووک لێدەکرد :
خوا تەمەنت درێژ ودارایەتیت
زۆر کا !

● ● ●

هجویری :
سۆفیایەتی ،ئەمرۆ ناوێکی
بێ نێوەرۆکە ،
و دوێنێ نێوەرۆکێکی بێ ناو
بوو .

شێخ ئەحمەدی جام
ئێمە روح لە ئەشکەنجە
داوێین ،
ودڵ هەڵدەقرچێنین ،
ولە دەریای حەقیقەتدا مەلە
دەکەین ،
ویاقووت و گەوهەر و شەوچرا
هەڵدێنجین ،
ولە کۆشی ئێوەی دەکەین
تاکوو لە تاریکی دەرچن و
لارێ نەبن ،
وتەنیا بەدوعا یادمان بکەن
وبەس!

● ● ●

موحەممەد غەزالی
یەکێک بە "سهل تستری" گوت :
ـ دز ماڵەکەی بڕیوم و
دەسمایەکەی بردووم.
گوتی : ئەگەر شەیتان دڵی
بریبای وئیمانی بردبای چت
دەکرد ؟ !

● ● ●

شیخ ئەحمەدی رۆمی
قسەی حەق ،
دەبێ ئاشکرا وبلێندبگوترێ ،
نەک لەژێر لێفەوبە ورتە !

● ● ●

عەزیزەدین نەسەفی
مرۆ ،
بەتەواو و ناتەواو ،
زانا و نەزان ،
ئەمیر وژێردەستەوە
گشت زەلیل و بێچارەن ،
وبەنامرادی دەژین !

● ● ●

ئەفلاکی :
سەلا لەو کەسانەی ،
چاویان بەخەوە و دڵیان
نوستووە !

● ● ●

شێخ ئەحمەدی جام
وێژەر زۆرە و خاوەن ماناکەم

● ● ●

ئیمام محەممەدی غەزالی
ئەمرۆ ،پازدەساڵ بەسەر ئەم
سێ (نذر)ەمدا تێدەپەڕێ :
یەک ،باربۆی هیچ سوڵتانێک
وەرنەگرم !
دوو ،بۆ دیدەنی هیچ سوڵتانێک
نەچم !
سێ، لە پێلە ودمەتەقە خۆ
بپارێزم !

● ● ●

شێخ ئەحمەدی جام
ئێمە لەدانان و نووسینی ئەم
کتێبەدا ،خوێنی دڵ دەخۆین .
نووسەرەکان ،کتێبەکانیان لەم
کتێب ولەو کتێب وەردەگرن !
کەچی ئێمە ، لە دڵەکانمان را
دەیخەینە سەر کاغەز ،
نەلە کاغەزەوە بۆ کاغەز
خۆینی دڵ ئەوەیە !

● ● ●

ئیمام محەممەد غەزالی
" حەسەنی بەسری" دەڵێ :
پێشینانی ئێوە قورئانیان بە
کەلامی خوا دەزانی ،
بە شەو لێی فێر دەبوون و بە
رۆژ لە کاریان دێنا ،
ئێوەش لە "سەر وژێروبۆر"ەکەی
ئالاون و ماناتان داوە بە
رواڵەت!

● ● ●

ئەگەر نەتانتوانی قسەکانمان
لێک دەنەوە ،
بزانن کەمانای سەرجەمیان
تەنها یەک وشەیە ،
(ئەوین) .



کەویار



بوو مەلێلی بەیانی بوو، تەزوویەکی سارد بە لەشی کێو وچیادا ئەگەڕا، وە گاهێ گیای شلک وگوڵی کێوی چاوبەخەوی رائەچڵەکاند. مەحموود ماوەی سەعاتێک بوو چاوی نەترووکاندبوو و هەروەها روانیبووی بۆ باوکی کە بە هەڵپە* سەرنجی کەلەکەی پێشیانی ئەدا، مەحموود خۆشی نەی ئەزانی چۆن وا کوت و پڕ ئەو بیرەی کەوتبووە مێشکێوە کە باوکی لە دڕندەیەک ئەچێ کە زگی برسی مەڵاسی* زەوی کردبۆ وچنگۆڵەی دادابۆ تاکەی نێچیر ئەگاتە بەر هەڵمەتی. رەنگە نەبزووتنەوەی باوکی وبە گرمە روانینی ببوو بەهۆی ئەمە کە مەحموود وەها بێتە بەر چاوی، ئاخر سێ چوارسەعات بێ چاو لەسەریەک دانان و بێ وچان، بێ روانین بۆ ئەملا وئەولا، تەنیا

چاو برینە شوێنێک وەها کە پیاو لای وابێ ئەم جووتە چاوە یاهەر ناگەڕێن یا بە هەودایەکی نادیاری بە شوێنێکەوە بەستراون.

ناچاری یە کە هەزار بیر ئەخاتە مێشکی ئادەمیزا — دەوە، مەحموود بیری کردەوە کە ئەم روانینە بە هەڵپەی هەرگیز بە باوکی یەوە نەدیوە. ئەکاتێ کە دایکی نەخۆش بوو، چاوی نابووە سەریەک وباوکی چاوەڕوان بوو ئەو چاو زەوی هەڵبڕێ وەدەری خا، کە هێشتا گیانی تێدا ماوە، نە ئەو جارە کە کۆرپەی برا گەورەکەی کە ئەبوو بە نەوەی باوکی خراباوەشی. کۆرپەیەکی ئێسک سووکی خوێن شیرین کە بۆنی شیر و گۆشتی زیندوو، لیباسی تازەی بە ئەسپۆن شۆراوی لێ ئەهات وەچاوی شینی پڕشنگێکی خستبووە سەر

بەروانکەکەی! بە کورتی مەحموود هەرگیز ئەم هەموو تاسە وهەڵپەی لە روانینی باوکی یا بەدی نەکردبوو.

مەحموود پڕ بەدڵ پێی خۆش بوو پاکانەی باوکی بکا! دەی جا چی بوو..... باوکم خێزانێکی زۆری بە ریشەوە بووە، منالی وردو درشت و سەروپێچکەی هەیە دایکم کەوتوو رەوتوو و ناسازە، ئەویش بۆ تێرکردنی ئەم هەموو زارە ئاواڵە وە زگە برسی یە ئەبێ هەوڵ بدا، هەوڵ بدا و بە هەموو لایەکا پەل بکوتێ! قەیدی چیە؟ کار کارە، چ سەودا وسەرەگری، چ سەپانی و درۆێنەوانی وە چ راوکەری. باوکم بەو راو کردنە هەم بژیوی خۆمان پەیدا ئەکا وە هەم بە فرۆشتنی نێچیرەکان بە کەلە بەرەکانی تری ژیانمان رائەگا.

مەحموود لەدڵی خۆیا ئەی ویست ئەو مەبەستانە قەبووڵ کا، بەڵام ئەم روانینە بە هەڵپە! بۆ کوشتنی کەوی بەستەزمان ریسەکەی لێ ئەکردەوە بە خوری، هەموو شتێکی لێ هەڵئەوەشاندەوە، دیسان روانی یەوە باوکی، ریشی ماش و برنجی بە دەم، شنەی ساردی بەربەیانەوە ئاڵۆز ئەبوو، دەمو چاوی

گنجاوی و لەبەر تاو سووتاوی باوکی کەوتبووە سەر بەردێکی قەوزەگرتوو و بە هیچ بارێک لەگەڵ بەردەکە جیاوازی نەبوو . باهۆی هەڵکراو و رووتی لەگەڵ داری تفەنگەکەی ئەتگوت دوو بە شی یەک باسکن . ئەمانە هەموو چاریان ئەکرا، بەلام ئەم روانینە کە بۆنی خوێن و رەنگی دڵ رەقی پێوە بوو شتێک نەبوو کە مەحموود لێی خۆش بێ. مەحموود لەبەر خۆیەوە گوتی :

بابە....وەگوێی گرت بۆ وەرامی باوکی دیسان بای ساردی بەیان بوو کە تۆزی خەوی لە چاوی ولاتی خەوالوو ئەسڕی بەلام باوکی مەحموود هیچ دەنگی لێوە نەهات . سینگی کە گیا نەرمەکانی شێلابوو ئەهەژا هاژانی مارێک لەبەر گەرمای هاوین، هاژانی سینگی دڕندەیەکی برسی کە بەشوێن نێچیرا رای کردبێ مەحموود بەرزتر هەرای کرد

" بابە، دیسان"

باوکی رووی وەرگێڕاوەو،وە- رامی نەداوە ، دەنگی مەحموود بە هەرای بابە بەرزتر بۆوە و کێوی ئەوبەر وەرامی داوە:

ـ بابە،بابە ، تەقەی تفەنگ هەستا و باوکی مەحموود نەراندی:

ـ یەک ، دوو، سێ چوار، پێنج،شەش، مەحموود هاواری کرد:

" بەسە ، بەسە."

چەند کەو کە هەریەک ساچمەیەکیان بەر کەوتبوو هەڵ ئەبەزین ، کەوێکیش باڵی شکاوی بەسەر،زەوی یا خێشکەی ئەکرد و خۆی رائەکێشا بۆ ژێر بنچە تووتڕکێک .باوکی مەحموود وەک تاوێر*ێک کە خ*لاری کەیەوە بە چەند باز و چەند سەرەنگری خۆی گەیاندە کەوە کوژراوەکان،چەقۆیەکی تیژی دەرهێنا وکەوەکانی سەر بڕی،خوێنی چەقۆکەی بە لکی پشتێندەکەی پاک کردەوە و نایەوە ناو گیرفانی، کەوەکانی جەللە کرد و لاقی بە پەتێکەوە بەستن و هەناسەیەکی کە لەمێژ بوو لەسنگیا قەتیس مابوو دا دەرەوە.مەحموود وەک خەڵفێکی ساوا کە لە بەرانبەر دارێکی پیرا شین بێ لەبەر دەمی باوکی چەقی و بەئەسپایی گوتی:

" بابە."

بابی وەرامی داوە:

"رۆڵەم"

مەحموود کوتی :

یەکێک بۆخۆمان دووی تریش بۆ فروشتن، ئەوانی ترت بۆ کوشت ؟

باوکی مەحموود لەپڕ هاتەوە بیری کە بە گوللەی دوایی دوو کەوی پێکاوە و ئەبوا حەوت کەوی سەربڕاوی پێ بێ . بە پەلە گوتی هەر لێرە بە رۆڵەم. لەبەر خۆیەوە گوتی :


" کەوە باڵ شکاوەکەم لەدەس دەرچوو، دەستی قوڕبن پشکنی باوکی مەحموود بەناو تووتڕکەکانا گەڕا و بە کەلاکی کەوەکە هاتەدەر مەحموود کوتی :

ـ مندار بۆتەوە، بڕوانە پەڕە جوانەکانی شەلاڵی خوێنە.

باوکی بەڕقەوە کوتی:

ـ حەیف بوو، چەند قەڵەوە، پاشان بێ ئەوە قسەیەک لەگەڵ مەحموودا بکا ملی رێی گرت و بەرە و ماڵ بووە.

بەڵێ، دەمە و بەیان ئەی سووڕاند، چەند پەڕی نەرم تێکەڵ بە گ*ەردە لوولێکی کەمخایەن بەرەو ئاسمان بەرز ئەبوونەوە و بە لەرینێکی بەئەسپایی ئەکەوتنەوە سەر زەوی . مەحموود ماوەیەک وەستا و تەماشای باوکی کرد ، تفەنگەکەی وەها گرتبوو ئەتگوت دەستی خۆیەتی و درێژتر بۆتەوە، هێشتا مەحموود لە گێژی رزگاری نەببوو کە دەنگی گر و پیاوانەی باوکی بەگۆرانی کەویار بەرز بووە.



شەخس

حاجی رئووف عەلیی

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردەواری خەڵک باوەڕیان بەوە هەیە کە یەکێک لە یارانی پێغەمبەر (د.خ) یا یەک لە ئەولیای خوا لە نزیک وان نێژراوە.

لەسەر قەبرەکە**خانووچکە و گومبەز** ساز دەکەن یا واڕش* بەدەوری قەبرەکەوە هەڵدەچنن و سواڵەت* و قاشوولە و بەردی سپی لە سەر دادەنێن و ئاڵای سەوز وسپی لەسەر هەڵدەدەن.

دارەکانی نابڕن ،لەزیانی مەڕو ماڵات دەیپارێزن. جا دیمەنێکی جوان و خەملیو پێک دێ.

دەڵێن هەرکەس توولە دار و ویشکەڵی شەخس بسووتێنی تووشی بەڵا دەبێ.

لە شەخسەکانی ناوچەی بانە داری بەڕوو و مازوو سەریان لێک ناوە وبوونە مێشەڵان

کوڕوکاڵ شەوانە لەگەڵ یەکتر گرێو دەکەن کە هەرکەس بتوانێ لەسەر شەخسی ئاوایی نیشانەیەک بەجێ بێڵێ) زۆر ئازایە چون پێیان وایە تووشی خێو* جنۆکە و شتی وا، دەبێ.

هەر شەخسەناوی تایبەتی خۆی هەیە.وەکوو: **چیمەن عەبداڵ، سەوزەپۆش ،تاقەدارە ،کانی مراد ،داروەکازە، حەوتەوانان ،بابەسەبەتلوو پیرموحەممەد، پیر مەحموود شێخ بۆزان ،هەیوان ساری قوتبی یەقین ،شێخەسوور ، شێخ چۆپان ،بابەشێخ، دایە شێخ، شێخەڕەش ، کۆسەی هەجیج ، بابەلاس ،یەحیای غەیب ،بابەگوڕگوڕ، و......**

بابەگوڕگوڕ لە ناوچە نەوتەڵانەکەی کەرکووک دایە کە ناوچەیەکی کوردنشینە و لەبەر ئەوە لەخیزەڵانەکەی نەوت دەهاتەدەر وئاگریان دەدا ،گڕی دەگرت ونەدەکوژاوە خەڵک پێیان وابوو ئەوە نووری مەزاری بابەگوڕگوڕە

ژنی نەزۆک بۆ منداڵان دەچوونە سەر ئەو شەخسە و دەیانگوت :

- بابە گوڕگوڕ هاتم
لەپڕ هاتم
بۆ گڕ هاتم
بۆ کوڕ هاتم

بەقسەی کۆنینەناسان ئاگرێک لە ئاورگەکانی ئێران لە فارس هەڵدەستا ودەکوژاوە. زەردەشتی یەکان پێیان وابوو موعجیزەی زەردەشتەو دەچوون لەوێ عیبادەتیان دەکرد. بۆیە زۆربەی ئاورگەکان لە ناوچە نەوتەڵانی یەکان ساز کراون.

بەڵام ئینگلیزی هاتن و لە کەرکووکی عێراق و فارسی ئێران نەوتیان هەڵێنجا. زانیان کە ئەمە موعجیزە نیە بەڵکوو نەوتە و دەتوانێ چەرخی سنعەتی دنیا هەڵسووڕێنی .

دەگێڕنەوە جارێک نوێنەرێکی مەجلیس لە چرچیل سەرەک وەزیری ئینگلیزی پرسی :" بۆچی ئاسیا وئەفریقا ئیستعمار دەکەن ؟"

چرچیل لە وەڵامدا دەڵێ : "ئێمە ئیستعمارناکەین حەقی کەوی بوونیان لێ

دەستێنین ."

جاری وایە **چاک وپیر** و **مەرقەد** ونەزەرگەش بە شەخس دەگوترێ .

ناوی هێندێک لەشەخسەکانی کوردستان بریتین لە :

ناوچەی بانە: **کانی بەن** ،**شێخ برایم**، **چیچۆران** **درگاشێخان** ،**سوورین ناوە** **خەلیفە برایمی سماقان**، **شێخ مەلا قادری چەمپاراو** **سەید ئەحمەدی ساوان**، **چاکە سواری تاژان** ،**مەلا مووسای تەوەکول** ،**پیرمراد** ،**سلەمان بەگ**

لەناوچەی سەقز: **شێخ برایمی بست** ،**شێخ حەسەنی مەولاناوا** ، **پیر وێنس** **حاجی شێخ مستەفا** ،**خەلیفە رۆستەمی حەوتاش** ، **شێخ عەبدولقادری دۆزەخدەرە** ، **پارسانی** ،**وێڵە**، **سەفاخانە**

لەناوچەی بۆکان :

زەنبیل ،**بورهان** ،**پیر محەممەدی بوغدەداغی**، **پیر سولتان** ،**حاجی شێخ گولنی ناچیت** .

حەسەن زیرەک گۆرانی بێژی کورد لەگۆرانییەکانی خۆیدا زۆر ناوی شەخسی بردووە .

هێندێک لەم شەخسانە زۆر بەناوبانگن و خەڵک لەرێی دوورەوە دەچنە زیارەتیان .وەکوو: **غەوسی گەیلانی** ،**وەیسی ماهیدەشت** و....

کۆمەڵ ناسی رۆژئاوا دەڵێن " شەخس پاشماوەی ئاینی **ناچرالیسموئانیمیسمو تۆتمیسم**"ە. **ناچرالیسم** یانی ئاینی تەبیعەت **ئانیمیسم** یانی گیان پەرستی و**تۆتمیسم** یانی ریشەپەرستی .

دەڵێن رازاندنەوەی داری کاج لە جەژنی **کریسمەس**دا لە نێو هەرمەنی یان وشەم کراندن و هەڵواسینی ئالای سەوز و سپی ودانانی سواڵەت و قاشوولە وبەرد لەسەر شەخسەکان ومتفەرک وەرگرتن لەوان کە لە جیهانی پێشکەوتووی ئیمرۆشدا لە ئورووپا بەتایبەتی **یوونان** و **ئیسلا** و **ژەرمەن** و **ئیسکاندیناوی**یەکاندا دەبینرێ بەڵگەیەکە لەو ئاینە کۆنانە .

جێی شەخس وشوێنەواری شەخس لەئیسلامدا جیاوازە . بەگشتی باوەری فیرقەکانی جۆراوجۆری ئیسلام لەسەر ئەوە ساخ بۆتەوە کە زیارەتی شەخس دروستە.

نزیک بوونەوە لە پیاوی چاک، بەکەلکە و مردوو و زیندووی جیاوازی نیە .

خەڵک زۆریان باوەرپێیە و فاتیحای بۆدەنێرن.

مردووی خۆیان لە دەور و بەری شەخس دەنێژن .خێرو بەرەکەت وکور وکچ و لەش ساخی لە شەخس داوا ، دەکەن .خەڵک پێیان وایە هەر شەخسە ودمی جۆرە نەخۆشی یەکی بەدەستە .یەک بۆ باداری ،یەک بۆشێت بوون وفێ گرتن ،یەک بۆ نەخۆشی پێست ، یەک بۆ ژن و....

بۆ وێنە پیرمحەممەدی بۆکان بۆ باداری ونەخۆشی پێست بەناوبانگە .ئەم شەخسە مریشکی لەخۆ گرتووە .یانی دەبێ مریشک سەر ببڕی و خوێنەکەی ئامێتەی خۆڵی شەخسەکە بکەی ولە بەدەنی هەڵسووی.

خەڵک لەسەر شەخس پووڵ وشیرینی دەبەشنەوە کولێرەی چەور و شیرین بە رێبوار وهەژاران دەدەن کراسی هەتیو نەزر دەکەن. بەردی تەنک بە کێلی مەرقەدەوە دەلکێنن. ئەگەر پێوەی لکا ،ئەوە نەزەری قەبووڵ بووە دەنا هیچ .


گڵ وبەردی شەخس ماچ دەکەن ولەسەرو چاویانی هەڵدەسوون و بە متفەرک لەگەڵ خۆیان دەیهێننەوە.

دەستە ونەزەر دەچنە پێش وهەرواش پشتا وپشت دەردەکەون .

سەرچاوە :

١- کۆمەڵ ناسی دوکتۆر تەبیبی .

٢- بیروباوەر بە شەخسە دارینە نووسراوی مەلا هادی ئەفخەمزادە .



... زانایانی بە ناو بانگی کورد ...

میرزا جەوادی قازی

موحەممەد قازی

میرزا جەوادی قازی کوڕی سیهەمی خواڵێخۆشبوو شێخ جەلال ونەوەی خواڵێخۆشبوو میرزا ئەحمەدی قازی یە. لە ساڵانی نیزیک بە ١٢٦٠ هەتاوی لە مەهاباد یا سریلاوا لەدایک بوو. دایکی ناوی پیرۆزە خانم بوو.

میرزا جەواد دوو برای لەخۆ گەورەتری بوو کە یەکیان میرزا عەبدولخالەقی قازی ئیمام جومعەی شاری مەهاباد بوو ومیرزا سەعیدی قازی کە لە سریلاوا بە کاری کشت وکاڵ بەڕێ دەچوو

شێخ جەلال باوکی میرزا جەواد پاش بەینێک ژنێکی دیکەشی هێنا و بوو بە خاوەنی کوڕێکی دیکە بە ناوی ئەحمەد کە هەر لە منداڵی یەوە نازناوی"شێخ"ی بەسەردا بڕا بەو جۆرە میرزا جەواد برایەکی چکۆلەشی بە ناوی "شێخ ئەحمەد" بۆ پەیدا بوو.

زۆرمان ئاگا لەژیانی منداڵی و لاوەتی میرزا، جەواد نیە. هەر ئەوەندە دەزانین کە شێخ جەلالی باوکی لە پاش لەدایک بوونی "شێخ ئەحمەد" هەموو روحم وعەلاقەی خۆی دا بەو منداڵە و مەیلی کوڕە گەورەکانیناوبەجارێک فەرامۆش کرد.

میرزا جەوادیش وەک هەموو کوڕانی تایفەی قازی رۆیشتە مەکتەب و فێری خوێندن و نووسین بوو. پاشان لەمەدرەسەی فەقێیان لە مزگەوتی شادەروێشدا دەستی بەخوێندنی " فقه و اصول ومعانی وبیان" کرد و چونکە لاوێکی بە فکرو تێبین بوو لەلای یەکێک لە کاربەدەستانی"نەخۆشخانەی ئەمریکایی مەهاباد " زمانی ئینگلیزیش فێر بوو. بەڕێچوونی بریتی بوو لە جیرەی کەمی مزگەوت وخۆی لە باوکی نەدەگەیاند.

نووسەری بەشێکی ئەم سەرگوزەشتە (محەممەدی قازی) دەڵێ:

ڕووداوێکی ئەو تەمەنەی دوکتۆر جەوادی قازیم لەبیر ماوە کە لە خودی خۆی بیستوومە و رەنگە ئەگەر بۆتانی بگێڕمەوە پێتان خۆش بێ .

خواڵێخۆشبوو گێڕایەوە کە لەکاتی فەقێیەتی لە مزگەوتی شادەروێشدا پێداویستی بە کتێبی " شرح رسالە اقلیدس" بە زمانی عەرەبی پەیدا دەکا و پارەی پێویستیشی نابێ کە لەبازار بیکڕێ. گۆیا قیمەتی ئەم کتێبە سێ تمەن بووە و دابین کردنی پووڵی وازۆر! بۆ فەقێیەکی رەش ورووتی وەک میرزا جەواد کە بە دەگمەن قرانێکی پووڵ لە گیرفانی خۆیدا دیبوو زۆر زەحمەت بوو! مەیلی کڕینی ئەم کتێبەی نابوو کە لەپڕا خەبەریان پێدا شێخ جەلالی باوکی لەگوندەوە، هاتۆتە شار و لە ماڵی خواڵێخۆشبوو میرزا قاسمی قازی باوکی خواڵێخۆشبوو قازی عەلی و باپیرەی خواڵێخۆشبوو قازی محەممەد دابەزیوە.

میرزا جەواد زۆرخۆشحاڵ بوو وبە پەلە پەل خۆی گەیاندە باوکی تا پارەی کڕینی کتێب وەرگرێ. لە پێشخانەی دیوەخانی ماڵی میرزا قاسمدا نۆکەری باوکی چاو پێکەوت .نۆکەر

مزگێنی بە میرزا جەواددا کە ئاغا بە پوولێکی قورسەوە هاتۆتە شار و تەنانەت بەنیازە دەزبەندێکی زێڕیش بۆشێخ ئەحمەدی مەلۆتکە بکڕێ . میرزا جەواد بە هیوا و هومێدەوە لە باوکی وەژوور کەوت و سڵاوی کرد. میوانێکی زۆر خۆیی و بیگانە لەخزمەت قازی گەورە دانیشتبوون و بە قسەی خۆش خافلاّ بوون و پێدەکەنین. حاجی شێخ جەلالیش لەو کۆڕەدا بوو. بە دیتنی جەوادی کوڕی زۆر خۆشحاڵ بوو و لەکار و بارو ژیانی پرسیاری کرد.میرزا جەواد هێندێکی باسی ژیان و کاروباری خۆی کرد و پاشان داوای دە تمەنی پووڵ لە باوکی کرد تا کتێبی پێویست و جل وبەرگ بۆخۆی بکڕێ و لە کۆتایی قسەکانی دا کوتی " ئاخر منیش مافێکم هەیە !".

وەک شتێکی ئەو رستەی دوایی قسەی زیادی بوو . چونکە هەر ئەم قسە بوو بەهۆی ئەوە باوکی جوابی نەداتەوە وبەتووڕەیی یەوە بڵێ :

" ناماقوڵت کرد! کام ماف ؟ میراتی باوکت لە من دەوێ ؟"

باسی میراتی باوک بوو بەهۆی پێکەنینی دانیشتوان چونکە خۆی باوکی میرزا جەواد بوو. کاتێک شێخ جەلال ملی نەدا پووڵ بە کوڕ بدا میرزا جەواد، هەموو پەرژین و سنووری



ئەدەب وحورمەتی لەژێر پێ نا و بە جەسارەتەوە رووی لە دانیشتوانی کوڕەکە کرد و گوتی :

" ئاغاکان ا دەبینن کە باوکم چەند بێ ئینساف و بێ مولاحەزەیە. پوولێکی زۆری هێناوە تا بۆ کوڕە چووکەکەی کە ئێستا لە نێو پیسایی دا جینگڵ دەدا وپێی هەڵ نەگرتووەدەزبەند و خڕخاڵی زێر بکڕێ. بەلاّم دە تمەنی لەمن وەچاوە کە دەمەوێ کتێب ولیباس بکڕم ئێوە بەوە دەڵێن باوک ؟"

جموجووڵ و هەرا هەرا کەوتە کۆڕ و هەموو بە نیگای پڕ تانەو تانووتەوە دەیان روانی یە شێخ جەلال میرزا جەواد لەبەر دەرگا راوەستابوو. باوکی دەستی کرد بە جوێن دان و تەنانەت هەستا تەمێی کا. بەلاّم جەواد وەدەرکەوت و باوکی لەجێگای خۆی دانیشتەوە بەم جۆرە ژیانی

فەقێ جەوادی قازی زۆر بە تاڵی رابرد تاقەزاو قەدەر یا هەڵکەوت درگای رەحمەتی بەسەردا کردەوە و میرزا جەوادە رووتە ئەو فەقێ فەقیرەی مەهابادی بوو بە دوکتۆر جەوادی قازی.

بۆ شی کردنەوە وبەر چاوخستنی باشتری ئەم رووداوە ناچارین باسەکەمان بگۆڕین و باسێکی گرینگ و سەرنج راکێش بێنینەمە گۆڕێ.خوێنەرانی خۆشەویست ئاگادارن کە بەشێک لە ئەدەبی جوان ودڵ بزوێنی کوردی ئەو بەیت وچریکانەن کە لەکۆنەوە ماونەوە و هەرکامیان سەرگوریشتەیەکی دلّداری،حەماسی وقارەمانەتی یا دینی دەگێڕنەوە. ئەو

بەیتانە بە شێوەی شیعری ئازاد وسەربەخۆن وهێندێک لەوان لەبابەت جوانی و کێش و چێژەوە لە ئەدەبی جیهانی دا کەموێنەن. زوربەی ئەم بەیتانە دانەریان دیار نیە و نازانین کێ، کەنگێ، لە کوێ گوتوویەتی. هەر ئەوەندە دەزانین بەرە بەرە لە سینگەوە بۆ سینگ و لە دوورەوە بۆنیزیک هەڵدێراون و گەیشتوونە ئێمە.

نەبوونی فەرهەنگی رێک وپێک و بێ بەشی لەچاپ و پەخشان نەیهێشتووە ئەم بەیتانە لە کتێباندا کۆ ببنەوە وبە دەستمان بگا. تەنیا پیاوانی دەنگ خۆش و بە قەریحە و خاوەنی چێژی شیعر ئەم بەیتانە فێر بوون و لە کۆڕ و مەجلیساندا گوتوویانە. وێش دەچێ جاروبار بە سەلیقەی خۆیان هێندێک ئاڵ وگۆڕیان لە بەیتەکاندا پێک هێنابێ بەڵام ئەم ئاڵ و گۆڕە، هەرگیز تەواوەتی قەوارەی بەیتەکانی لەنێو نەبردووە و رووداوەکان هەر وەک خۆیان ماونەوە.

لە لایەن نووسەران و زانایانی کوردەوە بۆ کۆ کردنەوە وچاپ کردنی ئەم بەیتانە زەحمەتێکی بایەخدار کێشراوە بەڵام تەلاش و تێکۆشانی رۆژهەڵاتناسان و زانایانی بێگانە لەم بەستێنەدا زۆر بەرچاوترە. لەنێو ئەواندا بەتایبەتی کاری رۆژهەڵاتکوی فەرەنسی وئۆسکارمانی ئەلمانی لە هەموان گرینگترە.

ئۆسکارمان رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی کەزۆر گیرۆدەی ئاسەواری فۆلکلۆرێکی کوردی و ئێرانی بوو لە ساڵانی ١٩٠٣ یا ١٩٠٤ هاتە مەهاباد و پاش ئەوەی لە رێگەی وەرگێرانەوە-ئەویش ناتەواو-سۆزەی جوانی و قووڵی بەیتەکانی کوردی کرد لێ بڕا خۆی کوردی فێر بێ تا جوانی و رەزا سووکی و لوتفی بەیان راستەوخۆ تێ بگا و نیازی بە وەرگێڕ و وەرگێڕان نەمێنێ.

بۆ فێربوونی زمانی کوردی مامۆستای لە میرزا جەواد باشتردەس نەدەکەوت چونکە میرزا جەواد خۆی ئەویندارى فەرهەنگ و ئەدەبی کورد بووهێند یکیشی ئینگلیزی دەزانی و دەیتوانی ئوسکارمان باشتر تێ بگەیەنێ.

لێزانی ودڵسۆزی مامۆستا وئیشتیای شاگرد بۆ فێر بوون بوو بەهۆی ئەوە کە ئۆسکارمان لەماوەیەکی زۆر کەمدا کوردی ناوچەی موکریان بەباشی فێر بێ و ئەگەر لاوەکی نەبایە کەس نەیدەزانی کورد نیە سەیر ئەوەیە کەئۆسکارمان تەنیا بە ساڵ و نیوێک ئەو سەرکەوتنەی وەدەست خست.

دوکتور جەوادی قازی دەگێرێتەوە:

"رۆژێک لەگەڵ ئۆسکارمان ومیرزائەسکەندەری بەیت بێژ لەقەراخ چۆمی مەهاباد دانیشتبووین و میرزا ئەسکەندەر بەیتی "لاس وخەزاڵ"ی دەگوت و ئەویش بە ئەلف بێتکەی لاتین دەی نووسیەوە. لەنەکاو لە جێگەیەکی بەسەرهاتی لاس و خەزاڵدا کە دەگاتە دەربڕینی سۆزو کوڵی لاس، رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی سوێندی خوارد کە بابەتی ئاوا جوان و دڵڕفێن لەئاسەواری هیچ نووسەرێکی رۆژاوادا نەخوێندووە. ئاوا جوان و دڵڕفێن لەئاسەواری هیچ نووسەرێکی رۆژاوادا نەخوڵقاوە و نیە!

بەڵێ، ئۆسکارمان پاش فێربوونی زمانی کوردی بە یارمەتی میرزا جەوادی مامۆستای ومیرزائەسکەندەری بەیت بێژ کەوتە کۆکردنەوەی ئەو گەنجینە بێ وێنەیە و پاشان ویستی بەرەوزێدی خۆی بگەڕێتەوە. ئەوەندەی میرزا جەواد خۆش دەویست کە نەیتوانی بەجێی بێڵێ تکای لێکرد لەگەڵی بڕواتە ئەلمان وله رێک وپێک کردنی بەیتەکاندا بەزبانی لاتین

یارمەتی بدا و خوێندنیش درێژە پێ بدا. میرزا جەواد ئەو هەلەی لەدەست نەدا و لەگەڵ ئۆسکارمان رۆیشتە ئەلمان ورەخت و پەلاسی لە شاری برلین بە عەرزی دادا.

ئۆسکارمان بەیتەکانی بەیارمەتی میرزا جەواد لە چاپ دا وکورتەرێزمانێکیشی لەسەر زبانی کوردی لەگەڵ وەرگێراوی بەیتەکان بە ئەلمانی بلاو کردەوە.

من (محەممەدی قازی) ئەو کتێبەم بوو. بەیتەکانم بەلاتینی دەخوێندەوە بەلام چونکو ئەلمانیم نەدەزانی نەمتوانی لە وەرگێراوەکە و رێزمانەکەی کەلک وەرگرم.

میرزا جەواد هاوکات لەگەڵ یارمەتی دانی ئۆسکارمان فێری زمانی ئەلمانی بوو و رۆیشتە "زانکۆ" حقووق و خوێندنی خۆی تاوەرگرتنی دوکتۆرا درێژە پێدا. سەفارەتخانەی ئێران لە ئەلمان ئەو پیاوە زانایەی قۆستەوە وبوو بە مونشی سەفارەتخانە.

پاش ماوەیەک میرزا جەواد ژنێکی ئەلمانی هێنا ئەو ژنە لە بنەماڵەیەکی گەورەی ئەلمانی بوو. باوکی یەکێک لە دەریادارانی گەورەی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. بەلام ئەم تێکەڵاوی یە بێ ئاکام مایەوە و منداڵیان نەبوو میرزا جەواد کەئێستا ببووە دوکتۆر جەواد، وردە وردە پلەوپایەی وەسەرکەوت و هەر لە ئەلمان مایەوە.

لە ساڵی ۱۳۰۷ هەتاویدا داوەر وەزیری دادگوستەری ئەو سەردەمە کە دوکتۆر جەوادی باش دەناسی تکای لێکرد بگەڕێتەوە ئێران و لە دادگوستەریدا کار بکا بەمجۆرە دوکتور قازی گەڕاوە ئێران بەلام ژنەکەی لەگەڵی نەهات ولە ئەلمان مایەوە. لە تاران دوکتۆر قازی ژنێکی دیکەی هێنا کە ئەوجاریش نەبوو بە خاوەنی منداڵ بە وەجاخ کوێری مایەوە.

پاش ماوەیەک دوکتۆر قازی کە منداڵی نەبوو و میرزا عەبدولخالەقی براشی وەفاتی کردبوو وبیستبووی کوڕێکی چاردە پازدەساڵەی هەتیوی لەپاش بەجێ ماوە کەوتە سەر ئەو فکرە کە ئەو کوڕە بێنێتە لای خۆی و دەبەر خوێندنی بنێ. ئەو کوڕە ناوی محەممەد بوو. ئەویش کە باسی مامی خۆی بیستبوو چەند نامەیەکی بۆ نارد و تکای لێکرد بیباتە لای خۆی لە تاران. محەممەد ساڵی ۱۳۰۸ هاتە لای دوکتۆر جەوادی قازی و لە دەبیرستانی "دارالفنون" دا دەستی بە خوێندن کرد. محەممەد دەرس خوێنێکی زۆر قابیل بوو.

لە ساڵی ۱۳۱۵ دیپلۆمی ئەدەبی و لە ساڵی ۱۳۱۸، لیسانسی حقووقی وەرگرت محەممەدی قازی وەدوای کاری حقووقی نەکەوت ورووی لە ئەدەب کرد. ساڵی ۱۳۲۲ ژنی هێنا و لە مامی جیا بووە. ئەو محەممەدە هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەناوی "محەممەدیقازی" دەیناسین و یەکێک لە ناسراوترین و گەورەترین وەرگێڕەکانی ئێرانە و کەمتر کەسێک هەیە نەیناسێ.

دوکتۆرقازی ساڵی ۱۳۳۷ لە نەکاو نەخۆش کەوت. دوکتۆران لایان وابوو ئەپاندیسی هەیە. بەلام کاتێ جەراحی بۆیان دەرکەوت کە سەرەتانی هەیە

دوکتۆر قازی لەونەخۆشی یە هەڵنەستاوە و پاش چەند رۆژ وەفاتی کرد.

دوکتۆر قازی شارەزایی تەواوی بە چەند زبان (ئینگلیزی - فەرانسە ئەلمانی - عەرەبی - تورکی فارسی وکوردی) هەبوو. بێجگە لەو خزمەتەگرینگەی کە لە کۆکردنەوەی بەیتان دا بە زمانی کوردی کردووە هێندێکیش مەقالەونووسراوەی دیکە هەن کە زوربەیان بلاو نەکراونەوە.

ئێمە و خوێنەر



شنۆ : کاک بەدرەدین محەممەد ئەمین ساڵح ئیسقێلی :

زۆر سپاس دەکەین کە جەدوەلت بۆ ناردووین . بەداخەوە واژەی ناو جەدوەلەکەت لەگەل رێنووسی زمانی یەکگرتووی کوردی رێک ناکەوێ .بۆنموونە (آرارات) دەبێ ئاوا بنووسرێ(ئارارات) تکایە بە دەبەرچاوگرتنی ئەم رێنووسە جەدوەلی دیکەمان بۆ بنێرە .

سەقز: کاک زاهیدی کازمی :

نامەکەت باسێکی رۆشنبیری مێژوویی و چەند پارچە شیعری تێدابوو. کە هەرچەند لەرادەی چاپکردن دانین بەڵام زۆر جێگەی سپاسە کە بابەتی جۆراوجۆرمان بۆ دەنێری. ئەوەش بزانە کە ناردنی بابەت هەرچی بێ و هەر چەشنێک بێ نابێتە هۆی گیروگرفتی ئێوەی بەرێز.

کەرەج: سەرئاسیابی مەلارد : کاکە عەلی زەحمەتکێش :

وەڵامی پرسیارەکانت بەم جۆرەن :

١ـ هۆی دواکەوتنی گۆواری سروە دەست نەکەوتنی کاغەزە، کە خەبەرمان پێگەیوە ئەم کەمایەسی یە نەماوە و سروە زوو زوو بڵاو دەبێتەوە .

٢ـ لەسەر داوای ئێوە و ویستی خۆمان لە هەموو مامۆستایانی ئایینی داوا دەکەین لە ژن بەژنەدا ژن مارە نەکەن .

٣ـ لە سروەدا کەم و زۆر باسی تاریخی کوردستان دەکەین و خودا یاربێ زۆرتریش پەرە بەو باسانە دەدەین .

٤ـ شیعری مامۆستا قانیع زۆر بەربڵاو ناسراون .ئەگەر شیعری جوانی ئەو پایەبەرزەت هەیە بۆمان بنێرە چاپی کەین .

٥ـ مامۆستا هەژار ئێستا لە کەرەج دەژی و خەریکی نووسین ولێکوڵینەوە و کاری فەرهەنگی یە . لە سەردەمی پێکهاتنی کۆنگرەدا نەخۆش بوو و نەیتوانی بەشدار بێ .

بۆکان :داشبەند: کاک جەعفەری رووحی زادە :

نامە و نووسراوەکەتمان پێگەیشت . باسێکی تێدابوو کە فێری مشک گرتنمان دەکا بەشێوەی نوێ، کاربەدەستانی سروە دەڵێن ئێمەدا نەویڵەمان دەماڵێ دا نیە و مشکیش روومان تێ ناکەن ! زۆر، سپاست دەکەین . خاترەی خۆشمان بۆ بنێرە .

ئەهواز: جاویدی ئەمینی :

گۆواری سروە جارێ هەواڵنێری وەرزیشی نیە و ئێوە دەکرێ ئاگاداری پێویست لە گۆوارە وەرزشی ـ یەکاندا بدۆزنەوە. ژماری دانیشتوانی ئازەربایجانی رۆژاوا ١/٨٧٩/٠٠٠ وژماری دانیشتوانی ئوستانی کوردستان ١/٢٠٠/٠٠٠ نەفەرە.

ئازەرشار : کاک خەلیلی ئەحمەدزادە :

ئێمەش سەد ئەوەندەی تۆ لە ژن بەژنە تووڕەین . زۆرمان لەسەر نووسیوە و دیسانیش بەگژی دا دەچینەوە. لامان وایە ئەم رەسمە بەرەو فەوتان ونەمان دەڕوا و ئێمەش دەبێ ئاهەنگی رۆیشتنی کرژتر بکەین .

بۆکان : کاک محەممەدی سوڵتان پوور :

دەستت خۆش بێ بۆ جەدوەلی داتناوە. زۆرجوانە. کەلکی لێ وەردەگرین .تکایە ئی دیکەشمان بۆ بنێرە .

شنۆ : کاک رەحیمی خالیدی :

"سروە" پڕە لە باسی فەرهەنگی. نازانین مەبەستی

ئێوه له "فەرهەنگی" چیه ؟

سەقز : کاک نەوید :

بێگومان شاعیر یا نووسەری کورد زۆرن که به فارسی دەنووسن و شیعر دەڵێن.ئێمه ڕێزیان بۆدا دەنێین و به سەرمایەی مەعنەوی کوردیان دەزانین بەڵام ناتوانین شیعر و نووسراوەی فارسی ئەوان بخەینە ناو سروه چونکه بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی تەنیا سروەمان هەیە، بەڵام بۆ زمانی فارسی گۆوار و کتێب و ڕۆژنامە زۆرن .

نەغەدە_کانی بلاغ. کاک عەلی مەحموودی :

سەلاحەدین ۲۰ساڵ فەرمانڕەوایی کرد و مێژووی کورد شانازی پێوە دەکا و بۆگەلی خۆشی زۆر تێکوشاوە. کوردی دوو لەهجەی هەرا و وبنەڕەتی هەیە. کورمانجی سەروو و کورمانجی نێوەراست .

کورمانجی سەروو لەکوردستانی تورکیە وشیمالی کوردستانی ئێران وعێراق دا دەکار دەکرێ .کورمانجی نێوەراستیش لەناوەند و جەنووبی کوردستانی ئێران و عێراق کەلکی لێ وەردەگرن . دیارە لەهجەی کۆن و ئەسیلی وەک هەورامی ولەکی و... هەن . خوالێخوشبوو حەسەن زیرەک زۆری تەرانە هەن کە ئێمە ژماریان نازانین .

پیرانشار : کاک عەلی ئاغەندە :

نوسیوته "قلم دردست من مانند آب است ـ خجالت میکشم خطم خراب است "

ڕاست دەکەی ، خەتت زۆر ناخۆشه ، بەڵام لەلای مامۆستایەک مەشقی خەت بکەی خەتت خۆش دەبێ و ئێمەش بەجوانی نامەکانت دەتوانین بخوێنینەوە .

شنۆ : کاک جەعفەری جاویدفەر :

ئەگەر هێندێ جار جێگەیەک لە نووسراوەیەک لەژێر چاپدا خراپ دەبێ و ناخوێندرێتەوە بۆ ئێمە وەک کوێروو لەگەنمی دابین وایە . بەڵام جاروبار شتی وا هەر دەبێ بەتایبەتی ئێمە لێرە و چاپ لە تارانێ !

ژمارە دە تایبەتی ساڵهاتی مەرگی مامۆستا هێمن بوو بۆیە تەنزی تێدا نەبوو. تەنز ودیاری یەکانت ڕەنگە زۆر لەمێژ بێ ناردبێ و بایەگانی کرابێ. هەو ڵ دەدەین بیان دۆزینەوەوئەگەر بۆ چاپ ببن کەلکیان لێ وەرگرین .

گوندی سونجاغ: کاک عوسمانی عەزیزی :

هەروەک نووسیوته هەڵەیەک لە فێهرستی ژمارە دەدا هەیە لێمان ببوورە. ئێمە بۆ موناجات هەر لاپەڕەیەکمان تەرخان کردووە، بۆیە موناجاتی مەولانا خالید ناتەواوە وجێگەی نەبۆتەوە . تکایە وەختی کڕینی گۆوار هەموو لاپەرەکان چاو لێکە با وەک ئەوجار گۆواری ناتەواوت بەر نەکەوێ .

نامە و دیاری ئەم ئازیزانەشمان پێ گەیشتووە

ئەهواز :

عەلی مەحموودی ـ جاوید ئەمینی .

ئازەرشار :

خەلیل ئەحمەدزادە

بۆکان :

جەعفەرمەعرووف ڕووحی زادە ـ محەممەدسولەیمانپوور

پیرانشار :

سەلاحەدین خەلیلی

سەقز :

زاهید کازمی ـ عەزیز نەوید

کەرەج :

عەلی زەحمەتکێش

شنۆ :

ڕەحیم خالیدی

مەهاباد :

جەعفەر خۆشڕوویی

نەغەدە :گەرگوولی خواروو :

عەلی عومەری

بەدرەدین ئیسقێلی ـ محەممەد ئەحمەدی

راو ...

کوشتنی رازاوە



پاش بڵاوبوونەوەی چەند وتار لەسەر راو لە ژمارەکانی سروەدا بەپێویستم زانی راوچی یەکی کارامە پەیدا بکەم وبیناسێنم تا راو و راوچی وێکڕا بناسرێن چون وەختێک زانیمان راوە کەو چۆنە و کەروێشک چۆن راو دەکرێ وا باشە ئەوەش بزانین کە راوچی ئەوانە کێ یە یاخۆ چەند جۆرە راومان هەیەوراوچی بە کێ دەڵێن .

هەر بۆیە منیش بوومە راوچی راوچی ووەدووی پێ و شوێنی کەوتم. زۆرم، پرسیار کردن تا ئەوەی لێی دەگەڕام دیتمەوە.

خەڵکی شاری **شنۆیە**.ناوی **مستەفا** وشۆرەتی **مەحموود زادەیە**. کۆنە راوچی یە و لە زۆر شتان دەزانێ . وەختێک لەبارەی راوپرسیارم لێکرد گوتی :

بنەماڵەی ئێمە زۆر دڵبەندی راو بوون منیش بوومە هۆگر و عیشقم کەوتە سەری . ئەگەرچی هەموو شیروتیرم قۆچەقانی یەک بوو بەڵام دوایە توانیم تفەنگ لەشان بکەمو بە تەنیایی بحمە راو.

راو هانەیەکی تایبەتی هەیە و ئەنگیزەی راوچی لە راو بەپێی هەل ومەرج و وەزعی ژیان و جێگەی بنەگرتنی ئەو جیاوازی هەیە و نیەتی راوچی فەرق دەکا ویستم بزانم کاک مستەفا بۆ چ مەبەستێک دەچێتە راو.

کوردستان هەریمێکی شاخاوی وبەرزە ولە چڕ و رەوەز ودارستان و لێڕ پێک هاتووە وراو یەکێکە لە تایبەتی یەکانی ناوچەی کوردستان .راوچی کەدەچێتە راو نەزەری لەگەڵ ئەویدی جیاوازە. یەک تەنیا بە مەبەستی کوشتن دەچێتە راو. یەک بۆ گۆشت راو دەکا . یەک بۆکەڵک وەرگرتن و بەهرەوەربوون لە ئاو و هەوا وتەبیعەت دەچێتە راو. من بۆخۆم هەم بۆ وەرزیش وکەڵک وەرگرتن لە ئاو و هەوای تەبیعەت دەچم و لە پەنای وانەش لە راو کە نیعمەتیکی خوا داوە بەهرەمەند بم.

ئەڵبەت بەئوسوولێکی راست و بەجێ نەک بەشێوەیەک بێ کە باری وەرزش و راو لەنێو ببا. راو بەر لە هەموو شت شۆروشۆقەکەی خۆشە. راوچی شۆروهەیەجانێکی

تایبەتی هەیە کە سەرما و گەرما و ناڕەحەتی و کەم بوون و نەبوونە قەبووڵ دەکا دەنا ئەگەر بە زەبر وزۆری بێ سەعاتێکیش خۆی پێ راناگیرێ .

وادیار بوو باسی ئینسانی ترین مەبەستی راوی راگەیاندووە بەڵام باسی ئەوەی نەکرد کەخۆی چ لە نێچیرەکانی دەکا . هێندەی پێ نەچوو وەک چاوەڕوانی ئەم پرسیارە بووبێ گوتی:

ئەگەر تائێستا چوومە راو ، نێچیرەکەم لەنێوان دۆست وبرادەرا ن بەشیوەتەوە و پێستەکەشم هەر بەدیاری ناردووە یامێوا ن هاتووە و لەگەڵ خۆی بردوویەتی . تەنیا وێنەکەیا ن لەلای من ماوەتەوە .

دەی جا ئەگەر وایە بۆ راو دەکەی ؟

گۆشت نێعمەتێکی خوا داوە وەک نێعمەتەکانی دیکە وەک گەنم! ئەگەر بەجێ کەڵکی لێ وەر نەگری دەفەوتێ. بڕوانە لە گەنم ئەگەر وەختی خۆی نەدروێتەوە ورەعەمەل نەیە دەپەڕێ وبۆ کەڵک وەرگرتن نابێ. ئەڵبەت هەر ئەو نێعمەتە ئەگەر بەشێوەیەکی خراپ کەڵکی لێ وەربگیرێ نابێ .

یانی چی؟ بە شێوەی خراپ کەڵکی لێ وەربگیرێ چ مانایەکی هەیە؟ بۆ من پرسیار ئەوە بوو کە چ دەبێ ئەگەر هەموو کەس گۆشت نێچیر بخوا ؟ یا لەم نێعمەتەی خوا هەموو بەشدار بن ؟ باسەکەم دیسان هێناوە گۆڕ تاپتر شی بێتەوە .



"مەبەست لە کەڵک وەرگرتنی هەڵە ئەوەیە کە راوچی چون لەگەڵ تەبیعەت و نێچیر و راو بەرەو رووە دەبێ سیفاتی جوامێرانەی ببێ یانی وەختی وا نەچێتە راو کە نێچیر بێچووی لەبەر بێ چون ئەو دایکە ساڵێکی دیکە بۆخۆی چەند بێچووی دەبێ و هەریەکە بۆخۆی دەبێتە نێچیرێکی تازە بەڵام ئەگەر وا نەکا نەسل و تۆرەی ئەو گیاندارە لەنێو دەچێ و ئەم نێعمەتە هەر بۆ ئێمە نیە و داهاتووش بەشیا ن پێوەیە. ئەو دەم بەشی ئەوان نامێنێ .

— نەخشی ئیدارەی موحیتی زیست لەم نێوەدا چیە ؟

لە یەکەم پلەدا ویژدانی ئینسا ن مەترەحە راو وشکار شتێک نیە دەستی بەسەردا بگیرێ.هیچ کەس ناتوانێ راوچی کونترۆڵ بکا بەڵام وەکی گوتم:" مەبەست ئەوەیە کە راوچی بۆ دەچێتە راو . ئەگەر مەبەستی زۆرکوشتن بێ هەڵەیە و بە قەولی فارسا ن پیاو بۆ گەشت "گشتن" بچێ نەک بۆ "کشتن" (کوشت) . موحیتی زیست ئینسانی شارەزای لێیە و رێنوێنی راوچین گۆوارەکانیشیا ن زۆر بە کەڵک بوون و من تا رادەیەکی زۆر کەڵکم لێ وەرگرتووە .

باس لە راو کرا و دەبوو بپرسم راوچی بەتەواو مانا چ تایبەتی یەکی هەیە پرسیم لەوەڵامدا گوتی :


— روانینی راوچی لە هەر شوێن و مەڵبەندێک

بەپێی هەل ومەرجی ژیان جیاوازە.

ئێمە بۆ وەرزش و هەڵمژینی هەوای فێنکی کوێستان و خواردنەوەی ئاوی تەبیعەت دەچینە راو ئەگەر نێچیریشمان نەکوشت زۆر بەلامانەوە گرینگ نیە و نارەحەت نابین.

بەپێی ئەو مەبەستە راوچی نیە. خۆ نابێ هەر چی وەبەرچاو هات بیکوژی.

چەکی قەدیم زۆری پێ نەدەکوژرا. وەسیلەی هات و چۆ وەک ئێستا نەبوو ئێستا رێگای ماشین و هات و چۆ خۆش بووە و خەڵک بۆ راو کەمتر لە ئەسپ کەڵک وەردەگرن.



..ئەگەر کەوێکم کوشت، کەوی دووەمیش هەر ئەوەیە...

لە لایەکی دیکەوە کە کەرەسەی راو لە ساڵان پترە و ئیمکانات زۆرترە و چەک زۆرتر لەبەر دەستی خەڵکە وەزعی راوی کوردستان لەم هەل ومەرجەدا چۆن دەبینی ؟

من وەک راوچی کە دەچمە راو دەبێ ئەوە بزانم کە ئەگەر کەوێکم کوشت کەوی دووەمیش هەر ئەو کەوەیەوهیچ فەرقی نیە. ئەوەی بەو مەبەستە راو دەکا دەتوانم بڵێم تۆرەی بەعزە نێچیرێک لە وڵات براوە. وەک بەران. مەگەر چلۆنکایی لە قۆرغ (وەک مەرەکانی وەدەست بکەوێ) جێگای ژیان بۆ نێچیر نەماوە. هەموو جێگایەک لێکدراوە، دەبێ لێرەدا ئیدارەی "موحیتی زیست " ئەرکی خۆی بنوێنێ و ئەم کارە گرینگە وەستۆ بگرێ وراوچیش یارمەتی بدەن.

ـ چۆنە تۆ بە ناوی راوچی یەکی کارامە ناوبانگت دەرکردووە.

ـ ئەڵبەت ئەوە لوتفی دۆستانە ودەنا من وەکی تۆ دەفەرمووی وانیم. بەڵام بەگشتی یەکەم هۆی مەهارەتی راوچی عەلاقەیە. ئەگەر دڵبەندی و عەلاقە نەبێ کەس ناتوانێ ئەم مەودا دوور ودرێژە ببڕێ و سەرما لە قەبرغەی بدا و گەرما دایهێزێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە لێهاتوویی راوچی بەستە بە مرخ و ئیستعدادی ئەوە. راوچی دەبێ بەسەر کەندوکۆسپەکانی رێگایدا زاڵ بێ. دەبینی چویە راو. حەوتوویەک دەخولێیەوە هیچت وەگیر نەکەوتووە بەڵام لە پڕ تووشی نێچیر دەبی. یا بە سەریدا دەکەوی. نابێ دەستت بلەرزێ، نابێ بشەمزێی.


هۆیەکی دیکەی لێهاتوویی راوچی ئیمکاناتە ئەگەر راوچی یەکی باش عەلاقەی بە راو بێ و ئیستعدادیشی زۆر بێ بەڵام

ئیمکاناتی نەبێ ناتوانێ راوچی بێ. یا بەپێچەوانە ئیمکاناتی هەبێ وئیستعدادی راویشی هەبێ بەڵام دڵبەندی بە راو نەبێ ناتوانێ ببێ بە راوچی

ئەوجار دەبێ راوچی فەسڵی راو بناسێ ، هەر فەسڵەی وەختی راوێ شتێکە و هەموو ئەوانە جیاوازی - یان هەیە کەخوا یار بێ و مەرگ مەودا بدا وردە، وردە باسیان لێدەکەین

دەبینین بۆ وێنە راوی کەروێشک پایزە و بەران زستانە هۆی چیە ؟

ئەوە دەگەڕێتەوە سەر باسی جانەوەرشناسی. بەران سەرەتای زستان دەپەڕێ . بیست رۆژ پێش ئەو وەختە و بیست رۆژ پاشان وەختی راویەتی (ئەڵبەت بە



ناوچە دەگۆڕێ).

راوی کەو بەرە بەری خەرمانانە چون ئەو دەم فەرخەی پەرەوازە بووە. مراوی لەگەڵ کەو فەرقی هەیە. رەنگە نێچیرێک مانگی رەزبەر لە (ئازەربایجانی رۆژئاوا) راو بکرێ بەڵام لە خووزستان وەختی راوی نیوەی زستان بێ .

هێندێک کەس راوی گیانداری کێوی دەکەن وەک گورگ و ورچ و...کەهیچ قازانجێکیان نیە. لەوبارەوە دەڵێی چی ؟


• لەنەزەر جانەوەرشناسی - یەوە راوی ورچ مەنع نەکراوە.بەڵام گورگ مەنعە رەنگە ئینسان بڵێ ئاخر مەڕی دەخوا. یا ڕێوی کە حەیوانێکی تووش وبە زەرە و مریشک و... دەخوا بۆ نابێ راو بکرێ ؟

لە وەڵامدا دەڵێین هەر ئەو ڕێوی یە جرجە مشک دەخوا کە گەورەترین ملۆزمی زەوی وکشت و کاڵە.

هەڵبەت لەهەموو حاڵدا ئەگەر زەرندەیەک هێرشی بۆ هێنای دەتوانی بیکوژی.

ئەوەی چەند ساڵ راوی کردووە جێی بەران و نێری پێدەزانێ. یا هیچ نەبێ ئەو جێگایانەی کەوی یان لێ بووەوئێستا بەتاڵون دەناسێ. وەختێک لەم بارەوە پرسیارم لێکرد گوتی :

- چەند ساڵ لەمەوبەر کێوەکانی دەوران پشتی شنۆ نێچیری زۆر بوو،بەڵام ئێستا هەموو فەوتاون. گەڵی قاسملی بەرلەوە کە رێگەی ماشێنی پێدابکێشن پڕ بوو لە بزنە کێوی بەڵام ئێستا نەماوە



وەختێک دەچووینە ماکۆ بە دە شەو بنەگر دەبووین یانی ساڵەکانی ٢٣ و ٢٤، نزیک شازدە ساڵمان راو لێکرد لەقۆرغی مەڕەکان .

ببوورە مەڕەکان کوێ یە؟

لەنێوان مەرەند و قەرەزیادینی خۆیە بۆ لای ئاراز . راوگەیەکی چاک بوو. ئەوەدەم کەم کەس بۆ راو خۆی لێدەدا بەڵام دوایە وای لێهات کەچی وای تێدا نەمابوو. پاشان پاوان کرا وئێستا قۆرغ کراوە و نایەڵن کەسی بچێتێ.

دیسان قەدیم لە خۆی و سەقز وبیجار و هەوشار و جوڵفا راو هەبوو بەڵام ئێستا راوی لێ نەماوە .

ئاگری

فۆلكلۆر



– دەمالا باڤێ دێ
وخووشكا بشەوتە،
برا بێنە بەرسەرێ
لاوێ عەشیرێ روونێن،
ژێرا بێژن قایدەكێ
ڤێ حافزییێ،...
– بلا دەسمالا هلدن،
خوونا سۆر تەمز كن،
پێش عەنییێ،...
بێ وایێ ل من،
وایێ ل من،...
گوللان و بارووتێ
ڤی كافری، سەر
لاوێ عەشیرێدا تێنە
فەنانی كایێ،...
– خودێ ومێردزانە،
ئیسال چەند سالە
لاوێ عەشیرەتێ،
پێشیا دەولەتا توركا
ئاسێ بوونە، ژێرا
نایێن رایێ،...
– بێ لۆلۆ، وەی لۆلۆ
بێ لێ دایێ، رەبەنێ
شەڕەكێ ل مە قەومی
بەرەكا گریداغێ،
ل همبەرە،...
– قالەكێ ل مە قەومی
بەرەكا گریداغێ،
ل همبەرە،....
– دوهەزار و هەفسد
ئەسكەرێ ڤی جان توركی
كشیانە ل سەر
لاوێ عەشیرێ
ب تۆپ وب قۆمپەرە،....
– شێخ زاهر ئەفەندی
ب سێ دەنگا كرە گازی
گۆ:

بێ لۆلۆ، وەی لۆلۆ....
بێ دەدایێ رەبەنێ،
شەڕەكێ ل مە قەومی
بەرەكا گریداغێ،
ل قۆنتارا چییێ،...
– قالەكێ ل مەقەومی
بەرەكا گریداغێ،
ل قۆنتاری چییێ،...
– دەنگێ تۆپان و
تەیاران تێیۆ
ل فێزامە و تەپا

ڤێ بەلەكییێ،...
– شێخ زاهر ئەفەندی
ب سێ دەنگا
كرە گازی،
– گۆ:
–" وەئۆجاخی
خراڤ بە،
چاوا كەسەكێ تونە،
جاڤەكێ بدەئێلا ژێرین
برا بێنە كۆمەك و
ڤێ هەوارییێ،....

گومانا مە ژۆرمایەخودێ،
ڤێرمایە حەزرەتێ عەلی-
سیارێ دولدلێ،
زاڤانگێ پێغەمبەرە،...
- بێ لۆلۆ، وەی لۆلۆ..
بێ دایێ ،دێرانێ،
شەرەکێ ل مە قەومی
بەرەکا گریداغێ،
ل دەڤی پرێ،....
- قالەکێ ل مە قەومی
بەرەکا گریداغێ،
ل دەڤی پرێ،....
ئەزێ بالا خو ددەمێ
ل ئوستیێ لاوێ
عەشیرێ دا ماکینەنە ،
ددەستادا تاماتێکێ
دۆر بگرێ،....
- خودێ و مێردزانە،
ئیسال چەندساله
لاوێ عەشیرەتێ
بەرێ دەولەتا تورکا
ڤەرگەراندنە سەر قەزا
ڤێ ئیدرێ،....
- بێ وایێ ل من ،
وایێ ل من وایێ....
شەرەکێ ل مە قەومی
بەرەکا گریداغێ
ڤێ ئادریسێ،...
دوهەزار و هەفسد
ئەسکەرێ ڤی کافری
بڕییە پێشیا
خۆرتێ عەشیرێ
لێ بوویە ئاسێ،...
- شێخ زاهر ئەفەندی
ب سێ دەنگا کرە گازی،
گۆ:
" بلا بشەوتە مالا باڤێ
دێ و خووشکا ،
بلا بێنە مەیتێ
لاوێ عەشیرێ
بکشینن "پادڤالێ" ،
ڤێ "بالنیسێ"
بێ وایێ،
ل من وایێ،....
گوللان و باڕووتێ
ڤی کافری ،سەر
لاوێ عەشیرێدا تێنە
فەنانی کایێ،...
خودێ و مێر دزانە
ئیسال چەندساله
لاوێ عەشیرەتێ
پێشیا دەولەتا تورکا
ئاسێ بوونە، وێ
ژێرا نایێنە رایێ،...
تۆپ و پۆلیمێتێ
کافرێ کەمال گرانن،
کێکو خوەدانە دەڤێ
ها بەلەکییێ،....
- فەرزەندە کرە گازی
گۆ:
عەڤدورەحمانۆ
باڤێ منۆ
چێ بە، چێ بخەبتە ،
دەچاوا کەسەک تونە
جاڤەکێ گەلییێ زیلا،
تەختێ پایێ، ژ
قولیخانێ لاوێ حەسۆ
رابە وبێژێ :
چۆروچۆجخێ کورمانجا
ل چیایێ گریداغێ
ل دەستێ رۆما رووتکدا
چاوا کەتنە هازەلوولییێ،.
دەلێخن ، باڤێ منۆ
هاب کێف لێخن ،
پشتێ ژ رۆما رووتک
بستینن، رەڤێ پێخن،....
دەئیرۆ ل مەیدانێ
شەڕ خۆشکرنە:
فەرزەندە و عەڤدورەحمان
ژ خودێڤا عەیانە
هەردوو پەیایێ،
مالا شێخن ،...
- شەڕەکێ ل مە قەومی
گریداغا شەوتی
وێ ل نکە،...
تۆپ و پۆلیمێتێ
کافرێ کەمال گرانن،
ڤێ سوبەنگێ سەر
هێسیرێ مەدا
تکەتکە،...
فەرزەندە کرە گازی
گۆ:
گەلی خۆرتا چێ بن
چێ بخەبتن،
ئیرۆ ل مەیدانێ
هاتییە کوشتن
عەڤدورەحمانێ برا
ژ خودێڤا عەیانە
شێرێ منی چارگورچکە،...
دەلێخن، باڤێ منۆ
ها ب کێف لێخن ،.....
پشتێ ژ رۆما رووتک
بستینن
ها رەڤێ پێخن،...
دەئیرۆ ل مەیدانێ
شەڕ خۆ شکرنە
فەرزەندە وعەڤدورەحمان
ژ خودێڤا عەیانە
هەردوو پەیایێ
مالا شێخن،.....

* * * *



تاریخی

تاقی بستان

١

ئەحمەد شەریفی

شوینەواری میــژوویــی **تاقی بستان** کە نیشانـدەری پیشکەوت وگەشەی هونــەری ئیرانی زەمانی ساسانی یانە هەر لەبەر ئەوە گرینـگ نیە کە وینەی چەند شا و شازادەیان پیوەیە، بەلکوو ئەم شوینەوارە میژوویی یانە نیشاندەری هونەروپیشکەوتی هونەری ئەو سەردەمەن وداب و رەسم ونەریتی ئایینی ئەو عەسرە وەدیار دەخەن. ئەوە روون دەکەنەوە کـە کووتال تەنین چـەنـد پیشکەوتوو بووە و موسیقا و کەرەسەی موسیقاژەنین چ بوون وچون بوون. هونەرە جوانەکانی وەک وینەگەری و کەندەکاری تا چ رادەیەک برەویان بووە و شیوە و بیچمی راو و شکاری ئەو سەردەمەیان بەرچاو خستووە. ئەو ئاژەلانەی ئەودەم لە خزمەتی مروف دابوون وئەو چەشنە بالندانەی رایگرتوون وئەو جورە گول وشیناوەردەی لە پارک و پاراداسیەکانی ئەو سەردەمەدا بوون و ئەم چەکەی کەلکیان لی وەرگرتووە یا ئەسپ و زین ونیزە وشمشیر وگەمی و لوتکە وجل وبەرگی ژن و پیاو وسازوبەرگی شەر و.......

کاتیک بەوردی سەرنج دەدەینە شوینەوارە میژوویی یەکانی تاقی بستان بەتایبەتی راوگەی خوسرەو پەرویز وەلامی ئەم پرسیارانەمان بودەدوزریەوە و گرینگەتی وبایەخی ئەم چەشنە کەتیبە ووینانەمان بو دەردەکەوی .

لە لایەکی دیکەوە ئەم چەشنە ئاسەوارە بەشیک لە فەرهەنگ و کولتووری رابردووی ئیرانن و بە توژینەوە لەگەل میژووی

کونی ولات وباس ورووداوی قەوماوی نیشتمانەکەمان ئاشنا دەبین .زولم و زوری شایانمان بو دەردەکەوی و خەباتی کومەلانی خەلک دژی زورداری وچەوسانەوەمان پیشان دەدا


راستە زوربەی ئەمچەشنە شوینەوارە میژووییانە پاشماوەی شایەکانن بەلام سەرەرای ئەوەش نوینەری زور بارودوخی کومەلایەتی و ژیانی خەلک ،بارودوخی فەرهەنگی ،شیوەی خەت و پیت وزمان ،چەشنی جل و بەرگی چین وتویژی جوراو، جوری کومەل، نیشان دەدەن و لەزور بار وبابەتەوە دەبنە مەشخەلی دوزینەوەی ریگای راست وروون کردنەوەی گوشە جوربەجورەکانی میژوو

ئیمە بەوردی دەروانینە شوینەوارەکانی میژوویی و تیدەکوشین لە بەرگری چراوان لاپەرەی تاریکی میژوو روون بکەینەوە.

تاق بستان ، تاق بوستان ، تاق وەستان، تاق وەستام یا تاق باستان ناوی سەیرانگەیەکی خوش ئاو و هەواو شوینەواریکی میژوو-یی یە، کە لە جەنووبی شاری کرماشان هەلکەوتووە. ئەم هەریمە هەر لەدەوری ساسانی یەوە هەتا ئیستا سەیرانگەی خەلکی ئەم ناوچەیە وشا ساسانی یەکان بووە

تاقی وەستان لەداوینی چیای سەرکەشی **پەراو** (بەشیکە لە زەنجیرە چیای شاهو) هەلکەوتووە. تا حەفتا هەشتا سال لەمەوپیش لە دوو شانی تاقی وەستان لەسەر دوو کانی یەکە، دوو کوشکی چەند نهومی خوسرەو پەرویز مابوو بەلام ئیستا هەر شوینەواری ماوەوبەس. شەش سەرکولەکە و ستوونی بەردینەی هەیە کە سییان بە گول ووینە رازاونەوە ئاناهیتا "خیوی ئاو" یان لەسەر نەخشەکە ئەوا باسیان دەکەین .

سەرستوونی یەکەم



ئەم سەرستوونە ٩١/٧ ، سانتیمترە. لەسەرەوە چوار گوشەیەکی (٩٠×٩٠)دە و لە ژیرەوە دایرەیەوقوترەکەی ٥٧ سانتیمترە. دەوری بە گول رازاوەتەوە،لەلایەکی وینەی خوسرەوپەرویز هەلکەندراوە. شا جل و بەرگی شایەتی لەبەردا ، شمشیریکی لە نیو قەد بەستووە. دەستی چەپی لە سەر قەبزەی شیرەکە داناوە و دەستی راستی بووەرگرتنی فەرەهی ئیزەدی کەنیشانەی شایەتی بووە بو لای ئاناهیتا راداشتووە .

خوسرەوپەرویز تاجی کونگرەداری لەسەرە. دوو رشتە مرواری بەدەورە پیدا هاتوتە خوار. لە پیش کونگرەی تاجەکەوە خەرمانەی مانگ دیارە ولە سەرووی تاجەکە خورومانگ کیشراوە. لە هەر دوولای خەرمانەی مانگەوە دوو شابالی هەلو دیارن کە نیشانەی ئالای ساسانی یە.

شیری قەدی خوسرەوپەرویز مرواری نیشانە وتەنانەت چەند ملوانکەی دووروجەواهیر و بەردی بەنرخیش لەملی شا دایە. تەواوی جل و بەرگی بە جەواهیرات رازاوەتەوە .

لە لایەکی دیکەی ئەم سەرستوونە وینەی ئاناهیتا کیشراوەتەوە کە لیباسیکی



رازاوەی چین چینی لەبەر دایە کە لە کراسی ژنە کوردی ئیستای ناوچەی سنە و سولەیمانی دەچی.

کولوانیکی ئەستیرەنیشانی بەشانی داداوە هەتا سەر قولی داپوشیوە.ئەم کولوانە لە کولوانەی ئیستای ژنە کوردی ئیلام وقەسری شیرین دەچی .وەک وان لە پیشەوە لەسەر سینگی گریی داوە

پروفسور هەرتسفیلد ی روژهەلاتناس پیی وایە "ئەم شیوە لیباس پوشینەی ئاناهیتا لە شیوەی جل و بەرگی ژنی یونان دەچی بەلام کراسی ئاناهیتا بەراستی کراسی کوردی ئیستای ژنە سنەیی و سلیمانی یە وکولوانەکەشی هەر کولوانەی ژنە قەسری و ئیلامی یە .

ئاناهیتا تاجیکی بچکولانەی لەسەرە کە بە نەخشی خور رازاوەتەوە. لە ژیر تاجەکەوە قژ وپرچی بە کەزیەی دیارە کە هاویشتوویەتە سەر شان و مل وسینگ ومەمکی.جووتیک گوارەی زلی لە گویدایە. فەرەهی ئیزەدی بەدەستی راستەوە دەستی چەپی هاویشتوتە سەر سینگی و وا ویدەچی شتیکی بەدەستەوە بی بەلام لەبان سەری خەرمانەی نوور دەبیندری،، لە لانی چەپەوە گولیک نەخشە کەپیموایە پنجی گول وگیای پیروزی هوومە.

سەرستوونی ژمارە دوو

ئەم سەرستوونە لەشکل و روالەتدا هەر لەستوونی ژمارە یەک دەچی بەلام نەوەد سانت بەرزە. دوولای بە گول و پنجە گول رازاوەتەوە.دوولاکەی دیکەشی وینەی خوسرەوشەرویز و ئاناهیتای لی هەلکەندراوە. گولی دوولای ستوون وینەی ئەم گولانەیە کە لەملا و ئەولای هودەکەی تاقی وەستان هەلکەندراوە. گەلای پان وپورن .لەگەلای کەنگر و دارە بەن دەچن لەوانەیە پنجیکی زلی گیای پیروزی هووم بی. دەوراندەوری ئەم سەرکولەکە گولە لاو لاوە کە نیوە نیوەی عەلامەتی دلی تیدایە

سەرستوونی ژمارە سی

ئەم ستوونەش وەک ئەوانی دیکەیە بەلام لەودا وینەی ئاناهیتا و خوسرەو پەرویز گەورەترن وباشتریش ماون ودەستە چەپی ئاناهیتا بەجوانی دیارە کە پنجە گولیکی بەدەستەوە

دوولای ستوونەکەش بە گولی پر لک رازاوەتەوە کە لە گولدانیکی بچووک دایە.ئەم گولانە دوولای ستوونەکەیان داپوشیوە ودوو لاکەی دیکەشی خوسرەوپەرویز و ئاناهیتان . پیموایە ئەم شەش کولەکە ، سەر ستوونی کوشکی سەرکانیاوی تاقی وەستانە کە بەرە بەری ۶۳۸- ۵۹۰ ی میلادی ساز کراون .

حەوشە گەورەی تاقی وەستان سی بەردە قەبری سەردەمی ئیسلامی لییە، کە


ئایەتی قورئانی پیروزیان بە خەتی کووفی لەسەر هەلکەندراوە.لەسەر یەکیان بە خەتیکی خوش نووسراوە: **لاالەالاالله** کە دیارە لە قەبرستانەکانی دەوروبەرەوە بو ئەم هەریمە راگویزراوە

لەسەر لیوی حەوزە گەورەکەی تاقی وەستان نیوەکوتەلیکی لییە کە دیارە لەجیگەیەکی دیکەوە هاتووە. هەموو سەروچاوی شکاوە. هەر ئەوەندە دیارە کە ئینسانە. دەستە چەپی لەسەر سینگی داناوە ، و دەستە راستی بە گویی شمشیریکی گەورە گرتووە که لەنیوقەدی بەستووە ، بە شیوەیەک کە شیرەکە لەسەر نیوکی راوەستاوە.

لەپال کیوەکەدا ، لە نزیک کانی یەکە. بە لای راستەوە وینەی ئەردەشیری دووەم شای ساسانی لە نیوان ئەهورامەزدا ومیترا دا هەلکەندراوە. ئەهوورا مەزدا لەلای راست راوەستاوە دەستی راستی لە کەلەکەی ناوە وبە دەستی چەپی فەرەی ئیزەدی نیشانەی شایەتی دەدا بەئەردەشیر.

میترا لەشانی چەپەوە

میترا لەشانی چەپەیەوە ویستاوە. شتیکی شمشیر ئاسایی بە دوو دەست لە پشت سەری ئەردەشیر راگرتووە. خەرمانەیەکی نووری پرشنگداری خور پشت سەری داگرتووە، لە ژیر پییەوە گولیکی وەک گولە بەروژە نەخشاوە. لەژیر



پیی ئەهوورا وئەردەشیریش پیاویک دەستی وەژیر سەری ناوە وراکشاوە. ئەهوورا مەزدا لەبان سەری و ئەردەشیر لەپیسەری ئەم پیاوە راوەستاون .

روون نیە کە ئەوە کییە کەوا پی شیلی ئەهوورا و میترا و ئەردەشیر بووە بەلام وا ویدەچی کەسیکی گەورە لەولاتی روم یا یونان بی. چون ردینی زور لە رومیان دەچی وتاجەکەشی بە خشل و گەواهیرا رازاوەتەوە وملوانکەیەکی بەردینەی بەنرخی لەملدایە.

ئەردەشیر بە دەستە چەپی تاجی شاهی لەئەهوورا مەزدا وەردەگری . دەستی راستیشی لەسەر گویی شمشیرەکە راگرتووە وتاجی شایەتی لەسەرە. بەشیکی سەروچاوی شکاوە.ئەم کەندە کاری یە دەبی لە سالەکانی ٣٨٣– ٣٧٩ ی میلادی لە




دەورەی حوکماتی ئەردەشیردا هەلکەندرابی .

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان



کەماڵ تاتایی



ـ تکایە خۆت بناسێنە .

ـ من کەماڵ تاتایی خەڵکی سەقز ،ساڵی ١٣٣٣ لە بنەماڵەیەکی فەقیر لەشاری سەقز لەدایک بووم . پێش ئەوەی بچمە مەدرەسە عەلاقەم بە نەققاشی بوو . وەختی دەرس خوێندنم رەنگ رەوغەن لەسەقز نەبوو هەر بە میداد خەریکی نەققاشی بووم ، ئەگەر چی ئیمکانات نەبوو بەڵام ئەم غەریزە لەوجوودمدا ، هەبوو . منیش هەر بە میداد خەریک بووم وئەو شتەی لە مەغزم دابوو دەمکێشاوە هەر بەم چەشنە رۆژگارم رادەبوارد تا چوومە دەبیرستان . لە دەبیرستان لەگەڵ نەققاشی جۆراوجۆر ئاشنا بووم ،تابلۆی رەنگ رەوغەن و ... بەڵام ئەگەر ئیمکانم بوایە دەمتوانی هەستی خۆم رەزا بکەم بەڵام داخەکەم نەگونجا وهەر بە میداد درێژەمدا .

ساڵی ٥٤ دیپلۆمم وەرگرت لەئیدارەی ئاموزش وپرورش ، دامەزرام . ئەووەختە حقووقم وەرگرت وتوانیم کەرەسەی وێنەگەری بکڕم .لەووەختەوە من خەریکی نەققاشی رەنگ رەوغەنم و هەروا درێژەمداوە تا ئێستا

س ـ لە چ سەبکێک دا کار دەکەی ؟

ج ـ وەڵڵاهی بەوسووڕەتە بەقەولی فەیزوڵڵاخانی‌ناهید کە لە سروەی ژمارە ٢ دا وتووێژی لەگەڵ کرابوو سەبک بەم جۆرە ناناسم بەڵام ئەوانەی کە خاوەن را ن تابلۆ ـ کانی من بەسەبکی واریسە دەناسن . ئەڵبەتە تابلۆکانی من تا ئێستا زۆرترلە رووی مودێلەوە بووە چون من بە هۆی فەقری ماڵی نەمتوانیوە کەرەسە بۆخۆم دابین بکەم وزوو دەست بەکاری رەنگ رەوغەن بکەم ،نەققاشی لانی کەم دەبێ ١٥ ساڵ کاری لەسەر بکەی تادێتە دەستت وەکوو تێکەڵ کردنی رەنگ و گەڵاڵە و زۆرشتی دیکە ئەوە بوو من درەنگ دەستم پێکرد ، بەڵام تابلۆکانم زۆرتر مودێلیان هەیە .

س ـ ئەوتابلۆیانە هەڵتان بژاردوون زۆرتر مایەکانیان چین ؟

ج ـ زیاتر مەنزەرەن ئەڵبەتە نەمەنزەرەی رەق و رووت مەنزەرەیەکی کەگوویا یە وئینسانی بەشیوەی جۆراوجۆر تێدایە .

س ـ ئایا لە هەموو حاڵەتێک دا ئیحساسی نەقاشیت هەیە یالەحاڵەتێکی

تایبەتی دا ؟

ج – **لە هەموو وەختێک دا هەمە بەلام لە هێندێک جێگا فشاری زۆرترم بۆ دێ. مەسەلەن وەختێک خەریکی کارم ئەوەندە سەرگەرمم چایان بۆدانا وم سێ جار، چوار جار چایەکە سارد بۆتەوەوگۆڕدراوە هۆشم نەبووە بیخۆمەوە.**

س – سووژەی نەقاشی یەکانت چۆن هەڵدەبژێری ؟

ج – **کەسێک عەلاقەی بە هونەر بێ چ موسیقادان بێ چ نەققاش بێ ، چ مجەسەمەساز بێ سووژەیەکی دەست کەوێ وپێی باش بێ کاری لەسەر دەکا. بۆ وێنە شاعیرێکی لەنەزەر بگری مانگەشەوێ دەبینێ پێ خۆشە بەشیعر بینووسێ یا نەققاشێک مەنزەرەیەک دەبینێ پێی جالبە ،پێی خۆشە کەرەسەی پێویستی هەبێ ولە شەقام مەنزەرەکە لەسەر تابلۆ بکێشێتەوە.**

س – وەختێک نەقاشی دەکەی چ جێگایەکت پێ خۆشە کە کاری لێ بکەی ؟

ج – **جێگایەکی کڕوکپ و بێ دەنگ .**

س – تائێستا ئەوجێگایەت بۆدابین بووە؟

ج – **تا رادەیەک .**

س – هەرکەس تاریفێکی بۆ هونەر هەیە لەروانگەی تۆ هونەر چینە و بڕوات سەبارەت بەهونەر چیە؟

ج – **ئینسان نازانێ هونەر چۆن تاریف بکا ، من ناتوانم بێژم نەققاشێک هونەرمەندێکی تەواوە، یا موسیقادانێک هونەرمەندێکی تەواوە ،زۆرکەس هەن لەبازار کارگەلێک دەکەن کە خۆی هونەرە، هونەر ئیحساسی ئینسانە کە لەهەموو کەس دانیە ،لە هێندێک کەس دا هەیە کە دەتوانێ بیداتە دەرێ، جا نەققاشێک منالێکی فەقیر دەبینێ یا شتێکی لە بازار دەبینێ دێ بەتابلۆ پێشکەشی خەلکی دەکا ،ئەوە خۆی هونەرە دەتوانین بلێین هونەر ئەوەیە شوێن لەسەر رووحی خەلک دابنێ. جا شادی بکا یاپەرۆش !**



س – تائێستا لەموسابەقاتی هونەری دا بەشداریت کردووە ؟

ج – **پێش ئەوەی دا مەزرێم لەدانیشسەرای بیجار بووم. لەکاری سیاقەڵەم کارم دەکرد جارێک بردمیان بۆ هەمەدان لەوێ لە موسابقەی ئاموزشگاکانی سەرانسەری ئێراندا بووم بە دووهەم.**

س – جایزەشت وەرگرت ؟

ج – **بەڵێ ٥٠٠ تمەن پووڵ وچەند کتێب و دوایی بردمیان بۆ رامسەر بەناوی ئۆردووی هونەری.**

س – تائێستا کارەکانت وەکوو نومایشگا پێشانی خەلک داوە ؟

ج – **بەڵێ ، لەشاری سەقز**

لە لایەن ئیرشادی ئیسلامی یەوە نومایشگامان دانا کە وەها دەنگی داوە لە بۆکان و مەهاباد وسنەوە هاتبوونە تەماشاکردنی ئەو نومایشگایە

س - وابووە کارەکانت رەخنەیان لێ بگیرێ ؟

ج - بەڵێ، هەر چەند رەخنەگرەکان لە هونەردا سەررشتەیان نەبووە بەڵام رەخنەی باش وبەجێ یان لێ گرتووم کە زۆرم پێ باش بووە.

س - رەخنە چ نەخشێکی لەژیانی هونەرمەندێک دا هەیە ؟

ج - ئەگەر رەخنە بەجێ بێ دەبێ بەهۆی پێشکەوتنی هونەرمەند کە هونەرمەندی راستەقینە لەرەخنە ناترسێ.

س - تایبەتمەندی هونەرمەندێکی راستەقینەچیە وئەرکی لە بەرامبەر خەڵک دا چیە ؟

ج - هونەرمەندی راستەقینە کەسێکە کەهونەرەکەی لەخزمەت خەڵک دابێ ونەی فرۆشێ یان هونەر نەبێتە حیرفەی ئەو ،زۆر هونەرمەند هەن کە بەهۆی نەبوونی ژیانێکی تێرو تەسەل تابلۆکانیان دەفرۆشن کە ئەو شتە بۆخۆشم هاتۆتە پێش وابووە منداڵەکەم لیباسی مەدرەسەی نەبووە، بەپووڵی تابلۆ بۆم کڕیوە هونەرمەند دەبێ دەردی خەڵک پێشان بدا، خەڵک فێربکا، من خۆم هیچ کەس فێری نەکردووم ، دەورەم، نەدیوە .بەڵام بۆنموونەچوومە ماڵێ مامۆستا فەیزوڵلا ناهید کەبە مامۆستای خۆمی دەزانم ئەو منی رینمونی کردووە کە بێمە سەر ئەو سەبکە رئالیزمە بەڵام چون خۆشی کلاسی نەدیبوو نەیدەتوانی منیش باش فێر بکا ،قودرەتی تەدریسی نەبوو، ئەوە کە منیش قودرەتی تەدریسی باشم نیە .بەڵام لە لایەن ئیرشادی ئیسلامی یەوە کلاسم دانا وزۆر شاگردیشم هەیە و زۆرم پێ خۆشە بێن فێر بن ،ئەوەی کەدەیزانم فێریان بکەم .

س - وەکوو هونەرمەندێک چ ئارەزویەکت هەیە؟

ج - ئارەزووم ئەوەیە بچمە دێهات وشاخ وکێو بەهۆی ئەو کەرەسەوە ئەوەی دەی بینم بیکێشمەوەوپێشانی خەڵکی بدەم وموزەیەک لەکوردستان هەبێ کە ئەو تابلۆیانەی تێدا رابگیرێ و وەکوو فۆلکلۆرێک بۆ خەڵکی کورد بمێنێتەوە تا ئەوانەی لەداهاتوودا دێن تەکمیلی بکەن چون رەنگە کاری ئێمە ناتەواو بێ.

تەواو



بەسەرهات

گولاب ئاغایی



ئێوارە هاوینێکی گەرم بوو. تینی خۆر بەزۆر خۆی لە پەناو پەسیوی شار خزاندبوو. تەنیا لە باغەکانی قەراغ شار برە فێنکایی یەک هەست دەکرا. ناچار رووم لەوێ کرد کووچە باخەکانم هەڵبوارد چەند باڵندە لەسەر چاووکی داران خەریکی کایە بوون وخەڵک تاک تاکە وەدیار دەکەوتن.

بنەم ژێرسێبەری دارە گوێزێک بوو کە هەموو جارێ لەگەڵ دەستە براکەم وەڕەزیمان لێ دەشکاند

ئەو رۆژە کە زەینمدا رەحیم پێش من هاتبوو پشتی بە دارەکەوە دابووو دەستی لەئەژنۆ وەراندبوو و سەری وەسەر کردبوو دیار بوو پەرۆشە و بیر دەکاتەوە.

لێی نزیک بوومەوە سڵاوم لێکرد. بەدەنگی من تێکرابوو. وەڵامی دامەوە بەڵام هیچی دی نەگوت. لە لای دانیشتم. دەستێکم لە سەر شانی داناوکوتم:

- برا چیە؟ ئەوە بۆوا پەرۆشی ؟

- چوزانم! نازانم بڵێم چی

- ئاخر چ بووە ؟ خۆ تۆ هیچ لەمن وەناشێری

- لێمگەڕێ!... لێم گەڕێ برینم مەکولێنەوە من زۆر چارەڕەشم .

- ئەو قسانە چن ؟ چارەڕەشی چی ؟

- ئەوەی بەسەر من هاتووە بۆ گێڕانەوە نابێ.

- مەگەر هەموو جارێ بۆخوت ناڵێی کە هەرکەس دەردی دڵی لای یەکێک بدرکێنێ باری خەمانی سووک دەبێ ؟

تاوێک مات بوو. چاوێکی لە خۆرەتاو کرد کە بە لارەملی ئاوا دەبوو.

دەتگوت کیژۆڵەیەکی جوان و نەشمیلانەیە و هاتووە لەبەر دەلاقەی دوو نهۆمڕا سەیری کۆڵان بکا ودایکی بەرەو خوار ڕەکێشی دەکا...

سێبەرەکان لەرادەبەدەر درێژ ببوونەوە. شوێنەواری هەتاو تەنیا لەسەر چلووکی دارەکان مابوو. دەتگوت دەیەوێ دەستیان لەدەست بنێ ومالْ ئاوایی یان لێ بکا.

ئەوجار چاوێکی لەمن کردو سەیرێکی قامکە گەورەی دەستی کردو ئەنگوستەکانی لەبەریەک ڕەواند وکوتی :

- دەزانم! ئێمەبراین خۆشی وناخۆشیمان پێکەوە بووە بەڵام بەسەرهاتی ژیانی من زۆر ئاڵۆز و تاڵە ودەترسم تۆش زویر بکا.

- نا هەرچی بێ پێم خۆشە بۆم بگێڕیەوە.

- کاکی خۆم! بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لە ئاوایی یەکی دووری شار لە بنەماڵەیەکی بە ئێرودا لەدایک بووم. بابم هاتە شار و ژیانێکی خۆشمان دەست پێکرد. خەمم نەبوو. یانی نەمدەزانی خەم چیە! تا رۆژێک دایکم مرد.....


چاوێکی دیکەی لە من کرد. گۆمیلکەی رۆندک لە چاوانیدا پەنگی خواردبۆوە پیلووی لەسەر یەک دانان و ئەسرینەکانی پاڵاوت .

کوتم: خوا لێی خۆش بێ.

- لەگەڵ مردووی تۆ. بەڵێ نەخۆش کەوت ودەرزی

و دەرمان چارەی نەکرد و بەرەبەیانی یەکی مژاوی کۆچی دوایی کرد.....

منیان بۆماوەیەک بردە لای نەنکم ولەوێ مامەوە. ئێستا دەزانم نەنکم تا چ رادەیەک منی خۆش ویستووە هێندەی تێوەرنەسووڕاوە باوکم ژنی هێنا و منی بردەوە لای خۆی. باوەژنم



تا کاتێک منداڵی نەبوو خۆشی دەویستم. نارەحەتی نەدەکردم، لێی نەدەدام و لێم تووڕە نەدەبوو. بەڵام هەرکە ئەحمەدی بوو گۆڕا. بۆنی خۆشەویستی لێ نەدەهات من وئەحمەد وێگڕا گەورە دەبووین ووەک دوو ئاواڵ راماندەبوارد. ئەحمەد بە پێچەوانەی باوەژن زۆر بە رەحم و رەزا سووک و لەسەر دڵان بوو. یەکدیمان زۆر خۆش دەویست. خۆشی و ناخۆشیمان پێکەوە بوو. هیچمان لێک نەدەشاردەوە.

ئەگەرچی لەو گەورەتر بووم بەڵام ئاواڵ بووین و وێکرا دەچووینەوە، مەدرەسە. من دیپلۆمم وەرگرت ولەماڵ دانیشتم.

من دڵم کیژۆڵەیەکی گرتبوو و خۆشم دەویست ناوی کەژاڵ بوو. دراوسێ خۆمان بوو. ئەحمەد بەم باسەی دەزانی. ئەویش کەیفی بەخاڵۆزاکەی من دەهات. قەرار بوو هاوین بنێرینە سەریان وزەماوەند بکەین.

رۆژێک باوەژن گازی کردین. رووی لە ئەحمەد کرد و کوتی:

– وەرە یەکی باشم بۆ دیتوویەوە بزانە پێت چۆنە بۆت بخوازم ؟

– من دوو ساڵم ماوە دەرس تەواو بکەم. بەڵام جارێ بزانم کێیە ؟

– کەژاڵ

بە بیستنی ئەم قسە مووی لەشم بوونە نەشتەر و لەهەیبەتان لێوم کرۆشت ئەحمەد چاوێکی لەمن کرد یانی من ئاگادار نیم. منیش لەدڵی خۆمدا کوتم قەیدی نیە.

– دەی دەڵێی چی ؟

– دایەگیان من ژن نایەنم. ئەگەریش بێنم کەژاڵ نایەنم.

– ئەدی کێ دێنی ؟ کێت دەوێ ؟

– من بێریم خۆش دەوی..

– ئەیەرۆ بابانم خرا بوو قورم وەسەری ئەتۆ بێریت بۆچیە؟ نەکەی ئەم کچە رەق ولاوازە بێنی.

– دایەگیان ئەگەر قەرارە ژن بێنم بێری دێنم و کەژاڵم ناوێ.تازە وەختی ژن هێنانیشم نیە!


– ئاخر بۆ ناتەوێ چیەتی ؟ جوان نیە ؟ دەوڵەمەند نیە ؟ خانم و خاتوون نیە؟ چی ؟

– نا دایەگیان ئەو گراوی رەحیمە !

هەرکە ئەوەی بیست دەرهەڵبوو.

– ئای ئای ! کوڕە من نەمگوت خۆ لەم مارە

سیسە نەدەی کڵاوت لەسەر
دەنێ! ئەوەتا ئەم
خاڵۆزا مردەڵەیەی بۆ تۆ
داناوە و ئەم کەژاڵە
خڕوخۆڵەشی بۆخۆی هەڵبژاردووە
نابێ شتی وا نابێ .....
پاش ئەم رووداوە من
لە ماڵ وەدەرکەوتم. خۆم
تەحویلی سەربازی داو دوو
ساڵ دوور کەوتمەوە. جار
جار ئەحمەد سەری دەدام
و نامەی بۆ دەنووسیم.
بەڵام من بۆ سەردانیش
نەچوومەوە تا دوو مانگ
لەمەوبەر کە هاتمەوە بە
پەلە سەرێکی ماڵێم دا و
گەڕامەوە و بۆ هەمێشە
ئەو شارەم بەجێ هێشت و
پێم تێ نەناوە.
وردە وردە دەهات لەبیرم
بچێتەوە کە بابم هەیە.
کەژاڵ هەیە! خۆشەویستی
هەیە! تەنیا تۆم بە کەس
و خەمخۆری خۆم هەڵبژارد
- ووە و بەس. بەڵام
دوێنێ ئەحمەد نامەی بۆ
نووسیبووم.
نووسیویەتی :
"من سەربازیم تەواو
کردووە، بێریم هێناوە بە
قسەی دایکم نەکرد. بەڵام
کەژاڵ کە دەیزانی مەیلی
ئەوت ناوە مێردی کردووە.
کوتم:
- ئەوجار دەزانم بۆ
پەرۆشی ؟
- بەڵێ بەڵام بۆ شوو
کردنی کەژاڵ بەپەرۆش نیم
بۆ ئەوە بە پەرۆشم کە
باوەژن چووەتە لای کەژاڵ
و گوتوویەتی :
- رەحیم دەزگیرانی
هەیە و لەسەر پشتی لانک
لێی مارە کراوە! دایکم!
تۆی ناوێ برۆ بۆخۆت
مێرد بکە چاوەڕێی ئەو
مەبە!
رۆژی نەمابوو. بەرە و
ماڵ بووینەوە رووم تێکرد
و کوتم دیوتە...ئەم پەلکە
زەردانە لەژێر پێی ئێمەدان
ڕۆژێک سەوز بوونە وبنکەی
مەل وباڵندەی دەنگ خۆش
بوونە وسێبەریان لە میوە
کردووە. ئێمەش ئاواین
چارەنووسی ئێمە وانیە کە
ئێمە دەمانەوێ هەرچی بووە
رابردووە بیری لێ مەکەوە.
سەر لەنوێ
دەست پێ دەکەینەوە!...
دەستمان لەدەستی یەک
ناو بەرەوماڵ بووینەوە
تا خۆمان ساز بکەین و
سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە.



فۆرمی ئابوونمان

شمارە

ناو........شۆرەت..........دانیشتووی..........

........تمەنم بەحیسابی ژمارە ۵۴۰۰ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و

فیشەکەم وتیڕای ئەم بەرگە بۆ نادرن. لەژمارە.......ڕا هەتا......گۆواری سروەم.

بۆ بەرێ بکەن.

ناونیشان..........

....

ڕێنوێنی ئەدەبی

ماکۆ : بایزید وەتمانکەل

ئەم شیعرەی بۆت ناردووین وەزنی نیە و لە هەستی شاعیرانە بێ بەری یە. شیعری نوێ ڕێز کردنی وشە لە پەنا یەک نیە. ئەویش وەزنی دەوێ یانی شیعرێکی وەزنی نەبێ چ کۆن و چ نوێ شیعر نیە! بۆ وێنە:

لە من وا بوو دارو دەوەن
هەمووکەس بە من پێدەکەنێ
بەڵی ڕقم لە هەمووکەس بوو
پێم خۆش بوو کەس نەبینم

بۆکان: محەممەد عەزیزی

لە شیعرەکانتدا وا دەر دەکەوێ کە هەستی شاعیرانەت هەیە. بەڵام ئەم شیعرەت لاسا کردنەوەیە و حەول بدە بۆ خۆت سووژە هەڵبژێری بەرجی ئەوەش شیعرەکەت لە باری وەزنەوە ناتەواوە و نەمانتوانی چاپی بکەین.

کەرەج : تەحسین سەلیم شیروانی

زۆر وشە هەن کە لە شیعردا جوان نین و ئەگەر شاعیر بۆی بلوێ خۆی لێ نەدا باشە. وەک " کوان " و " بیهناگەنی " و " پیس"و...

چاوەروانی بەرهەمی جوانتری تۆین.

خانێ : عەلی شەعبانزادە

شیعرەکەت لە باری قافیەوە لەنگە. وشەی "ملک" و "عومر" نابنە قافیە. لە باری وەزنیشەوە کەموکووڕی هەیە. بۆ وێنە:

ئەگەر شەشدانگی دونیا
مولکی تۆ بێ
هەزار ساڵی تەواویش
عومری تۆ بێ
ئاقیبەت قەبرە جێگە و
مەکانت
لە هەق خافڵ مەبە
ئاگا لە خۆت بێ

کاشان : عیسا تاهیر محەممەد

شیعرەکەت جوانە بەڵام لە وادەی رابردووە. چاوەروانی بەرهەمی تازەین.

سەقز : ئەسعەد محەممەدی

براگیان شیعری " شینگێری سەقز " زۆر لاوازە وهێزو پێزی شاعیرانەی نیە. لە باری وەزنیشەوە لەنگە وەکی ئەم شیعرە:

چین ئارون خەڵکی چولە
ئاوت شار
شار چۆل و وێرانە نەما
بلوار

چون خۆشەویستان ولایەنگرانی سروە لە دەروزووری وڵات بە نامەی جوان ورازاوە داوای "فۆرمی ئابوونمان"یان کردووە، ئەوە جۆنەتی ئابوونمان لە دەروزووری وڵات بەو شێوە رادەگەیەنین

۴۵

نرخی	۱۲	ژمارە بۆنێو خۆی وڵات	۲۰۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ وڵاتە دراوسێکان	۳۸۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆ هیند وئوروپا	۴۲۰	تمەن
نرخی	۱۲	ژمارە بۆئامریکا وخاوەری دوور	۵۰۰	تمەن

ناونیشان : اورمیه ـ صندوق پستی ۷۱۷ ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی ـ تلفن ۰۳۵۸۰۰

بۆ ئەم خوێندکارانە کە لە زانستگاکانی دەرەوە دەخوێنن (ئەگەر بەڵگەی خوێندکاری خۆیان بنێرن) هەل و مەرجێک پێک دێنن کە گۆواری سروەیان بە نیوە قیمەت پێ بگا.

میسرەعی هەوەڵمان وەک خۆی نووسیوە ئەگەر چی بۆمان ساخ نەبۆوە یانی چی ؟!

سەردەشت : بەختیار حەسەنی

بۆمبارانی کیمیاوی سەردەشت لە لایەن بەعسی فاشیستەوە رووداوێکی دڵتەزێنە ودڵی هەر ئینساندوستێک دەخاتە دەریای ماتەم و پەژارە . شیعرەکانت لە مەڕ ئەو رووداوە دڵتەزێنە بە داخە کز بوون و لە زۆرجێگا لە باری وەزن و قافیەوەکەم و کووڕیان تێدایە .هیوادارین بەرهەمی باشتر و جوانترمان بۆ بنێری .

خانێ :کەماڵ سوڵتانی

ئەو شیعرانەی بابا تاهیری عوریانن کە بەداخەوە بە ناتەواوی بۆت ناردبووین و هەڵەیان تیدا بوو ئێمە دروستی شیعرەکان و ماناکەیانت بۆ دەنووسینەوە :

بابا تاهیر :

سرم سودای گیسوی تودارە
دلم مهر مه روی تو دارە
اگر چشمم بە ماه نوکرە میل
نظر برطاق ابروی تو دارە

ماناکەی بە کوردی:

سەرم شێت و شەیدای پرچی تۆیە
دڵم ئەویندار ی مانگی رووی تۆیە

* * *

ئەگەر چاو لە مانگی نوێ دەگێڕم
بۆ ئەوەیە کە وەتاقی برۆی تۆ دەچێ

بابا تاهیر :

دلی دێرم چو مرغ پاشکستە
چو کشتی برلب دریا نشستە

* * *

همه گویند کەطاهرتاربنواز
صدا چون میدهد تارشکستە ؟

ماناکەی بە کوردی :

دڵم وەک باڵندەی باڵ شکاوە
وەک کەشتی لە لێواری دەریا راوەستاوە

* * *

خەڵک لە منیان دەوێ کە تاریان بۆ لێدەم
بەڵام تاری شکاو چۆن دەنگی لێ دێ ؟

لاوێن :عوسمان دلێرە

مانای دو شیعری فارسیت لێ پرسیوین . ئەمەش دەقی شیعرەکان لە گەڵ مانا کوردی یەکەی :

فارسی :

گُلش درزیر سنبل سایە پرور
نهال قامتش نخلی است نوبر

* * *

ز عشق آن گل رخسار سوری
چو بلبل نالە وافغان برآور

کوردی :

. گوڵی روخساری یارم لە ژێر سایەی سومبولی پرچی دا پەروەردە بووە
نەمامی باڵای دەڵێی داری خورمایە و تازەی بەر گرتووە
لە عیشقی ئەو روخسارە سورو جوانە
وەک بولبول دەنگی هاوار و فیغانم بەرزە

سەقز :خوشکە شەهلا حەسەن زادە :

نامە جوانەکەت ها نماندەدا بۆ تێکۆشانی زۆرتر لە پێنا و خزمەت بە فەرهەنگی کورد . شیعرەکەت پڕە لە هەستی شاعیرانە و زەوقی شیعر گوتن . بەڵام هێشتا شارەزایی رێبازی شیعر گوتنت پەیدا نەکردووە . بە تێکۆشان و خوێندنەوە و پرسیار دەتوانی ئەم شارەزایی یە وەدەست بخەی. قسەیەکی خۆشت بۆ ناردووین زۆر جوانە و کەلکی لێ وەردەگرین .


* * *

شاعیرانی لاو

کەیفی برادۆستی

ئەی ئەو کەسەی خۆشەویستیم
بەرزە بەقەت بەرزی باڵات
ئەی ئەو کەسەی
تەمەن تارای بووکێنیتە وگوڵێ ئاوات
لە کەژاوەی یەکەم چرکەی بڕواتەوە
وەکوو گوڵێ بەربەڕۆژە
چاوی ماندووی ڕێگای دووری
بۆ عەشقی تۆ دەکاتەوە
ئاوڕ لەخۆر دەداتەوە
ئەی ئەو کەسەی
تۆ هەمیشە لەپێش چاومای
لەنێو دەنگی پیتەکانی گڕی ناومای
لەگەڵ گوڵ وداهاتنی بای بەهارای
لەگەڵ بەفر وکزەی ساردی بەفرانبارای
ئەی ئەو کەسەی
تۆ هەمێشە لەپێش چاوی
سۆزی سەختی ناو هەناوی
هەتا مابم هەتا ماوی
لەبەر دڵ ولەناو خوێن ولەپێش چاوی
لەبیری مندا نەک مۆمی
هەزاران مۆم ، تۆ هەتاوی
ئەی ئەو کەسەی
وەکوو فرمێسک زیخی چاوم دەشۆیتەوە
خەمەکانم هەڵدەمژێ
زامەکانم دەخۆیتەوە
وەکوو هەناسەی گەرم وسارد
دێی و دەڕۆی
بەناو بۆریی سیەکانما
لەپێش چرای بەربڵاوی دیدەکانما

دێی و دەڕۆی
کانی یەکانی خەمی خەستی هەموو جێتن
لە باوەشتا ئارام دەگرن
کەچی دەریای بەومەنی دڵێ
روو دەکاتە چیای کەش وسەختی باڵات
بەسەر پەڕەی گڕی بیردا
هەڵ ئەژنێ
واز ناهێنی تا دێتەلات
بڕیارێکە و لەگەڵ خۆی دا
بۆ داوێنت دا بچەی
گشت دڵۆپێک لە میهری پاک
لەپێناوی چاوەکانتا بێ بچەمێ
تۆ ئەی لە هەتاو گەرمتر
تۆ ئەی سیلەی هەنگی بیرم
تۆ ئەی چڕتر
لە مەودای توانا و تەقدیرم
بەینێکی کەوا ئەڕۆیت و
چارەنووست لەرێتایە
منیش نوقمی گۆمێک دەبم
بێ سەرەتا وبێ ناوەندی وبێ کۆتایە
دەمێنمەوە هەر وەکوو ناو
وەک قەراغی رووخانەیەک
لێی تۆرابێت شەپۆلی ئاو
وەکوو هەڵۆیەکی نامۆ
کەوتبێتە ناو کەمینی تەل رێژراوی
هەتا ئەژنۆ
لەگەڵ هەموو ئەمانەشا
ئەمزامانەی وان لەناخ ولەسەر لەشا
خۆشم دەوێ بەسۆزێکی شێتانەوە
دەتخەمە ناو دەروونم وگلێنەی ئەمچاوانەوە




م. سالار

له شەوەزەنگێکی تاری
شەوگارێکی
ئەم زستانە
له چواردیوارێکی ژووری
لەبەر چرا
خامەی دەستم چاوەڕوانی
هەواڵێک بوو
گەرچی ئەو لە ئەندیشەمدا
له خەیاڵی ئەو شەوەمدا
نەک خونچەیەک
نەک منداڵێک
بەهارێ بوو
ئا ئەو شەوە
تا نیوەی شەو
تا شل بوونی خامەی دەستم
یادی ئەو بوو
فلیمێکی گیانبازی بوو
لەپێش چاوم
داستانێکی پڕلە هیواوپیاوەتی بوو
له هەناوم
یادی ئەو بوو
ئەو شاسواری ئەو شەوە بوو
وەفاداری شەهیدانی
ڕێی خەباتی ئەم گەلە بوو
تۆڵەی دایکانی رەش پۆش و
منداڵە بێ ناز باوکەکان
سوتەمەدۆی بەجێ ماوی گوێسەبانەی
دێهاتەکان
بووە رقێکی ئەستوورتر
لە سینەی دا
لە جەستەی دا ، کردیە ئاگر
کردیە هەوری رەش و تووڕە
بەسەر سەری سیخوڕانو
نۆکەرانی بەعسیانا
کردیە باران رێژنەی گوللە
بەڵام سەد داخ
سەد مخابن
هەر ئەو شەوە لەبۆ ساتێ
لە تاریکایی خامۆشی ئەنگوستەچاو
خەندەی سەر لێو لە دەروونا
بوو بە زووخاو
ئاگام لێبوو ڕۆڵە ڕۆ بوو
ڕۆڵەی بەبازووی ئەم گەلە
هەڵۆ ڕۆ بوو
هەر ئەو شەوە
خوێنی خۆی کردە
شاگڕی
ئەو مەشخەڵە
وەک فریشتە بەرەو بەرزی کشا...کشا
گەیشتە ئاسمان
بووە ئەستێرەی پڕشنگداری
کوردستان
ئەو نەوەستا
گەڕا....گەڕا
تا گەیشتە کاروانەپڕ سەروەریەکەی
شەهیدان
هەر ئەو شەوە
بەسەرسەری ڕێبوارانی
تەواوکەری ڕێی خەباتیان
هەموو تێکڕا ئەیانجریواندوئەیانووت
یا ئازادی
یاخود نەمان

بووقەلەموون

تەنزی کۆمەڵایەتی
«قازی ئەحمەد»





کاکەباسی هاوکارم بە پەلە وەژوور کەوت و رووی تێکردم :

ـ هەمەوەند پوولم دەیە گۆشت بووقەلەموونت بۆبکڕم زووکە زوو! تا تەواو نەبووە !

من کە دارونەدارم سەت وپەنجا تمەن بوو وئێستاش دە رۆژی مابوو مانگ تەواو بێ پێکەنیم و گوتم :

ـ وەرە دانیشە کارەکانت بکە ! من بوولی گۆشت قەلم لەکوێ بوو ؟

ـ زۆر هەرزانە . کیلۆی سی تمەنە ! سی تمەن !

ـ چی ؟ سی تمەن ! راست دەکەی ؟ سی تمەن !

ـ بەراستمە ، سی تمەن و قرانێک مەدە !

ـ چاکە وەرە دوودەقیقە دانیشە دەڕۆین ! جارێ پێم بڵێ ئەو قەلە لەکوێ دەفرۆشن ؟ گۆشتەکەی چۆنە ؟ تۆ خۆت کڕیوتە ؟ خۆ هەروا نابێ !

ـ بۆخۆم دوێنێ سێ کیلۆم کڕی بە نەوەد تمەن ! پێنج قەلی تەواوی کێشا !

ـ مردووت مرێ . چۆن پێنج بووقەلەموون دەبێتە ٣ کیلۆ ؟ بوو ـ قە ـ لە ـ موون ! هەر ناوەکەی سێ کیلۆ دەبێ !

ـ ئاخر بووقەلەموونی تەواویش نین !

ـ ناکا تازە لەهێلکەی هاتبنە دەر ! ؟

ـ ناوەڵڵا، ئی وایان تێدا حەفتا ساڵیش دەبن !

سەرم سووڕ مابوو . نەمدەزانی دەڵێ چی . بڵێی گرانی شێتی نەکردبێ ! بڵێی دەسەفوشتی وادا عەقڵی نەگۆڕابێ، تێی ڕاخوڕیم :

ـ هەتیو خودام بەگژدا کردی ! ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ قەل و حەفتا ساڵ !

ـ عەرزم کردی ئەوانە قەلێکی تایبەتین .

ـ تایبەتی چی ؟ چۆن قەلی تایبەتیش هەیە ؟

ـ "بوو" یان کەمە .

ـ یانی چی ؟

- یانی"بووقەلەموون " نین هەر قەلە....
ئەوجار تەواوێک ترسم رێ نیشت. هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم هاوکارە ئیداری یە خۆشەویستم شێت بووە! بەروخۆشی و لەسەرە خۆ لێم پرسی :

- چاکە ،چاکە، هەباس گیان ،چی دیکەشیان کەمە؟

- "موون"ەکەشیان کەمە. هەر "قەلی" رووتن! کەمێکیش رەنگیان رەشە! گۆشتەکەشیان هەر کەمێک رەنگی رەشە!
لە حاڵێکدا دڵم بۆی دەسووتا وبەزەم پێی دەهات گوتم :

- نەکا قەلەرەشە بێ؟
هەڵبەزیەوە وزیقاندی.

- ئافەرین، بژی بۆ هۆشت! راستخۆیەتی!

- دەیجا دەتەوێ گۆشتی "قەلەرەشە" بخۆین و هەموومان بمرین!

- بۆ دەمرن؟ ئێوە چیتان لە ئێمەزیاترە. تا ئێستا نەهار و شامێکمان بەو گۆشتە خواردووە وزەق و زیندووشین.

- ئەوجار کەزانیم شێت نەبووە وبەراستی دەڵێ .بە تووڕەیی یەوە گوتم :

- نا ،کاکە ،نا، ئەمن گۆشت قەلم ناوێ. نۆشی گیانتان بێ .ئێمەناخۆین!
ئەوجار نۆرەی ئەو بوو ئەمن بەشێت بزانێ و بیر کاتەوە مێشکم لەئیدارەدا، شڵەقاوە وشعوری ژیانم نەماوە. بە قەلسی چاوی تێ بڕیم وگوتی :

- ئەتۆ هەروا کەودەنی! دە هیچ ناگەی !عەزیزەکەم قەل وقەلەموون وبووقەلە - موون وبۆقلە هەمووی هەر یەکن! تۆ ئەو گۆشتە دەبەیەوە ماڵ وبەمنداڵان دەڵێی گۆشت قەلم کڕیوە ئەوانیش وادەزانن بوو- قەلە- موونە - کەی خۆتە. دەیخۆن وزۆریش رازی دەبن. ئەتۆش رازی بوونی ئەوانت دەوێ؟ وایە؟
نەمدەزانی وا فێڵباز و سەهەندەیە .لێم پرسی :

- ئەو کەڵەکانە لەکێ فێر بووی؟
دەستی لەسەر کەمەری دانا وبەئیفادەوە گوتی :

- لەچڵەوکەبابی سەر جادە ونێو شارەکان!

- چۆن؟ ئەوانیش گۆشتی قەلەرەشە بەناوی گۆشت **بووقەلەموونە** دەرخوارد ی موشتەری دەدەن؟

- نا ،خراپترا! زۆرخراپتر ئەوانگۆشتی گوێ درێژ بە ناوی گۆشتی مەڕ دەدەن بە موشتەری وکەسیش دەنگی لەبەر دەرنایە!



- شتی واچۆن دەبێ؟ موشتەری مەگەر تێ ناگا؟
وەک فیلەسوفێک کە بیر دەکاتەوە کەمێک بێ دەنگ بوو .پاشان سەری هەڵبڕی وگوتی :

- مەسەلە ئەوەیە. کە خەڵکی دەوروزەمانی ئێمە سەرسەری وبێ فکرن! لە شتی ورد نابنەوە .خەتاشیان نیە. ژیان بۆتە پەلە پەل و هەلەهەل وتالووکەوتێک هاویشتن! بەپەلە برۆ .زوو وەرەوە! زوو بگەیە! زوو هەستە، زوو بنوو! عەسری ماشێنە! لە بارودۆخی

وادا کێ وەختی ئەوەی
هەیە بزانێ چ دەخوا! چۆن
دەچێ وچۆن دێتەوە! موسافیر
ماندوو وبرسی و تینوو لە
بیابانێک لە قەراغ جادە
هەڵی دەرێژن و دەڵێن
فەرموون شام بخۆن!موسا-
فیری خەواڵووی گێژوکاس لە
ترسی ئەوەی شامی وەبەر
نەکەوێ بە پەلە پەل خۆی
دەگەیەنێتە مودیری
رەستوران ودەڵێ: قوربان
چڵەوکەباب! چڵەوکەبابی
لەپێشدادەنێن و ئەوجار
لەترسی بەجێ مان
چڵەوکەباب بەچوار پاروو،
قووتدەدا وسیغارێک بەبا
دەکا و هێشتا دەستودەمی
نەشتۆتەوە بووقی
ئوتوبووس دەگوێی
دەسریوێنێ. "لطفا" جا
نمانیدا!" بەڵێ لە هەل و
مەرجی وادا، لەژیانی ئاوا
بە هەرەمە وپەلەوخۆ
کوتان دا هیچ شتێک
ناناسرێتەوە. گۆشت مەڕ و
گۆشت کەر دەبنە یەک!
چاک وخراپ لێک دەدرێن!
تەنیا "ناو" دەمێنێتەوە!

قەتم وا دەکا کەباس
رانەدەدیت. نەمدەزانی
ئەو پیاوە بێدەنگە ئاوا
ورد ووشیارە. بەسەر
سوڕمانەوە لێم پرسی:

ـ راستە ژیان وای
لێهاتووە کە مەجالی ورد
بوونەوە نادا. بەڵام لەو
هەموو موسافیرە کەس نازانێ
چی دەرخوارد دراوە؟

ـ زۆرکەم! موسافیرقەت،
فکری بۆئەوە ناچێ گۆشت
کەری درابێتێ. تەنیا
دەزانێ کە ئەوجارکەبابەکە
چیرە وناجوورێ. بانگی
گارسۆن دەکا و دەڵێ
کەبابەکەت نەبرژاوە یان
گۆشتەکە کۆنە وبەس!
ئەویش سەت سوێندی بۆدەخوا



کە ئەو کەبابە لەگۆشتی
ران ساز کراوە! موشتەری
بە دوو سێ قسە وسوێند
ئەرخەیان دەبێ و دەست بە
خواردنی چڵەوکەباب دەکا.
تەنیا ئەوەندە یەهێندێک
زیاتر ددانەکانی دەکاردێنێ
و شەویلکەی هەڵدەسووڕێنێ.
ئەوەش خۆی وەرزشێکە!

بۆ ئەوەی کۆتایی بە
قسەکانی بێنم وباسی قەل
لەبیر نەچێتەوە لێم پرسی:

ـ گۆشت قەلەکەی تۆش
ئاوا چیرەوجوونی (جاوینی)
زۆرتری دەوێ؟
جوابی دامەوە:

ـ بەڵێ، ئەڵبەتە! دوێ
شەو خێزانم کوتێکی نا
دەمی وزیاتر لەدە دەقیقە
هێنای وبردی و پاشان بە
ساغی رۆی هێشت (قووتی دا)
لەئاخری دا دەزانی چی
گوت:

ـ رەنگە گوتبێتی. ماڵە
بابت وێران بێ. ئەوە
پلاستیکە یا گۆشت قەل!


ـ نەخێر! نەخێر! نالێم
دەهیچ ناگەی؟ گوتی:


ـ بەزیادبێ هەرچی بێ
گۆشت قەلە.

بەڵێ هەموولەناودەگەڕێین
کارت بەنێوەرۆک نەبێ!

بەهەرەمەهەستامەسەر پێ
وگوتم:

ـ لەسەری مەڕۆ بابڕۆین
بیکڕین. پەلەی بکە! نەوەک
ئەویشمان وەبەرنەکەوێ.





زانستی-تێکنیکی

ئاژەڵ

٣

رەسووڵ وەیسی

ڕێگای لێگرتنەوە

ئەو نەخۆشی یە زۆرتر لەو ڕێگەیەوە :

١- میز و پیسایی .

٢- خوێن و ئارەقی ئاژەڵی نەخۆش .

٣- گۆشتی نەخۆش کە لە ناوچەیەک بۆناوچەیەکی دیکە رادەگوێزترێ .

٤- بەهۆی پێوەندی لە نێوان ئاژەڵەکاندا بڵاو دەبێتەوە .

٥- ڕێگای سەرەکی چوونە ژووری ویرووسی تاعوون بونێو دەزگای گەواریشە .

ئاژەڵی حەساس :

ئاژەڵی حەساس

١- گا ٢- گامێش ٣- پالاغ وگوێلک ٤- مەڕوبزن بەو نەخۆشی یە حەساسن .

نیشانەکانی نەخۆشی :

نیشانەکانی

الف : خولی نوستووی (کمون) لە هەل ومەرجی ئاسایی دا بەتایبەت ئەگەر نەخۆشی بۆ یەکەم جار هێرش بکاتە رەوەی ئاژەڵ دەگاتەچوار تا پێنج رۆژ.

ب :لەناوچەیەک دا کە نەخۆشی لەپلەی دووهەم و... بێتە ناوچە ،خولی نوستوویی دەگاتە ١٥ رۆژیش .

ج: نیشانەکانی دیکە بریتین لە :

١- نوبەتێی توند .

٢- قەبزبوون پاش ئیسهالی توند .

٣- هەڵمسانی گۆلۆبۆلەکانی سپی .

٤- ئەستوور بوونی پێستەکان(مخاطات) هاوڕێ لەگەڵ کێم و زووخاو .

٥- لەناوچوونی ئیشتیا

٦- لەکاوێژ کەوتن.

٧- لەوکاتەدا ئاژەڵ لەسووچێک دەوێستێ وگوێیەکانی شۆڕ دەبنەوەو سەری دادەخا . بەڵکوو لە هێندێ گاوگۆل دا حاڵەتێکی رەوانی پێک دێ کە ئاژەڵ هێرش دەکاتە ئینسان و گەل وپەل و ئەگەر لە جێگایەک بەسترابێتەوەهەوڵ دەدا خۆ رزگار بکا .سمکۆڵ دەکا کە ئەو حاڵەتە زوو تێپەڕ دەبێ و لە پاشان نۆبەتێ دایدەگرێ.

هـ : ئاو لە چاوانی دێتەخوارو پێستەی چاوی سوور دەبن وبەرە، بەرە چڵک دەکاو ولە دەموچاوی دەڵەمە دەبەستێ و لە لمبۆزی ئاژەڵ توێخی وشک بوو دەبیندرێ وئاوی دەمی ئاژەڵ لە رادەبەدەر چڵکن ودەوروبەری لووتی سوور هەڵدەگەڕێ .

بەرگری:

بەرگری

الف : لە وڵاتەکانی پێشکەوتوودا کە بەدوور لە تاعوونی (گایە بەدامەزراندنی ئیزگای قەرەنتینە لە هاتنەژووری ئاژەڵی نەخۆش لەوناوچانەراکە نەخۆشی یان تێدایە لە پەیدابوونی

نەخۆشی بەرگری دەکەن.

ب :واکسینەکردنی هەموو ئاژەڵەکان (گاوگامێش و...)

ج: کوشتن وسووتاندنی ئاژەڵی نەخۆش .

نەخۆشی پیرۆپلاسمۆز (زەردوویی)

زەردوویی

ئەو نەخۆشی یە لە زوربەی ناوچەکانی وڵاتەکە — ماندا بەتایبەت لە ئازەربایجانی رۆژئاوا لە گاوگۆل ومەڕدا دەبیندرێ و لە لایەن ئاژەڵدارەکانەوە بەنەخۆشی زەردوویی(یرقان) و بەزمانی تورکی (سارلیق) ناسراوە ولەهێندی ناوچەدا بەنێوی تایبەتی ناوچەیی نێو نراوە کەبریتین لە (نەخۆشی خوێنەمیزوگەنەتۆش نێو دەبەن وبەرە بەرە، نیشانەکانی چۆنیەتی نەخۆشی یەکە پێشان دەدا کە بریتین لەتاوی توند (٤١و ٤٢ پلە، کەم ئیشتیایی وکەم خوێنی ودیتنی خوێن لەناو میزدا . زەردایی دەپیلووی چاوان وکەلاکەدا دەبیندرێ. لەو نەخۆشی یەدا تۆرەمەی کرم(انگل بابزیا) دەچێتە ناو گولۆبۆلەکانی سووری خوێن ودەبێتە هۆی لەناو چوونی گلۆبۆلەکان و لە ئاکامدا هاورێ لەگەڵ خوێنە میز دەبیندرێ. هەروەها سپڵ (طحال)یش لەرادەبەدەر گەورە دەبێ وبەهۆی زیاد بوونی کار لەو نەخۆشی یەدا سکەشۆرە وقەبزبوون بەین بەین دەبیندرێ. رەنگی پیسایی بەهۆی ئەملاحی سەفراوی زەرد دەبێ و کاتێک کە تفاق زۆر دەخوا سەفرا ئازاد دەبێ و لە ئاکامدا لەو ناوچانەی کە نەخۆشی زەردوویی هەیە سکەشۆرە(اسهال) رەنگی زەرد بەخۆیەوە دەگرێ.گوێلکەکانلە بەرامبەر ئەو نەخۆشیانەدا تا ماوەیەک لەئەمان دان . (دیارە ئاسەواری ئەو نەخۆشیانە لەو گوێلکانەدا دەبیندرێ کە لە دایکی ئالوودە بەو نەخۆشی یە دەبێ)

تەنەوەی نەخۆشی:

تەنەوەی نەخۆشی



ئەو نەخۆشی یە لە رێگای گەنەی دەجۆراوجۆر لەرەگەزی (بابزیا) بە گۆانداران مونتەقیل دەبێ و زۆرتر لەرێگەی لیکاوەوە دەچێتە ناو خوێنەوە و دەبێتە هۆی لەناوچوونی گلۆبۆلەکانی سووری خوێن

نیشانەکانی

نیشانەکانی....

لە گاوەمەڕدا نوبەتێ—یەکی توند بە رادەی (٤٢ ٤١ پلە)زەعف ،بێ ئیشتیایی سوستی، کاوێژنەکردن، کەم بوونی شیر لە نیشانەکانی سەرەتایین. لە رەدەی ، دواییدا هەناسە توند ودڵەکوتە توندتر دەبێوبێ رەنگی دەپیلوی چاو،زێ و (گەڵ وگوان)ی ماڵاتی مێینە ولە رەدەی دواییدا خوێنەمیز یا گۆڕانی رەنگی

میز لە ماڵاتی ئاوسدا دەبێتە هۆی لەبەرچوونی بێچووی ناوسک و لەنێو چوونی ئاژەڵەکە .بەڵامکاتێک ئاژەڵەکە ساغیەتی خۆی وەدەست هێناوە دەبێ چاوەدێری پێویستی لێ بکرێ . وەکوو چۆنیەتی دانی تفاق.

دەرمان :

دەرمان

دەرمانی کارێگەر بە نێوی ئاکاپیرین (پیرۆرازی) کە لە موئەسیسەی رازی کەرەج بەدەرسەدی جۆراوجۆر (٢% و٥%) ودەشوشەکانی



٥cc یا ١٠cc دروست دەکرێ و بۆ هەر ٥کیلۆ قورسایی ئاژەڵی نەخۆش بە رادەی $\frac{١}{٤}$ ی سانتی میتر بەشێوەی ژێرپێستی لێی دەدرێ

چەند خاڵی گرینگ :

چەند خاڵی گرینگ

١- لە ئاژەڵەکانی زەعیف ئەگەر نەخۆشی بە شێوەی توندوتیژ ببیندرێ یانی ئاژەڵ خوێنەمیزی هەبێ وتای بگاتە (٤١) پلە رادەی تەزریق کەمدەکرێتەوە وبە وەخت تەزریق دەکرێ.

٢- پاش تەزریق کردن سورەنگ وسەر سورەنگ دەبێ ئیستریل بکرێ واتە لەناو ئاودا بکوڵێندرێ تا میکرۆبەکانی لەناو بچن .

٣- لە کاتی گۆڕانی رەنگی دەرمان،نابێ کەلکی لێ وەربگیرێ .

٤- هەمیشە لە جێگای فێنک ودوور لە نوور و گەرما رابگیرێ .

بەرگری :

بەرگری

بەربەرەکانی لەگەڵ گەنە

الف :سەمپاشی کردنی جێگای ئاژەڵ: پاش وەدەر کەوتنیئاژەڵ لە تەویلە و هۆڵ دا دەبێ سەمپاشی بکرێ وماوەی ٢٤ سەعاتی تەواو دەرک و پەنجەرە و هەواکێش قایم بکرێن .

ب : سەمپاشی ئاژەڵ (حەمام پێکردن) گایەکانی نەخۆش . باشتر وایە لەرێگەی سەمپاشی کردن بەرگری بکرێن. بەڵام چاکترین رێگە بۆ مەڕان حەمامپێکردن لەحەمامەکانی دژی گەنە (سیار- سابت) .

سەمەکانی کە بۆ کەڵک وەرگرتن دەبن و رادەی، پێویستی ئەوان :

رادەی پێویستی سەم

١- سەمی نگون بەڕادەی ١/٥ در هەزار.

٢- سەمی ئازونتول بە رادەی یەک دەرهەزار.

٣- سەمی برکۆتۆکس بە رادەی ١/٦٠٠ و....

سەرنج :

سەرنج

لەکاتی دیتنی مەسموو - مییەتپاش سەمپاشی کردنی ئاژەڵ بۆ سارێژبوونەوەی ئاژەڵ لەدەرمانی سۆلفات (ئاترۆپین) بە رادەی قەڵافەتی ئاژەڵەکە کەڵک وەرگرین



چیرۆک بۆ منداڵان

کەریم قەیوومی

هەبوو نەبوو ، زەمانی قەدیم پیاوێکی دەوڵەمەند و بە دڵ و دەروون تاقە کوڕێکی هەبوو . زۆری خۆش دەویست . هەر چی ویستبای بۆی جێ بە جێ دەکرد .

وای لێهات کوڕە گەورە بوو . دۆست و ڕەفیق دەورەیان دا . تووتنەکەی* خۆش بوو . شەو و ڕۆژ خەڵکی بەدواوە بوو . ئەویش بە تاشای* دڵی بۆی خەرج دەکردن و دەرخواردی دەدان . ئەوانیش ڕێچکەیان دەبەست و کاکە کاکەیان لێ دادەناوە . ئەگەر سەعاتێک دیار نەبا لە پشت دەرکەی ماڵەکەیان ڕێچکەیان دەبەست هەتا لە خەو هەڵدەستا .

بابی بەو حەیس و بەیسەی* دەزانی و دەیویست کاژێکی وا بکا کوڕەکەی پەشیمان بێتەوە و دەست لەو ڕەفیقە خراپانە هەڵگرێ .

ڕۆژێکیان هەروا دانیشتبوون و قسەیان دەکرد . بابە کوتی :

– ڕۆڵە ئەو هەموو ڕەفیقە چن لە دەورەت وەکۆ بوونەوە ؟ بۆچی دەبن ؟

– ئەی ! بابە ! چۆن شتی وا دەڵێی ! بەسەری تۆ دڵم دێشێ ها ! ئەوانە هەموو سوێند بەسەری من دەخۆن . بەخودا پێیان بڵێم بمرن دەمرن . بێ من قامک لە ئاو راناکەن .

باب کە دەیزانی کوڕەکەی ناحاڵی یە پێکەنی و گوتی :

– کوڕم بەسەری بابت ئەوانەی وەک شڵغە مێشی دەورەیان داوی ڕەفیقی خواردنن . جەمێک لێیان ببڕێ دەتۆرێن . دەڵێی نا با بەتاقی یان بکەینەوە .

– چۆن تاقی دەکرێنەوە .

– زۆر هاسانە کوڕم . خۆ ئەمن سەرم لە ئاشی سپی نەکردووە ، دنیام دیتووە ئەوشۆ پێت دەڵێم .

کوڕە هەتا شەوێ خۆی لە ژووری حەبس کرد و وەدەر نەکەوت . شەوێ بابی کاوڕە مێیەکی هێنا . سەری بڕی . لەت و کوتی کرد و دەتەلیسی راکرد . بە شانی کوڕەکەی دادا و گوتی :

– هەستە وەپێشم کەوە با بڕۆین

کوڕە کەلاکی بە شانی دادا و وەدەر ، کەوتن . لە پێشەوە چوونە ماڵێ ڕەفیقە

خۆشەویستەکەی . لە دەرکەیان دا . کابرا دەرکەی کردەوە و کوتی :

- چیە بەو نیوەشەوە. رۆژ قاتی بوو ؟

کوڕە وەجواب هات و گوتی :

- وەڵڵاهی چت لێ بشارمەوە پەنام بۆ هێناوی . ئەوە یەکم لە دەست* زایە بووە .

- لە کوێ ؟... چۆن پیاوت کوشتووە ؟

- بەڵێ . وەرە مەردی خودابە رێیەکم پێشان بدە با زوو بیشارمەوە دەنا رۆژ هەڵێ لێم ئاشکرا دەبێ .

- بڕۆ ! بڕۆ ! پیاوکوژ . خۆ من قەتم تۆ نەناسیوە. هەر ئێستا لەبەر



چاوم ون بە دەنا هاوار دەکەم دەر و جیرانت وەسەر گەڕێ ... یاڵڵا .

ئەوەندەی گوت و دەرکەی پێوەدا و چۆوە ژوور .

کوڕە چاوێکی لە بابی کرد . زۆر بە خوێدا شکاوە . گوتی :

- قەیدی ناکا بابە گیان . وەرە دەچینە لای دۆستەکانی دیکەم .

- باشە کوڕم . با بڕۆین .

سەرت نەیەشێنم . ئەوێ شەوێ تا بەیانی لە دەرکەی ماڵێ هەموو دۆستەکانیدا بەلام کەس وەخۆی نەکرد. نا عیلاج و ناچار رووی لە بابی کرد و گوتی :

- بابە بەخودای ئەو رەفیقانەی من هیچ نایەنن .

باب کە زانی کوڕەکەی ئاقڵ بووە گوتی:



- هەڵگرە با بڕۆین ئەمنیش کۆنە دۆستێکم هەیە با ئەویش تاقی بکەینەوە

- بابە دۆستی تۆ کێیە !؟ ئەدی بۆ تا ئێستا نەمدیوە .

کوڕم دۆست دەبێ دۆستی تێشکان و لێقەومان بێ وەک تۆ دایم و سەعات بەر دەرکە بە یەک ناگرین . جارێ وەرە با بچین .

دیسان کوڕە کەلاکی بە شانیدادا و وەدووی بابی کەوت . کەم رۆیشتن زۆر رۆیشتن گەیشتنە ماڵێ دۆستی کابرا . لە دەرکەیان دا . کابرا وەدەر کەوت سڵاویان کرد. سڵاوی ئەستاندنەوە و لێی نەپرسین بۆ هاتوون . وەپێش خۆی دان و



بردنی بۆ ژووری . خێزانی هەستاند نان و چایەکی بۆ ساز کردن . دوای حەسانەوە جا ئەوجار گوتی :

ـ دەی کاکە خێرە شکور بە سەرتان کردوومەوە .

ـ ئەوە یەکمان بەدەست زایە بووە . دەمانەوێ بیشاریەوە .

ـ جا ئەدی بۆ بۆخۆت هێناوتە . لە دووت ناردبام بۆخۆم دەهاتم دەمبرد . دەی تازە کار لە کار ترازاوە . کوا ؟

ـ ئەوەتا لەت و پەتمان کردووە و لەو توورەکەمان ناوە

ـ جا دانیشن کارتان بەسەریەوە نەبێ ئەمن ئێستا دێمەوە .

کابرا میوانی بەجێ هێشت . تەلیسی بە شانیدادا و مەلا بانگدانان وەدەر کەوت . هەستا چوو کەلاکەکەی جێ بەجێ کرد و گەڕاوە .

کوڕە هەر پێی سەیر بوو چۆن رەفیقی واش هەیە ؟

نە نانی دەخوارد نە چا . ئاراو و قاراوی لێ هەڵگیرابوو . بابی رووی تێکرد و گوتی :

ـ ها ا کوڕم ، چۆنی ؟ ئەمن دەمکوت ئەوانە رەفیقی نانین ئەمنت پێ شێت بوو .

ـ بابە وەڵڵاهی نەمزانی . شەرت بێ لەوە بەولا دۆستی وا بگرم وەک دۆستەکەی تۆ بێ .

ـ کوڕم ئەوەت لە بابی خۆت وەسێت بێ دۆستێکی بەراستی لە هەزاری بە قەستی چاترە .

لەو قسانەدا بوون کابرا گەڕاوە گوتی :

ـ خاترجەم بن . بە ئاوم دادا . گوتم نەوەک ژێر عەرزی بکەم دوایە بە بۆگەنی را خەڵک پێ بزانن .

هەستان وەدەر کەوتن . کوڕە بە دووی بابیدا بەرەو ماڵ بووە . بۆ بەیانی باب شکایەتی لە دۆستەکەی کرد و چون پێی قەرزدار بوو لە بەندی کرد .

کوڕە زۆری پێ سەیر بوو گوتی :

ـ بابە گیان ئەو دۆستە خۆشەویستەت بۆ بەگرتن دا ؟



- راوەستە کوڕم جارێ زۆرت ماوە !
دوو رۆژ پێچوو . بابە بە کوڕەی
گوت :
- هەستە با بچین سەرێک لەر دۆستەم
بدەین .
- با بڕۆین
هەستان چوونە مەحکەمە و سەری
دۆستەکەیان دا . دوای چاک و خۆشی
کابرا گوتی :



- کاکە هیچ قەیدی ناکا . حیساب
حیسابە ! بە گرتنت داوم هەقی خۆتە
ئەمما هیچ نیگەران مەبە قسەی خۆمان
لەبیر خۆمان . باسی رووداوەکە ناکەم.
کوڕە زۆری پێ سەیر بوو . هەر
لەبەرە خۆیەوە دەیگوت :
- کوڕە چۆن دۆستی واش هەیە ؟
هەستان باب و کوڕ ، کابرایان بەجێ
هێشت و چوونە مەحکەمە تا قازی حالّی
بکەن و کابرا رزگاری بێ . هەر کە
وەژوور کەوتن . کوڕە دیتی دۆستەکانی
پێشووی سێ چوارێک ئەوە لە مەحکەمەن
تێکرا کوتیان :
- ئەوەتا ! ئەوەیە ! شەوێ پیاوێکی
کوشت . ئێمە بۆ خۆمان دیتمان لەت و
کوتی کردبوو و بە شانیدادا دابوو.
کابرا لەسەرەخۆ وەقسە هات و نەقلّە
- کەی گێڕاوە .



دۆستەکەی رزگاری هات و ئەویشیان
حالّی کرد . کوڕە دۆستەکانی وەلا نا و
بە حەیا و بە ئەدەب خەریکی کار و
کاسبی خۆی بوو.

ئەمنیش هاتمەوە لەو لا ڕا
کالّەم دڕا و چم پێ نەبڕا

بەرەو:

زمانی یەکگرتوو

زۆر لەمێژە کورد هەستی بەمە کردووە کە پێویستی بە زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی هەیە و دەبێ ئەم زمانە بۆ سەرانسەری کوردستانی دابین بکا. ئەم هەستە لە یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردیدا کە لە لایەن ئەم ناوەندەوە پێک هات دەنگی دایەوە و بەشی زۆری وەختی هاوبەشانی کۆنگرەی گرت. لە کۆنگرەدا پاش وت وویژ وراوێژی زۆر بڕیار درا هەتا زمانی یەکگرتوو پێک دێ نووسەران و زمانەوانان حەول بدەن لە لەهجەکانی کوردی کەلک وەربگرن وئەم زمانەی پێ دەوڵە-مەندتر بکەن. هەروەها گۆواری سروە وەک نموونەی زمانی یەکگرتوو پەسندکرا و قەرار درا ڕێبازی ئەم گۆوارە لەباری ڕێنووس و شێوە زمانەوە لە هەموو ناوچەیەکی وڵات ڕەچاو بکرێ.

بەختەوەرانە تا ئیمڕۆ گۆواری سروە جێگەی تایبەتی خۆی لەنێو دڵی ئەدیب و ڕووناکبیر وهەموو چین و توێژەکانی خەڵکدا کردۆتەوە. سروە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان داخوازی هەیە ولە دەرەوەش جێی خۆی کردۆتەوە.

ئێستا دەزانین "سروە" وەک هەڵگری فەرهەنگ وئەدەبی کورد و بووژێنەرەوەی زمان وفەرهەنگ و ئەدەب دەورێکی بەرچاوی بەستۆیە بۆیە بە پێویستمان زانی لەمەودوا هەشت لاپەرە بۆ لەهجەکانی دیکەی زمانی کوردی بکەینەوە مەبەستمان لەم کارە ئەوەیە:

– کوردی خوێندەواری ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە لەهجەی ناوچەکانی دیکە شارەزا بن وتکامان لە هەموو خوێنەرانی بەرێزی سروە ئەوەیە کە زۆر بە سەرنجەوە ئەم بەشە بخوێننەوە و هەڵی نەبوێرن. دڵنیاین بەم کارە تێدەگەن کە زمانی کوردی لەپنج و ریشەدا یەکە و شێوە ئاخاوتنە کە جیاوازی پێک دێنێ.

جا مەبەستمان ئەوەیە خەڵک بە هەموو لەهجەکان شارەزا بن و وشە وزاراوەی هەموان هەڵسەنگێنن وئەوی هەرەباش وبەجێ ولەزاران خۆش بۆ زمانی ئەدەبی کوردی هەڵبژێرن.

ئەم کارە دەبێتە هۆی لەبەریەک رانانی وشە وزاراوەی لەهجەکانی دیکە و دیتنەوەی کەوشەنی جیاوازیان و لە ئاکامدا بەرەویەکدی بردنیان.

کەوابوو داوا لە هەموو زانا و ئەدەبدۆست وقەڵەم بەدەستی کورد دەکەین لەم بارەوە سروە یارمەتی بدەن وبابەت و نووسراوە بە هەموو لەهجەکانی کوردی بۆ ئەم ناوەندە بەرێ بکەن تا لەم پێیەدا کەلکیان لێ وەربگرین و بە هەموان هەنگاوێکی بەکەلک بۆ زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی هەڵێننەوە.

لە ڕەخنە وپێشنیاری هەموو ئازیزانی خاوەنرا بۆ باشتر بەڕێوە بردنی ئەم ئەرکە و گەیشتن بەم ئامانجە پێشوازی دەکەین.

دەستەی نووسەرانی "سروە"

کورمانج کینە؟

پەرویز جهانی

ل پشکا زۆرە کتێب وپەرتووکێد کول بارا کوردوکوردستانێ دا هاتنە نڤیسین، کێم وزێدە ئەم راستی گۆتەیا "**کورمانج**" ژێ تێن ودبینن کو ئەڤ گۆتەیا هەمێشە دگەل گۆتەیا "**کورد**" بوویە ومەعنیا وان هەر دوو گۆتەیا ژ هەیێک بوویە. لێ بڕەک ژمێژوونڤیسا ل بارا رەهـ وریشا گۆتەیا "کورمانج"ێ کەتنە شک وگومانێ وهەریەکێ ژ گۆرەکی بیرورا و هندی زانین وئاگاداری یا خوە ل باراڤێ گۆتەیێ دائاخفتنە.

ژان دومورگان مێژووناسێ فەرانسەوی ل باراگۆتەیا "کورمانج"دا نڤیسیە: "ئەز نزانم بنێشەیاڤی گۆتەیێ ل کیدەرێ راهاتیە. گەلۆ ئەڤ گۆتەیا تێکەل بوویی یا گۆتەیا "کورد"ە، یان ناڤی هۆزەک مادی ل کوردستانێ دابوویە."

پرۆفسور مینورسکی رۆژهەلاتناسێ ئوورسیێتێ دنڤیسە: "کورمانج ژدوگۆتەیا پێک هاتیە. پیتا "چ"یا دوایێ ژی پاشگرە، کودەبێ ژێ جودابە، دمینەدوپشکێ دی یەڤیگۆتەیێ پشکایەکی "کور" کوکورت بوویی یا گۆتەیا کورد ە پشکا دوویێ ژی "مان" کو ئەوژی کورت بوویی یاگۆتەیا "مانایی"یە. بڤی جوری گۆتەیا "کورمانج" دبە کوردێ مانایی. تەوفیق وەهبی ل پرتووکا "بنەچەکەی کوردان وبنچینەی زمانی کوردی"دا دنڤیسە: "ئەزبرۆناهی نزانم کەنگێ ناڤێ"کورمانج" پەیدابوویە، لێ پشکەک ل کوردان کو کوچەرو رەوەند نەبوونە ول گوندا دامانەو وەرزگاری کرنە، ژ خوەرا کورمانج گۆتنە."

رەحمەتیێ **ئێحسان نووری پاشا** ل پرتووکا (تاریخ ریشەء نژادی کرد) کوب فارسی نڤیسیە، دبێژە: "کوردێد لایێ شاپوورورزایێ (سەلماس و ئورمییێ) ئەوانێ کو عەشیرەتن ول رێکاتەرشداریێ دژین دبێژنە خو" کورد"لێ ئەوانێ کو گوندینە ول رێکا وەرزگاریێ دژین دبێژنە خو" کورمانج" هەلبەت هەردو دەستەژی خوکورد دزانن و کوردی ژی قسەدکن ودەب ورەسم وری وشوونێ ژیناوانژی هەوەکی هەڤە."

رەشیدیاسەمی ژیل کتێبا (کوردوپیوستگی نژادی و تاریخی او)دنڤیسە: "ریچ" ل بارا کوردان دا دبێژە کو کورد دودەستەبوونە: دەستەیەک کوچەر بوونە کوکارێ وان تەرشداری بوویە وگۆتنەوان "ئاسیرتا" دەستادی ژی، گوندی و وەرزگار بوونە کوژوان را "گۆران"گۆتنە.

تیبینی: گوتەیا "ئاسیرتا" دقەومەهەمەن گۆتەیا"ئازینتا" یان "ئازینتە" بە، کول زمانێ کورمانجی دایانێ وێلگەرو گەرۆک. کەسێ کو بێچنە دگەرە.

لێ ئەحمەدێ خانی شاعرێ بلندپایە ودلسۆژە کورد، ل دەست پێکا پرتووکا مەموزین دەماکو لبارا کوردان و، مێرخاسی یاواندا دبێژە و دبلینە، چ جودایی وجیاوازی یێ دانانە نیڤەکادو گۆتەیێ "کورد" و "کورمانج". ڤان هەر دووگۆتەیا ژی دگەل هەڤ ب مەعنییەکی بکاردبەودبێژە:

داخەلق نەبێژتن کوئەکراد
بێ مەعریفەتن بێئەسل وبونیاد
ئەنواعێ مللەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حسێبن
کورمانج نەپڕ دبێ کەمالن
ئەمما دیەتیم وبێ مەجالن
بفکرژعەرەب حەتا ڤەگورجان

کورمانج چ بوویەشوبهی بورجان

تاڤێرە* مەبزمانێ پێشی یا ئاخفت. ئیجا یا باش ئەوەکو ئەمخوژی سەرەکی ل کوردستا- نێ بدن وبزانن کانێ کورمانج کینە؟

ل ناڤچا موکریان بگشتی ناڤ کوردێد سۆرانیدا دبێژنە گوندی ووەرزگارا "کورمانج" هەیلۆهندەک* ئەڤی گۆتەیێ دقۆرتسینن و" کرماج "ژی دبێژن.

پشکا زۆرە کوردێد کوردستانا تورکیایێ هە ژخوەرا "کورمانج" دبێژن و چ جودایی و جیاوازی یێ ل نیڤەکا دووگۆتەیێد کوردو کورمانج دا نزانن. کوردێد خوراسانێ چ گوندی وبا ژێری چ کۆچەرورەوەند هەموو هەخوکورمانج دزانن. ئەڤانە بزاراڤێ کورمانجیا ژۆرین قسەدکن.

کوردێد لایێ ماکووخۆیێ ژی خوەرا کورمانج دبێژن ئەوانا ژی بینانی کوردێد تورکیایێ چ فەرق وجودایێ ناکەنە نیڤەکا گۆتەیێ کوردو کورمانج.

ئەمما لناڤ کوردێدسەلماس وئورمیێ (شاپوورورزاینێ) بتایبەت لناڤ هوزێد شکاک دری - بەگزادە- هەرکی گۆتەیا کورمانج رەنگ ورووێ خویەبنێشەیی-ومێژوویی، ب باشی نیشان ددە.ڤێدەرێ ژ کەسانێ کوعەشیرەت نینن وسەرچ هۆزوتایفێد کۆچەرو تەرشدار ناییێنەهەژمارێ و شۆل وکارێ وانە بنێشەیی وەرزگارییە وهەمێشە ل گوندادا دژین "کورمانج"دبێژن. هەرچەند کو کورمانجێد کوردستانا تورکیایێ وکورما- نجێد لایێ خۆو ماکوویێ عەشیرەتن وخودانێ هۆزو تایفانە وشۆلا پشکا زۆرە وان ژی تەرشدارییە، لێ"کورمانجێ" ئورمییەوسەلماسێ گوندینەو وەرزگار، ل سەرچ هۆزوتایفێ ژی ناییێنە ژمارێ. ڤێدەرێ کورمانج گۆتەیەک زۆرسڤکە. چون کورمانجێ ئۆرمییە وسەلماسێ عەشیرەت وتایفە بازی یێ ناکن،ژلایێ هۆزو عەشیرەتێد دی دادکەڤن ژێرزۆروزولمێ. ئەزمانێ کورمانجێ ئۆرمییە وسەلماسێ پاقشترین وبەرفرەترین زاراڤێ کوردی یەوتێکەلی یا دیترزمانا تێدا زۆرزۆرکێمە.

بهە جورەیی نهەپشکا زۆرە کوردێدونیایێ را چ عەشیرەت وکوچەر بن،چ گوندی ووەرزگاربن، کورمانج دبێژن ئەمدشێن بێژن کو کورمانج بینانی دارەکییەکوهۆزو تایفێد جوربەجورەکورد وەکی پەلک وچقێ* وی دارێ پەڕڤەدانە وژەڤ زێدەبوونە.

بڤی جورەیی رۆن و ئەشکە- رەدبە کو کورد وکورمانجهە مللەتەکە. هەرتنێ چاوانییا کاروبارێ ژینێ ناڤێ وان لێک جوداکرییە. ئەوانێ کو ل گوندا دامانەو وەرزگاریکرنە "کورمانج"لی ئەوانێ کو تەرشداری کرنەوکۆچەرورەوەند بوونە" کورد" یان ژیبگۆتنا "ریچ"،"ئاسیرتا" یان "ئازینتا" بوونە،فەرهەنگا موعین ژێرناڤێ کورد دا، دنڤیسە: شڤان،پەزدار،کۆچەر. ئەولێ زێدەدکە ودنڤیسەکو ئیرانییێد بەرێ فارسێ دیلەمێ را کوردێتەبەرستانێ، عەرەبارا ژی کوردێ، سوورستانێ دگۆتن.

ئەمما ئەمبزانن کانی گوتەیا "کورمانج" چاواپەیدا بوویە وچییە ویانێ چ؟ گۆتەیا "کورمانج"بگشتی ژسێ پشکا سەراستبوویە:

(کور + مان + ج) "کور" کورتبوویی یا "کورد" ە، "مان" یانێ مایین ورروونشتن "ج " ژی یانێ "جی ،جێ، جیهـ ج" کوبەمەعنییا جی ومەکانە سەرڤێ ڤەژاندنێ* "کورمانج" یانێ "کوردێ مانجی" کوردێ کو ل جییەکی دامایەوکۆچەرو رەوەند نینە. شرۆڤەکرنێد* ژورینژی نیشان ددن کو، "کورمانج" وەرزگاربوونەول گوندا دا شۆلا جۆتکاریو وەرزگاری یێ کرنەخازی کورد هەمووژی کورمانج بمانا و ل سەر دەستە وهۆزوقەبیلا چقـ چقی نەبانا وهەرچاوا مللەتە ـ کی تەکووزە ویەکدەستن، یەکدست وتەکووز ژی بمانا.

مرنا خەزالێ

کافی ڕێبوار بینابە سەر ڕێنڤیسا کوردی •••



ئاخین کەتبوو مێشە. سەقەما بایێ پاییزێ و نێچیرڤانێد بێ رەحم وۆرتژی ببوون. بایێ پاییزێ یێ سار مێنا خەزەڤی دفیتاند. ژ هێورزا بێ، بەلگێد دارا ئێدی بەد رەنگ دلەرزین. تەیێ بگۆتا ب دلشەوات، دلوڤاندن، بێتاقەت دبوون و دوەشیانە عەردێ. جی جی یا گوڕینیا تڤنگێد نێچیرڤانا بوو و دکەتە مێشە و دبوو گوژین ودەنگێ هەر گوللەکی راقەی بێ مێشە دنەعلیا.

راستی ژی نەعلینا وێ بوو.

رۆژێد وی یە گەش ئوندا دبوون، خەملا وێ یە خشیم دخەیری، خەزالێد وێ یە بەدەو دهاتنە زێراندنێ وقڕ کرنێ وئەوێ دکرە ئاخین. نە ئاخر ئەوژی تێدەردخە، نە ئاخر ڤراژی روح، کۆل ودەرد هەنە. ئاها ڤورف کەتییە دلێ خانما مێشە. ئەو ژ گوللا نێچیرڤان بریندار کەتییە و رەڤییە و نەوالەکێدا کەتییە. ژ برینا گوللێ خوون دکشە. ب چەعڤێ خوە دبینە، وان گوهاستنێد نە-بینایی تەغمین دکە کو ناڤا وێ دا پێشدا تێن. دۆربەرێ وێ ژی تێنە گوهاستنێ، ئەو خوەخوە ژی نە ئەوە. چکو ڤێ سڤی بوو.. لێ ئەڤ چ عەجێبە چما ئەو دیسا بینا بەرێ نینە، چما ئێدی نکارە سەر پیا بسەکنە، برەڤە....

حێزی یا ددەخوە، دچڕچڕە، دچڕ-چڕە، دخازە پێ بخەسە لێ ئاخر چاوا قەومی، چ بوو؟... و هەمانکێ تێ بیرێ وەکی تەڤی کارا خوە دچێرییا... نشکێڤا تشتەک تەقییا.. گەرمایکێ گرتێ و کەت .... پێڕا پێڕاژی رابوو....

کارکا وێ یە بەدەو... لێ ئێدی نایێ بیرێ، هەر تشت لەڤ کەت تاقەت نەکر....

ئەوێ تێ دەرخست، وەکی ژ تێبوونا دلێ وی دشەوتە... دەست خوەدا جەوا ئاڤا بنتارا گێلی کەتە بیری، دەنگێ خولە خولا ئاڤا زەلال هاتێ، ئەو رۆژێد هێنکە خوەش کو ناڤا مێشەدا دەرباز کرییە، ئەو لەیلانا نوورا بەربانگێ هاتنە بیرێ. وەختا ئەو سەرخوە بوو، سڤک سڤک دا-دکەتە وی گەلی یێ ژێرێ وتێر تێر ئاڤا سار ڤەدخار... نهاژی دخوەزە، لێ یا زخ، دکنەدکر نکار بوو

رابینیا .... هەر جارنا کو حێز ددا خوە وەکی رابە دبوو شەلپینا وێ دکەت ناڤا خوونا مەوجی وژ برینا گوللێ دیسا خوون دهات . پاشێ خوون کێم بوو. برینا گوللێ ژی ئێدی ئەو مینا بەرێ نەدئێشاند:

هێنژی ،تەخمین کر خەواوێ تێ : هەر چار ئالی یێ وێ تەعری کەتە عەردێ و بەرە بەرە هەر تشت بەر چەعقێ وێ رەش دبوو.

رۆ دچوو ئاڤا ، پەنجێد تەعقێ پش چی یێ دا ئوندا دبوون ،دەنگ و حس ژ مێشە هاتنە برینێ .

سورا ئێڤارێ دەست پێ بوو . خەزال سەر هشێ خوە داهات، ب حەژ بینا تەمز کشاند. چەعقێد خویە ترسیایی ڤەکرن ،ژۆرێ ستەیرل عەسمان دچوورسین ،تێدەرخست وەکی شەڤە. قەواتا خوەیە کو تاسی یێ بەرەڤ کر، تاقەت دا خوە جی لەقیا ، چۆک ژی راست کرن و دیسا کەت ،کوورکرە زارین ، ئەوێ زارینا خوە بهیست و ئەو دەنگێ کوتاسی یێ بوو کو ئەوێ ڤێ دنێ دا بهیست .

ئەحمەدا چاڤێ تە مازاغەلبەسەر
یەک ئشارەتا تە ئینشەقڤەلقەمەر

حوکمێ تە جاری ژ عەرشێ تابفەرش
ئەی ژ نوورا تە موننەوەر تابعەرش

ئاتەشێ مووسا چ بوو روخسارێ تە
وەززوحا نوورا دلێ هوشیارێ تە

دورر نوورا تە زیبایێ مێهر وماه
لی مەعەللاهیلجەلیلێ بارگاه

نی ژ نەعلەینا تە ئەی دوررایەتیم
فەخرو تەشریفە ژ بۆ عەرشێ عەزیم

هەر دوو عالەم چ سیها ئێقبالێ تە
سووندا وەللەیلێ بزولف وخالێ تە

هەمتورووح و هەم رەوانی جان ودل
پێش بەژنا تە سیها کولل بوون خەجل

جانفدایێ بەژن وبالایێ تەمە
مەست وسەرگەردانێ سیمایێ تەمە

شەهسەوارێ دولدولێ کەون ومەکان
واسلێ وەحدەت سەرایێ لامەکان

من هەبن سێ سەدهەزار ئەزمان ودەڤ
یەک دەمێ غافل نەمینم رۆژو شەڤ

وەسفێ حوسنا تە ببێژم سوبح وشام
سەد قیامەت دێ بچن هێژ ناتەمام

یارەسوولەللاە رەسوولێ ئێنس وجن
یا شەفیعێ سەدرێ ئەیوانا مەزن
تو شەفاعەت کە ژ یەومە عاسیان
وەرنە نەفسا شووم ناکەت قەنجی یان

فەقیهێ باتەیی

ئەنجوومەنی ئەدبی ؟! ○○



ف. شیخەلیسلامی

نەمزانی کێ ئەم **تۆمە لەقیە لە دەممانا شکاند.** کام لەخوا نەترس ئەوەڵ دەفعە وتی :

"جەمەو بینۆ، دانیشین ئەنجومەن دروس کەین ."

خاس نایتەو بیرم. ئاخر خۆمانین من چەو ئەنجومەن چە؟! وەک تارمایی تێتەو بیرم. چونکە ئەو شەوەو شەوگەل تر تامەلا بانگدان دانیشتین و قسەمان کرد. " ئەگەر بێژم قسەیان کرد دروس ترە" ئەوێژیا :

" ئێمە ئەوەینە وا سەلاحەدینمان بوو. ئێمە رۆلەی کاوەین .ئێمە زوان و چاوو فکرمان هەس ...."

وەلێ ئێوەش بیگانە نین .فرەتر زوانمان بوو. ئاقیبەت دوای **کتێب خوێنی** و وت ووێژو راورێوی گەین بەیره وا ئێسته هاین تیا. **رمڵ خراو مەپێکن.** گشتی سالێکە. بەلێ ئەگەر تەحتیلی وچتحەساو نەکەین سالەوەختێکە خەریک دامەزرانی ئەنجومەن فەرهەنگین بۆ شارەکەمان ئیشالڵا بوێتە ئەسپاو خەیر. بەگیان ئێوە ئیسەیچە قورگم هەر بۆئەوە ئەیشێ.

دوێ شەو تازەترین کۆبوونەوەمان لەماڵ کاکە ئێرجا بوو.ماڵی نەشێوگێ بەراسێ هەم ئەدیبە، هەم شاعیره.(جاچوزانم ئەدیب و شاعیر فەرقیان چەس!) هەمەیمان نەوازە، ئاغە یەک کەلام پیاگە. ئاگرە، شەوقە، بەسەزوان حەڵەبی سازە. دووکانەکەیچی ها لەژێر ماڵەکان خوەیانا لەسەر تەپۆڵا. خوەی تاریف ئەکا :

" شیعر و شاعیری کالایکە بە بالای ئەوانوو بنەماڵەیان بڕیاگە. ئەتانم بێژم بە **شیعرگۆچ کریاگە** خوا بیوەخشێ دایکی **بەرتەو تانەی** خاسی ئەزانی. ئەوسا مالیان لە قەتارچیانا بوو. دەوری شاریوەر ساڵ گرانیەکە هەرکەیانبردایتە ئیجباری ژنیان بۆ کەس بهاوردایێ، کەنیشکیان بدایتە شوو، دوور لە رووتان کەسێ بمردایەت خولاسە بۆ هەچی چتە شیعرێکی ئەوت . جاوا بە سۆزەو ئەی خوەندەو پیاگ حەزی ئەکرد دانیشێ وتێرو پڕ با لە پڕمەی گریان.

ئاغەی کەتۆ بی کاکە ئێرج کوڕ وەها ژنی بوو. ئەیان وت تا پەنج، شەش ساڵ لەمەوبەر لە بان ئاوپاش ومەنگەڵ ومەجمعەی حەلەبی وهەرچێکەو درووسی ئەکرد. بەیتێ دوان لە کارەکانی هەڵ ئەکەند و ئەیانیدا بە خەڵک بەمفتە پوولیچی نائەسەندو ئەیوت: " هونەر ئەشێ بچێتە ناو مەردوم! "

هەرکە لە قەور خۆیا ئەنرگێ . بەعزێ ئەیانکردە جواو ؛ حەتا لەبان لوولە ئافتاوەو غەزەلی دەرئە- هاورد !

کارەکانی مەنشوور خاس و عام بوو. وەک توحفە و تەوەڕوک ئەیان برد بۆ ئەملاو ئەولا. چڵک کەس ناشۆرم وەلی بەم گوێچکە گەل خوەم **ژنەفتم جار وا هەس حەق "تایی" لە "دۆلاوی" ئەسێنێتەوا!** بۆ نموونە فلان تەشت وتاوەکەڕەنای حەلەبی ئەوەخشێ بۆ گەشە پێدان فەرهەنگ و هونەر

(ئەڵبەتە سەنعەتیچ)وەلێ لەباتی تاوڵەمەیک ئاتە کوڵێ پووڵ بەفلان " تازە پیاکەفتگ " نیمە فەرەنگی نیمە فەرهەنگی !

ئەی هاوار قوڕگم . خاسیەکەی ها لە وا ئەم قوڕگ ئێشە ئەمخاتەو فکر ئەوە. گەرەکم بوو بێژم چە. ئەرێ لەدوێ شەوابووین خانەی ئاوا تەک ئیوەئا. کا ئێرج بامیە وزلووبیای فرەیکی سەند وئاغە چایە خاسەکەو روتەب تازە و مەیمانەکانیچ بە درۆ یا بە راس بەربانگیان لەینا کردەوەو هەر وەک باقی شەوگەل میرزا ئەحمە و مژێ قورسی دا لەسگارەکەی و دوای قورقێنەی زل دوو شاخە دووکەڵی لەدوو کونای لووتیەوە وەک لوولەسۆمپا دا دەرەوەو وتی :

" شاعیر و نووسەرە عەزیزەکان ! ئەدیب و لێزانە بەرێزەکان ....

قورقێنەی تر قسەکەی بڕی .

".... بەلێ براگەل ئیمشەو لەیرا دانیشتگین تا بێ تەغیر ئیلاهی ئاخرین راوێژگەل خوەمان بکەین و ئیشاڵلا لە رۆژ جەژن رەمەزانا ئەنجومەن فەرهەـ نگیەکەمان ئفتتاح کەین . جا لەودوا ...."

ناخافڵانە ئاغەی "چەن کارە" کە هەم کارمەند بوو، هەم بووتیکدار وهەم قاعیدەتەن شاعیرو ئەدیب دەست راستی بەرزەو کرد بامیەکی هەڵخست و وەک کەڵەشاخ بگرێ ،مژێ وای دا لە سیگارەکەی گەیاندیە فیلتەر وبێ ئەوەی پرسێ بە کەس بکا وتی :

" من موخالفم.خوایشوو لێ ئەکەم ئامیرزا ئەحمەو **بە هەر رەنگێکی ئەکەی بە گوڵ خاری مەکە**، خۆخومخانە نیە بێژەنی پیاو دەری بێرێ. بیلاتەژبی کار ئەشی بەدەس کارزانەو بێ. من خوەتان ئەزانن ئاونە منداڵ بووگم (دەسی کردەوە و بنکووسێکی نیشان دا) ناو کتێب وفەرهەنگ و کاغەز و پووشا گەورە بووگم. ئەم **مووگەلیچم لە ئاسیاوا چەرموگ نەکردگە.** (ئێوە مووی چەرموگتان لە سەریا دی من نەمدی ! بۆی پاڵێت حەفت گیا " موعجزە ئەکا!) ئەوەسە بە نەزەر من ئەوەڵ ئەشی رەیسی سنی بۆ ئەنجومەنەکەدانێن لەودوا ئەعزا جیاکەینەوە ئەڵبەت **نان بە کەس نامە قەرز**.خوەیچم ئیسرارم لێ مەکەن کە بە گیان کوڕم حەز ناکەم رووتان بەمە زەوینا وەلێ بەو بۆئەوە ئەنجومەنەکەمان لە نەزەر مادی ومەعنوی ویەوە بکەفێتە بەرەو. زوانە شیرینەکەمان بەقەوڵ شاعیر وتەنی وەک قەن پارسی بیوەنە بەنگالەوبێرینیەو !! داواتان لێ ئەکەم جەناب "نووربازار" بە عنوان رەیس ونازز و هەمەکارە ئینتخاب کەین و خەیاڵ خوەمان رەحەت کەین .... لەبیرمان نەچێتەو ناوێ وەک منال باوەژندار بکەفینە ژێر چەپوک "سروە" و ئام چت گەلە. ئەڵبەت ...."

میرزا حەسەن وەها بیسمیلایەکی کرد. گشتمان داچلەکیاین. وەمان زانی جنۆکەیێ چتێ هاتگە! وتی:

ئافەرم سەدئافەرم"چەند کارە"

ئیمە زین وشیعر ئەسپ وچەندکارە" شاسوارە"

ناتانم بێژم شاعیرم! وەلێ منیچ بە قەوڵ " چەندکارە"ی عزیز منیچ ناو مقەوا وکاغەز وقەڵەم و جەوهەرا گەورە بووگم. فەرمایشەکان چەند کارەیچ گشتی قسەس و بە جێگە. وەلی وەک منالێ زۆری بۆبێ ونەتوانێ بەرنەفس خوەی بگرێ مەجبوورم لە تەئکید فەرمایشەکانیانا عەرز کەم ئێمە **بنکرخۆر نین** .ئێمە ئەشێ لەژێر چەپۆک "سروە" سەهلە نەوسین تەسلیم شەماڵ و زەلانیچ نەوین ! وەلێ بە شەرتەها وشرووتەها ! ئەو

ئاغە گەلە هاتنە ئەم شارە ووتیان ئەنجومەن دامەزرنن وەیان ئەزانی ئێمە هەتیم و سەخیرو.... خەیالٚ خاوا ئەوەسە ئەشێ لە ئەوەڵین شومارەی مەجەلەی ئۆرگان ئەنجومەنەکەمانا ئەم مەسەلە رۆشنەو کەینەو مەگەر خوەمان چەمانە باوکم **قسەیکیچ بکەن بۆ دزا** هەر ئێستە لەم جەمعا تا چاو کار ئەکات شاعیرو رەوشەن فیکر وئەدیب و عالم ، نووسەرمان هەسن . ماشەڵلا! جا تۆخوا حەیف نیە ئاغە لە رێگەو نەگەیگە بەرەو رێگە بنێتە بەرپای ئێمە " بشکێ ئەوپا وا ناچێتە کەوش خوەیا! " فشارخوێن میرزا حەسەن بەراستی چووە بان . بەرمان نەگرتایێ کارێکی ئەدا دەسمانەو.وتم قوربان تاوێ ئیجازە بەن چتێ عەرزکەم !

جواوی نەداوە، دەوری، گرتوو، وای ئەزانی خەریک نوتق ئینتیخاباتیە ! بە دەنگی بەرزتر لە ئەوەل وتی :

" جواوم بەنەوا برا گەل کڵاو نەچێتە سەرتان! سەور ئەکەین تا کارەکە بیگرێ ."

دەنگی نزم کردەوە بە پچە وتی :

" هەر گرتی باوک من باوک "سروە"ی نەدیگە. **مسەمسی بۆچەس مسەفای رووتی** ! وەک یارۆ وتەنی " **شەر لە شێغا وئاشتی لە خەرمانا** "سۆزی نەکەنە کاری بوینە تانەی دۆس و دژمەن.ئاغەگەلیچ **شاکامیمان پێ بێژن** ! جاشتێ گەرەکمە بێژم من حەتا ئەگەر بمکەنە عزوی سادەی ئەسڵی یا عەلەلبەدەڵ فەرقم بۆ ناکا . بە قەولٚ حافز:

" مشک آن است کەخود بگوید، نە آنکە خودنگویدا"

من ئیتر قسەیکم نیە .

هێشتا قسەکە لە دەمی نەوریاو زلووبیای گەورەی تەپاندە دەمی وپالٚی داوەا چاو چاوی نادی! دووکەڵ سگار و بۆی پا وقورقێنەی پیاز وئاوگوشت "حەتمەن هێن پارشێو" تەنگەنەفەسمی کرد و هیلاک بووم !

تفم بەزۆر قووت ئەدا بیلاتەژبی هاتووە وەیەک . دوارە دمم هەڵمژی . وەک ئێوەش برامن کەسی **بێزگ کات** لچکەگەلم جەمەو بوونەو، قوتەو بوونەو. چوونەویەک وەلێ قووت نەدریا ! ئاخ برا رۆ ناچێتە خوارەو. شایەت هێن ئەو دوو پدلە شنگە بووێت وا لەماڵە کاکەما خواردم.ئای ئای ئەوانیچ خۆ عەمەر درێژ بن هەر وتیان بەهارە لەشنگ ورێواس و بەنا و گێلاخە وپاڵمە و هەمەگیا ، سەری تێ ئەکەن براژنم وا ئەیان هاڕێ ئەیژیتە لە**بەڕیەوە هاتگە**.

ئەیوت ئابرا !

– (بەمن ئیژی ئابرا)، تۆ هەزار ساڵە بی.دایکم وەسیەتی پێم کرد شنگ یا بەخواو یا بەسرکەو بخوەن ئەویچ کەمێ بۆدیان خراوە ناو سک پاک ئەکاتەوە.

وەلێ لەجیای رێواس بۆ دیان خاسە وبۆ ناو سک خراو. خۆلاسە هەروا کەقسە ئەکا **ئەی ماڵێ وئەیهاڕێ**.

ئەی هاوار ناچێتە خوارەوا ئەیژیتە تۆڵاشەس ! خوناق بگرن لەداخا وامە پێهات . شنگ چە و چت چە ! ئەمەسە ئەیژن **"بە کەر ناوێرێ بەکۆپان شێرە** ! "


ماسیم. دیقمکرد نازانم چ سرێکە لەم شارە بوزورگ و عەزیما کە بەقەو جەیحوونێک ئەوێ ، عەتار بە دوو بەیتی جواوت ئاتەو. خەیات وەختی ناوشان و ئەنازە ئەگرێ غەزەڵت بۆ ئەخوێنێ. پارچە فرۆش دوو گەز پارچەت بۆ دائەدڕێ لەجیای کاغەز کادۆ میراتیەکەتی تیا بپێچیتەوە ئەی نێتە ناو کوتێ کاغەز کایەشڕەا بۆچە؟ ئاخرغەزەلی تازەی خۆی تیا نووسیگە. وایچ چاو ئەوڕێتە ناو چاوت تا زات ئەکەی بێژی بوەخشە گەزی چەنێکت حەساو

کرد؟
داماگین بەخوا ،بەوبە ـ
ختین .دایک منالەکان بێ
عەیوی یە. لەو جەژنـــەو
ڕکی کردە وکولەم گەرەکـە.
وتم ئاخر دایک خاس باوک
خاس .خۆ **کوڕحاجی نەعمان**
نیم ،ساڵێ **کەواو کولەیکت**
بۆ بکەم! کردیە جواو:
" خوا لایق دیگ بەختیان
بەو بووە و منیچ بەختم
بوو بەمەو.خواو حەزرەت
عەباس بوونە بایس ئـەو
کەسە وامنیان نیاوا بـۆ
تۆ! غەوس بیکا ئـەویچـە
منی دایە تۆ **هەر شـەوێ**
قەورێ بناسێ! ،ئەی چۆن تا
شووم پێت نەکردوو **هەشت**
هەشتو ئەگوت؟ وەلــێ
ئیسە داوای کراس ئەکـەم
نیە! کەوا نیە! کولە نیە؟
واتە ئەزانی**چاوت چەرمـگ**
بوایێ ژنت نەهاوردایێ !"
چەی پێ بێژم ئێــوە
بواین چەتان ئەکرد؟ئاسمان
بەرز و زەوین سەخت .لـە
حێوەتا دوو سێ شیعری بۆ
ئەخوێنمەوە لە قەناعەتا.
وا مـۆرم لێ ئـەداتـەو
ئەیژیتە داوای ئیرسم لێ
ئەکا !لەحورسان دیانگەلی
ئەگیرنێتەیەکا. ئـەکاتـە
جواو."بیوڕەوەو نە تاقـەت
نەسیحەت وشیعرە شڕەکانتم
هەس نە کەواو کــولـەی
میراتیم گەرەکە!."
وەک چراتۆڕ دائەگرسم و
ئەیژم:
" ئیسە ئیتر شیعرەکانم
شڕن؟ ئەی چۆن ئەووەختە
وەک دوعا **ئەوژنتە** ئاواو
ڕۆژی سێ دەفعە ئـەونیـا
سەرەوەو هەڵت ئەقوڕاند؟
ئەو وەختە خاس بوون ؟
ئەووت: شیعر عیشق و
دڵداریەکانۆ ئەمخاتە بیر
باس " عشق وجوانی" شێخ
سەعدی" وەلێ ئیستە مـن
لە قەناعەتەو قسەو بـۆ
ئەکەم تۆ ئەیژی نەداری و
دەروێشی .گیانۆ دەرچوایێ
ژنۆ نەهاوردایێ! نازانم
هەرگ کوێ بکەمە ســەردا
بەدەس تووەو......"
کاشکای دەور هەرعەتار
و پارچەفرۆش وبەنا بوایێ
خوب .بەناحەقیە سحف تـا
ئێوارە هاوار ئەکا:
بابێ نیمە
بابێ پارە
دادەی چارەک
ئایەی ..... بابێ
ئاجور.
عەسڵەن خۆی وەزنــی
هەس .فۆرمی هەس،ئاهەنگی
هەس. شیعر نەوە! وەلـێ
داخ داخانم **وشتر چـەیـە**
بە عەلاقەبەنیەو. بێـژە
" ئاموحیب " تـۆ ئیتـر
بۆچە برا؟ ئاخر ماڵ کاول
تۆ چت تیا دوزیگـەسـەو
وا خوەتی بۆ ئەکوژی ؟
مەوچ و جانمازیش هەسیان
بەسەر شیعرەو بە گیان




عەزیزت بەمەرگ منالم لەم
شارا بۆ دوکتۆر ئەڕۆی ناو
نوسخەکەتا تەخمین ئەکەن
لەسەر غەزەل بووعەلی سینا
و عەتار! وەختێکیـــچ
ئەیژی مامە! بەسە!عەیبە!
ئۆف ئەکەن وئەیژن "حاشـا
لەم ولایەتە گەوهەرشناسی
تیا نیە! حەیف! ســەد
حەیف دائەنیشم شەو وەخت
خوەم ئەگرم. تێمە ناو
باڵکۆن . چش ئەکەم لـە
خەووماڵ وشۆفاژ و قورسی
خەو ئەنمە جێگەی ،ئێوەی
بەوبەخت شیعرتان بۆئەنووسم
ڕۆشنتان ئەکەمەوە وەلێ
ئێوە قەدرم نــازانـن
شیعرەکانم حەرامتان بێ!

دریژەی هەیە




تێبینی: لە پڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە ڕەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (ˇ) دانەنراوە واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، کوڵ، زۆڕ، شەڕ و.) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، کول، زور، شەر و.) دەنووسرێ



١- شاعیرێکی بەناوبانگی کورد کە پێش "گۆران" شیعری پەنجەی گوتووە و "شەو" یەکێک لەشیعرەکانی ئەوە ٢- دەنگی فرۆکە- خوشکی گەورە- حەرفی ئیزافەی کوردی ٣- بشێوێ وتەفرەقە ٤- حەسانەوە- بۆ بانگ کردن دەبێ بەڵام کەمکەس دەیڵێ - وردە وردە ڕاوەکەی وەختی هاتووە ٥ - درۆی ترکانە- پشیلەی شاری سنە- ناسۆرو گریمانە ٦- تووڕەیی - ...بەستوی تاوانبار- ڕەشەکەی ماڵ وێرانکەرە وسوورەکەی پیاوکوژ- ئی دودانە بەتامترە ٧- چەرچی بۆ دێهاتی دەبرد ٨- گوڵی شاعیرانە و بە قەولی شاعیر لەسەر "یەک قەدەمو دێدە چەقیوە"- خۆراکی چەوری ئاژەڵ لەزستاندا یاری چاو ٩- یاری یەکی کوردەواری یە و بە دوو دار دەکرێ - کردنی سونەت وجوابی فەرزە ١٠- وەتاغی مەڕ- لەو لاوەداوە وریابە تێی نەکەوی - هەگەر و بنۆس ١١- زانای پایەبەرزی کورد کە لەقەبی مەلێک ولکەلامی وەرگرتبوو هونەرمەندێکی بەناوبانگی کورد وبەیت بێژێکی دەنگ خۆشە وخوێنەرانی سروە باشی دەناسن ١٢- تاو تێ - ناوێک بۆکوڕ- فێنک وماندووحەسێنەوەیە ١٣- حاکم- فڵانی - وەخت ودەم ١٤- بەرز و نادیار- جوملە- نەڕێت ١٥- لە هەموو گۆنگەڵێک خۆ دەپارێزێ - دەستەی وەرزشی - بناخەی زمانی فارسی یە.

١- ناوچەیەکی پرپیت وبەرهەمە لە مەهاباد ویەک لە پێنج ناوچەی سەربەم شارستانەیە نووستوی بێ گرێ ٢- شەخس وپیر- ڕۆژی عەرەب ٣- گراوی لاسی ئەحمەدخان - زۆری جەنووب و هەوای شیماڵ- لەسەرەخۆ ١ ٤- وەڵامی ڕوو لە حەوا- هەموو شت هەیەتی - کانگەی گڵەسوور ٥- درشت نیە- شارێکی هەورامان - نازناوی شاعیری ڕووناکدڵی کورد ٦- بووکی جەنووب پێخوری کەم ئی برس پێ ناشکێ - چەمی گەورەی شاری سەقز ٧- گەڵاڵەیەکی ئامووزش وپەروەرشە بۆ قوتابی وبریتیە لە کاروزانست- گێژوکاس ٨- پسپۆر یکی یونانی قەدیم ٩- دۆشەگی لێک دراو- بیروباوەڕێکی نیشتمانخواری جیهانی عەرەبە و ماوەیەکی زۆر لایەنگری بوو کە بەناوی خاوەنی ئەم بیروباوەڕە کراوە ١٠- کایە- چەشنە داهاتێکی دەوڵەت - بە چەند دێ دەگوترێ ١١- خوو- بەرازی مێ - لە ئاش زۆر پێویستە ١٢- مردنی لەنەکاو- بەدەن ١٣- لە هەندەران بۆ پێوان بەکار دێ و ٩٢ سانتە- ئامێز- ژمارەیەکە ١٤- لق و پۆ ناوچەیەکی هەورامانی تەخت - چیایەکی بەرز لەکوردستانی تورکیا کە دەڵێن گەمیحەزرەتی نووح (د.خ) لەپاش تۆفان لەوێ گیرساوەتەوە ١٥- نازناوی شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە بە ناوی مەلا ساڵح کە لە خانەقای بورهان بووە ویەکێک لەشیعرە بەرزەکانی ئاوا دەست پێدەکا: "لە خەرمانی ئەمەل مێرووی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ" - نازناوی جەمیل سیدقی زانای پایەبەرزی کورد



لەنێو ئەو کەسانەدا کە پڕکراوەی ئەم ژمارەی سروەمان بۆ بنێرن، یەک کەس بەپێی پشک بەبەرەندە دەناسرێ. بە مەرجێک ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێ:

١- جەدوەلەکە بەخەتێکی خۆش بنووسری وا بێ پیتەکان بێنە خوێندنەوە.

٢- ئەسڵی جەدوەلەکەمان بۆ بنێرێ لەگەڵ کاغەزی دیکەدا بەشداری نادرێ.

٣- لانی زۆر پازدە ڕۆژ پاش دەرچوونی گۆڤار پڕکراوەی جەدوەلەکەی نارد بێ.

٤- پڕکراوەی جەدوەلەکە هەڵەی تێدا نەبێ.

جایزەی پڕکردنەوەی جەدوەل ساڵێک ئابوونمانی گۆڤاری سروەیە.

مەتەڵ

شیرنە و ترش دەبێ
ترشە و شیرن دەبێ

" [illegible] "

چنارێکم هەر لە چنارێکی
سەربانێکم هەیە لەسەربانێکی
قولەگۆچانێکم هەیە بەبزمارێکی

" [illegible] "

گای سوور
گای رەش دەردەکا

" [illegible] "

سەری سوورە عەلامەت
بنی قوولە قیامەت

" [illegible] "

کلاوی پالەوانی
بەهەموو مالان دەزانی

" [illegible] "

وشتر بەبارە نەفتەوە
هەرهەڵدەستا ودەکەوتەوە


" [illegible] "

پەندی پێشینیان

ئوسا بدە بەردا ساخو
بلا ملێ تە نەئێشە.
حەتا دەڤێ تە دقەرمە
بلا لنگێ تە بقەرمە.
گور چ زانە هێستر بهایە.
ئانگۆری تاسکێ چۆچکی لێدە.
هێک دز دبە هێشتر دز.
حەتا مرۆڤ بچووکا تییێ
نەکە، مرۆڤ مەزناتییێ نابینە.
مرۆڤ ب پی یان بشمتە
دکارە
خو بگرە ئەمما ب ئەزمان
بشمتە نکارە خو بگرە.
ئەگەر تو بەرانێ بسکۆ بای
تویێ لناڤ پەزێ باڤوبای.
ئەو مری هێژایی وێ شینێ
نینە.
ئەز هادکم دێ دمرە
ئەز هۆدکم باڤ دمرە.
ئەڤراز دنێرم سمبێلە
بەرژێر دنێرم ردینە.
بن مرا گلی وئاڤە، سەر
مرا رازا بی باڤە.
مرن مێڤانەکە کو دەرییێ
حەموویێ دکوتە.
سەری کو حاکم ببرە
خوون وێ نایێ.
ئەگەر ئوم پێنجن وەیان
شەشن، ئەم خولامێ دیزکارە-
شن.
بلا خودێ یار بە
بلا شوورێ مرۆڤ دار بە.

دەعبای گۆشتخۆر دندووکی
خوارە.
ئەگەر زمان لێ بگەڕێ
سەر بە رەحەتە.
گوریس بۆ مارانگاز مارە
ئاور تەڕوویشکی ناناسێ.
یا خودا دەبێ یا خورما
مەڕ بەپێی خۆی بزن بە
پێی خۆی.
مردوو بەگرین نازێتەوە.
ماڵ بەهاوار نابینیەوە
سۆ وەسۆ دەچێ.
گلۆڵە وە پۆ دەچێ
تەمبەڵی بەغدایە
قایل بە کایە
کاشیان نەدایە
سوار سوارە وپیادە پیادە
ئاش بە نۆرەیە
قەل وقەل، کۆتروکۆتر.
ماڵی خۆت توند بگرە
کەس بە دز مەگرە
خواردن ئاگای لە باران
نیە.
چۆمیش ئەگەر بەری نەگری
وشک دەبێ.
مەڕ بەرخی خۆی ناشێلێ.
گیا ئەوەیە بە دمی بزن
خۆش بێ.

رۆژێک قوتابی لە مامۆستای دەپرسی قوربان بە فارسی بەگێوژ دەڵێن چی ؟
مامۆستا کە بۆ وەرام دادەمێنێ دەڵێ دانیشە رۆڵە ئێستا کواوەرزی گێوژە ئێستا وەرزی تەماتەیە و بەتەماتەش دەڵێن «گوجە فرنگی»!



رۆژێک مامۆستا قوتابی بانگ دەکا ودەڵی بنووسە " تەیر" (طیر)
قوتابی نازانی بینووسێ . مامۆستا لێی دەدا و دەری دەکا . قوتابی بەگریانەوە دەچێتەوە ماڵ . دایکی لێی دەپرسێ بۆ دەگری ؟
دەڵێ "مامۆستا کوتی بنووسە "تەیر" نەمزانی و لێی دام.»
دایک کوتی :
" لەمنت نەکەوێ ئەگەر تەیرت نەدەزانی نووسیبات " تەیرەن ئەبابیل ! "



کابرایەک سواری وشتر دەبێ وقاوت دەخواو بایەکی توندیشی دێ. رێبوارێک بەتەنیشتی دا تێدەپەڕێ و لێی دەپرسێ :
" قوربان ئەوە چ دەخۆی ؟ "
وشترسوار جواب دەداتەوە :
" هەتا ئەو بایە لەو کونەوەبێ هیچ ! "



«بڕوس لی» پاڵەوانی کاراتەی دنیایە و زۆر بەناوبانگە .رۆژێک فەرهادم چاوپێکەوت شەڵواری " لی" دەبەر کردووە وبڕوسێکی لەبەر کەمەری چەقاندووە ! لێم پرسی:" فەرهاد ئەو بڕۆسە چیە لەبەر کەمەرت چەقاندووە؟"
کوتی :
" دەمەوێ ببمە بڕوس لی !! "



•••


پیرێژنێک لە گوندێک دەژیا وچەند هەتیوی بەخێو دەکرد. تەنیا مانگایەکیان بوو کە شیرەکەیان دەخوارد
رۆژێک مانگا مندار بۆوە. پیرێژن کەوڵی کردو کەوڵەکەی دابە سۆفی یەکی لەخودا ترس لە بازار، بۆی بفرۆشی .
سۆفی کەوڵی دابە چل قران پووڵی سپی و بەرەو گوند گەڕایەوە. لە رێگا پووڵەکەی لێ هەڵڕژا! ناو خۆڵەپۆتینەیەک . پووڵی کۆکردەوە وبژاردی ٣٩ قران بوو دووبارە گەڕا هیچی نەدیتەوە وپووڵەکەی دیسان بژاردەوە ٣٨ قران بوو . بەتووڕەیی پووڵی دەکیسە کردەوەو کوتی :
" هەرسێک تەڵاقم کەوێ ماڵی هەتیو نەبای ئەوەندەم دەبژاردی قرانێکت نەمابا ! "

فەرهەنگۆک

تی بوون :
تیهنی بوون ،تینووبوون .
پشک :
بەش . پار
گۆته :
وشه . پەیڤ .
برەک :
برێک ، دەستەیەک .
گەلۆ :
ئایا
ئوورسێت :
ئوورسات .یەکێتی سوڤێت .
وەرزگاری :
وەرزێری . جۆتیاری .
تەرشداری :
دامداری . خودان کرنا مەر و مالاتان .
ڤێره :
ئێره . ڤێ دەرێ .
هەیلۆ :
حەتا . تا .
قورتساندن :
قوتکرن . قرتاندن .
چق :
لک . شاخه .
ڤەژاندن :
پشکنین .
شرۆڤەکرن :
شیٚ کردنەوه .
ئاخین :
نالین
هێنژین :
خەونووچکه بردنەوه .


لەیلان :
سەراب . تراویلکه .
بەدەو :
جوان .جندی . خۆشـــک
خۆشکۆک .
سەقەم :
سرِ،سایەقه .
ور :
وێدەرێ . ل وێ . لەوێ .
حەیس و بەیس :
کەین و بەین .
بە تاشای دڵ :
بە ئارەزووی دڵ .
کەسێکم لەدەست زایە بووه :
کەسیکم کوشتووه .
بەروانکه :
بەرپێسیر ، کوتەپارچەیەک کە لەبن چەندی منـــداڵ را تاکۆشی دادەپوشی .
وارش :
دیوارە بەردی دەوری چاک و باغ و کانی .
ئامێته :
تێکەڵاو .ئاوێته (آمیخته) .
خێو :
ساحێب .خودان . خاوەن .
سواڵەت :
لەتکە گۆزه .گڵێنه (سفال) .
هەمانگێ :
بەزەحمەت .هەر ئەوەنـده بەزۆری .
مینا :
بینا . وەک .
هێورزه :
هەرا و بگر .بحەسه :
ئوندا :
ئاگادار بە.
ون . بزر . وندا
ڤەرەبووکردنەوه :
تێ هەڵێنانەوه .تۆڵەکردنەوه

جوربزه :
غیرەت ،شەهامەت ،کارامەیی
ملۆزم :
دژکار . (مزاحم)
مەیسەربوون :
جێ بە جێ بوون .مەیسەرکردن جێ بەجێ کردن .
کولەدار :
ئیستعمارگەر .
تۆره :
تۆرەمه . رەگەز .
هەڵس وکەوت :
هەوراز و نشێو .
دڵمەند :
دڵگیر .ناراضی .بەگلەیـــی.
دڵبەند :
عەلاقەمەند ، لایەنگر .
هەڵپه :
پەله .توندی . (شدت)
خۆ مەڵاس کردن :
خۆ ماتکردن .کەمین کردن.
تاوێر :
جاڵه . بەردی زل ،گاشه
خلار (خلۆر)کردنەوه :
بەردانەوه لە هەورازی بۆ نشیو.
پێگان :
ئەنکاوتن . لێدان بـــه گولله و تیر .
هاژان ، هەژان :
بەتوندی نەفەس کێشـــان جووڵانەوه .
گەردەلوول :
بای توند کە تۆزوخـــۆڵ بەرەو ئاسمان لوول دەکا .
تووتنەکەی خۆش بوو : سـاده بوو . بە ئاسانی فێڵی لـــێ دەکرا .




ئەنگوور :دیاری خالیدئیسماعیلی ـ مەهاباد

تاڤگە: دیاری خالیدقەلعەکووهی ـ بۆکان





تەنگی سەر :دیاری ئیقبال ئیبراهیمی ـ سنە



گوڵ : جەلال واهیم ـ شنۆ



خورینج: عوسمان رەسووڵی ـ خانێ

